# مەرگەساتی شا لیر

شانۆنامە

PDF4Kurd



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکە   شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

**ولیەم شەکسپیر**

# مەرگەساتی شا لیر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**شێرزاد حەسەن**

پێشەکی:

دانا ڕەئووف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: مەرگەساتی شا لیر
نووسینی: ولیەم شەکسپیر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٢٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٤٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# مەرگەساتی شا لیر

دانا ڕەئووف

## دەروازەیەک

ولیەم شەکسپیر (١٥٦٤–١٦١٦) بەشانۆنامەکانی دەروازەیەکی گەورە بە ڕووی شانۆی جیهانیدا دەکاتەوە، شەکسپیر خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانە و شانۆ فۆرم و شێوازێکی تر لە خۆ دەگرێت، هەر لەبەرئەوەشە سالآنە و لە هەموو جیهاندا و لەسەر هەموو شانۆکان، بە بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازەوە، شانۆنامەکانی شەکسپیر پێشکەش دەکرێن. هەروەها شانۆنامەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر هەموو زمانەکانی جیهان و بەمەش تاکە نووسەرێکە کە لە سەرانسەری جیهاندا زۆر بەئاسانی مەرزەکانی هەموو دنیای بەزاندووە.

زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەرەوان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە شەکسپیر تەنها مولْکی سەردەمێک نییە، بەڵکو هەموو چاخ و سەردەمێک دەتوانێ شەکسپیری خۆی بدۆزێتەوە.

هارۆڵد بلوم Harold Bloom پرۆفیسۆری ئەدەب و زانستە زمانەوانییەکانی زانکۆکانی ئەمەریکا، ئاماژەی ئەوە دەکات کە شەکسپیر وەک فەیلەسووفێک بنەماکانی ئەدەبێکی بەرزی ڕۆژئاوای دامەزراندووە. هەموو شتێک کە بەر لە شەکسپیر نووسراوە، تەنها دەروازەیەکە بۆ شەکسپیر، هەموو ئەو شاکارانەشی کە دوای ئەو



نووسراون، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شەکسپیریان بەسەرەوەیە.

شانۆنامەکانی شەکسپیر ڕۆڵ و پایەیەکی گەورەیان لە دەرەوەی بوارەکانی تری جیهانی ئەدەب و شانۆدا هەیە، زۆرجار شانۆنامەکانی لە بواری ڕامیاری و لە پێناوی بۆچوونەکانی سیاسەتمەدار و ڕووداوە سیاسییەکاندا سوودی لێ وەرگیراوە. لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، شانۆنامەکانی شەکسپیر، لە لایەن هەردوو بەرەی جەنگەوە، وەک ئامرازێکی پروپاگەندە بەکارهێنراون.

زۆر لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر بوونەتە بەشێک لە هۆشمەندی خەڵکی و زۆر بەئاسانی ژیانی ڕۆژانە بەهەندێ کارەکتەر و ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی شەکسپیرەوە دەبەسترێتەوە. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردانی شانۆیەکیان نەکردووە، دەزانن کە ڕۆمیۆ و ژولێت چیرۆکێکی شەکسپیرە. هەموو کارەساتێکی دڵتەزێنی نێوان دوو دڵداری گەنج دەبەسترێتەوە بەڕۆمیۆ و ژولێتەوە، ڕۆمیۆ و ژولێت بووەتە سمبولێکی دڵداری و بەرەنجامەکانی تایەفەگەری و شەڕی ناوخۆ.

لێدی ماکبێیس ئاماژەیەکە بۆ ئافرەتی بەهێز و هەروەها هەمیشە "کەللەسەرێک" شانۆنامەی هاملێتمان بیر دەخاتەوە. کەس نییە نەزانێت کە (من هەم یان نیم) ڕستەیەکی شەکسپیرە.

شەکسپیر زۆر بەساکاری توانیویەتی ئازار و ژانی مرۆڤ، گرفتە کۆمەلآیەتییەکان، دڵداری و ئافرەت و داوێن پیسیی، مەسەلە سیاسییەکان، دەسەلآت و گیروگرفتە دەروونییەکان، خود و پێناس و گەڕان بەدوای ڕاستی و گەوهەری شتەکان، مەسەلەکانی خێزان،

چینایەتی و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی، دەوڵەت و یاسا، هەژار و دەوڵەمەند، یاسا و مرۆڤی تاک، خیانەت و شەڕ و زۆرداری و دەسەڵاتی تاک.... هتد بەرجەستە بکات.

شەکسپیر لە ساڵەکانی دەیەی ١٥٩٠ بەدواوە وەک نووسەرێکی شانۆیی، بەتەواوەتی جێگای خۆی لە ڕەوتی شانۆکانی ئەو کاتی لەندەندا کردووەتەوە و وەک یەکێک لە شانۆنامەنووسە گەورەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

هەر لەم قۆناخەشدا، وڵاتی ئینگلیستان بەکاتێکی ناسک و دژواردا تێدەپەڕێت، شەکسپیر دەتوانێ ئەم قۆناخە وەک فرسەتێکی لەبار بۆ خۆی بەکار بێنێ و دەست بکات بەنووسینی شانۆنامە مێژوویییەکانی کە ڕاستەوخۆ لە مێژووی وڵاتەکەیەوە وەریان دەگرێ، تا لەو ڕێگایەوە هاوولاتییەکانی هێور بکاتەوە و ئارامییان پێ ببەخشێ. شەکسپیر هەر لەم قۆناخەدا هەندێ لە شانۆنامە کۆمیدییەکانیشی دەنووسێ.

## چەردەیەکی کورت لە ژیانی ولیەم شەکسپیر

شەکسپیر لە خێزانێکی بۆرژوازی و لە شارۆچکەی ستراتفۆرد لە دایک بووە، باوکی بەکاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، بەڵام زەرەر و زیانێکی گەورە دەکات و لە ئەنجامیشدا بەتەواوەتی نابووت بووە.

شەکسپیر ئافرەتێکی لە خۆی گەورەتر دەخوازێ، چەند منداڵێکیان دەبێت و دواجار لە ساڵی ١٥٨٥، لەگەڵ خێزانەکەیدا شاری ستراتفۆرد جێ دێڵن و دەچنە لەندەن و لەوێ بەتەواوەتی جێگیر دەبن. گەلێک چیرۆکی جیاواز هەن سەبارەت بەسەرەتای ژیانی شەکسپیر و گوزەرانکردنیان، بۆ نموونە هەندێک لەو سەرچاوانە دەڵێن کە



شەکسپیر وەک پاسەوانی ئەسپی گەورەپیاوانی بەردەرگای شانۆکان کاری کردووە، هەندێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شەکسپیر هەر لە سەرەتاوە، وەک بەردەستێک لە ناو هۆڵی شانۆکاندا هەڵسووڕاوە. بەو شێوەیە، ئەمیان بووبێت یان ئەوی تریان، سەرەتای ژیان و دەرامەتی ئەو خێزانە لە ڕێگای شانۆکانەوە بووە. شەکسپیر لە دوای سەرکەوتنی شانۆنامەکانی دەبێتە سەرپەرشتیارێکی گشتی بەرهەمهێنان و نەمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆی و لە دوای ساڵی ١٦٠٣یشەوە، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییەکانی ڕژێم و دەسەڵاتی پادشایەتی، خۆیی و گرووپە شانۆییەکەی دەبنە شانۆکارانی کۆشکی پادشایەتی The King’s men.

شەکسپیر لە ساڵی ١٦١٠ەوە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە ستراتفۆرد و لە ناوەندی شارەکەدا و لە یەکێک لە خانووە ڕازاوەکاندا، وەک هەموو یەکێک لە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو شارە دەژی. شەکسپیر لە ڕۆژی ٣ی ئەپریلی ١٦١٦دا و لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. هەرچەندە پەنجا و دوو ساڵ تەمەنێکی زۆر کەمە، بەڵام شەکسپیر فریای زۆر شت کەوتووە: لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە، لە تەمەنی سی ساڵیدا وەک نووسەرێکی گەورەی شانۆیی ناوبانگی دەرکردووە و لە دوای خۆیشی چل شانۆنامە، دیوانێکی شیعر و ژمارەیەکی زۆر سۆناتای بۆ جێهێشتووین. شەکسپیر شانۆنامەکانی لەسەر ڕاسپاردەی پادشا و گەورەپیاوانی کۆشک و شانۆ دەوڵەمەندەکان نووسیون.

شەکسپیر توانیویەتی بەشێوازێکی بەرز شێوە قسەکردنی چینە بەرزەکەی کۆمەڵ، وتووێژی ژیانی ڕۆژانە، زمانێکی شیعریی بەرز و

دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزی تێکەڵاو بکات. لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا، زمانە دەوڵەمەندەکەی شەکسپیر هەمەلایەنە و کۆمەڵێ سیمبولی قووڵ لە خۆ دەگرێت.

شەکسپیر توانیویەتی بەسەلیقەیەکی گەورە، سوود لە مێژوو و ترادیشۆنی وڵاتی ئینگلیستان وەربگرێت، سەرلەنوێ و بەشیعرێکی بەرز و لە دیدێکی نوێوە دایانبرێژێتەوە و ڕۆحێکی تری تا هەتاییان بەبەردا بکات. هەروەها چیرۆکە ئەفسانەیی و ڕۆمانتیکییەکانی نووسەرێکی ئینگلیزی وەک (جون لیلی) و شانۆنامەکانی کاری تێکردوون، ئەم نووسەرە یەکەم کەس بووە شانۆنامە و چیرۆکەکانی بەزمانی پەخشان نووسیوە. هەروەها بیروباوەڕی نووسەر و سیاسەتمەداری ئیتاڵی ماکیاڤیللی ١٤٦٩ – ١٥٢٧ لە شانۆنامەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە دەروازەی نووسینەکانی ماکیاڤیللییەوە چارەسەری بابەتە مێژووییەکان، ئاکار و ڕامیاری بۆ کارەکتەر و ڕووداوەکانی شانۆنامەکانی دۆزیوەتەوە. کارەکتەری (یاگۆ)ش لە ئۆتێللۆدا، باشترین نموونەی بیری ماکیاڤیللییە لە شانۆی شەکسپیردا.

کەسایەتییەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر کەسانی ڕاستەقینەن، کەسانێکن لە دەرەوەی چەمک و تێزەکانی (دەبێت و پێویستە وابێت) کار دەکەن، بەڵکو مرۆڤ خۆی چۆنە، هەرواش بەرجەستەی کردوون: مرۆڤ بەهەموو لایەنە دژوار و نادیارەکانییەوە، بەهەموو ڕووناکی و تاریکییە شاراوەکانییەوە. یان کۆت لە کتێبە گرنگەکەیدا (شەکسپیر هاوچەرخمانە) دەڵێت: "هاملێت، شا لیر، ڕیچاردی سێیەم، کەسانی سەر بەڕابردووی ناو کتێبە مێژووییەکان نین. ئۆتێللۆ و دەزدەمونە



کەسایەتی خەونەئامێزی ڕۆمانسی، یان جیهانێکی ئەبستراک و فەنتازیا نین. ڕووداوەکانی ئەو شانۆنامانە ڕاڤەیەکی ڕاستەوخۆ و چارەنووسسازی ئێمە و ڕووداوەکانمانە، ژیانی ئەو کارەکتەرانە پەیوەندی بەژیانی ئێمەوە هەیە، تراژیدیاکانیان تراژیدیای ئێمە و ئەم سەردەمەیە".

## لە کۆمیدیاوە بۆ تراژیدی

شەکسپیر تەنها شانۆنامەی تراژیدی نەنووسیوە، بەڵکو سەرەتای نووسینی بەکۆمەڵێ شانۆنامەی کۆمیدی دەست پێ دەکات، بەشانۆنامەی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین) A midsummer night's drem کە وا مەزندە دەکرێت لە نێوان ساڵەکانی ١٥٩٦ – ١٥٩٧دا نووسیویەتی، دەگاتە ئاستی ترۆپکی داهێنان. دوای ئەوە کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێت و بەشانۆنامە تراژیدیاکانیشی کۆتایی بەو ڕەوت و بزووتنەوە گەورە و مەزنە دەهێنێ.

شانۆنامە کۆمیدییەکانی کە لە ساڵی ١٥٩٥ەوە دەست پێ دەکات بریتیین لە: خەونی نیوەشەوێکی هاوین، شەوی دوانزەیەم، زریان، کۆمیدیای هەڵەکان.

شانۆنامە مێژووییەکانیشی لە ساڵی ١٥٩٠ەوە دەست پێ دەکات و گرنگترینیان بریتییە لە: شا هنری چوارەم (دوو بەشە)، شا هنری پێنجەم، هنری شەشەم (سێ بەشە)، شا ڕیچاردی دووەم، شا ڕیچاردی سێیەم، شا جۆن.

شانۆنامە تراژیدییەکانی لە ساڵی ١٦٠١ەوە دەست پێ دەکات و لە ساڵی ١٦٠٨دا کۆتاییان هاتووە. ئەم قۆناخەش دادەنرێت بەلووتکەی

بەرەو پێشەوەچوونی شانۆی شەکسپیر، گرنگترین بەرهەمە تراژیدیاکانیشی بریتین لە: هاملێت، سیزەر، ئۆتێلۆ، تیمونی ئەسینی، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترا، کاریۆلانس، شا لیر و ماکبس.

## چیرۆکێکی مێژوویی و ڕاستەقینەی ژیان و مەرگی شا لیر

شەکسپیر بەنووسینی شا لیر، وەک زۆربەی شانۆنامەکانی تری سوودی لە کتێبە کۆن و مێژووییەکان وەرگرتووە، بۆ سەرچاوەکانی شا لیر چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن، لەوانە کتێبە کۆنەکانی مێژووی ئینگلیستان و بەپێی ئەم سەرچاوانە شا لیر دەگەڕێتەوە سەر تراديشۆنە دێرینەکانی ئینگلیز و چارەنووسی ئەو پادشایە لەو تراديشۆن و کتێبانەدا باس کراون. هەروەها شانۆنامەیەکی تری زۆر کۆن هەبووە بەناوی (ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژووی شا لیر) کە بەتەواوەتی نازانرێت نووسەرەکەی کێ بووە، بەڵام بەپێی بۆچوونی لێکۆڵەرەوانی شانۆ، مێژووی نووسینی ئەو شانۆنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی شانزەیەم.

شا لیری شەکسپیریش بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٠٥دا نەمایش کراوە و دواتریش لە نێوان ساڵانی ١٦٢٣دا چاپ کراوە. شەکسپیریش لە سەرەتادا شانۆنامەکەی بەناوی (چیرۆکێکی مێژوویی و ڕاستەقینەی ژیان و مەرگی شا لیر) بڵاو کردووەتەوە.

لیر پادشایەکە لە زەمەنێکی زۆر دێرین و تاریکی چاخەکانی ناوەڕاستی وڵاتی ئینگلیستاندا دەژی. بەدەستێکی پۆڵایین، دڵڕەق و توندوتیژ وڵات دەبات بەڕێوە. پادشایەکە تاکڕەوانە بیر دەکاتەوە، ئەوەی ئەو بیەوێت، ئەوەی ئەو ئارەزووی لێ بێت و ئەو بڕیاری لەسەر



بدات جێبەجێ دەکرێت. ئەم پادشا دڵڕەقە بەزەبروزەنگە سێ کچی هەن و لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیەوێت دەست لە دەسەڵاتی پادشایەتی بکێشێتەوە و وڵاتەکەشی بەسەر هەر سێ کچەکەیدا دابەش بکات. شا لیری پیرەمێرد دەیەوێت لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا بەبەزم و سەما بژی و لە هەمان کاتدا شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات و ناونیشانە پادشایەتییەکەی بۆ خۆی بهێڵێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە سەد پیاو، سوارچاک و دەستوپێوەند لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. بۆ دەست لە دەسەڵات کێشانەوەش، خۆشەویستی کچەکانی دەکاتە تەرازووی ئەو دابەشکردنە، دابەشکردنێکی ڕواڵەت ئامێزانەی ڕووت و دوور لە بنەماکانی یاسا و لۆژیکی ئەقڵ. ئەم مەسەلەیەش بۆ هەردوو کچە گەورەکەی (گۆنریل و ریگن) زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ کچە بچووکە خۆشەویستەکەی (کۆردیلیا) وەڵامێکی گرانە و نازانێ چۆن خۆشەویستیی خۆی بۆ لیری پادشا و لیری باوک دەربڕێ.

## دابەشکردنی دەوڵەت

شانۆنامەی شا لیر بەوەسیەتنامەی شەکسپیر دادەنرێت، شەکسپیر لە شا لیردا هەموو تواناکانی خۆی بەکار هێناوە بۆ خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی تراژیدیایەکی گەورە، لەو تراژیدیایەدا ڕاستی و درۆ، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەڵات، پیربوون و بەساڵاچوون، سیفەتە گەوهەرییەکانی مرۆڤ و هەموو کەوتنەکانی ناوەوە و دەرەوەی، لە دیدێکی فەلسەفی و شانۆییی بەرزدا دەنەخشێنێ.

هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە دەوڵەت و کۆمەڵگاکەی شا لیر بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، لە دەسەڵاتێکی توندوتیژی سەنتەرەوە بۆ دەسەڵاتێکی بێ هێز و هەڵوەشاوەی پارچە پارچە کراو بەڕێ دەکەوێت. شا لیر خۆیشی دەبێتە قوربانییەکی گەورەی ئەو دابەشکردن و بەپەڕاوێز بوونە.

بەڵام ڕەوتی تراژیدیاکە و هەڵوەشاندنەوەی تێکڕای کۆمەڵگاکەی لیر لەم دابەشکردنەوە دەست پێ ناکات، هێندەی لە وەڵامە چاوەڕوان نەکراوەکەی کۆردیلیاوە سەرچاوە دەگرێت:

*لیر:*

تۆ دەڵێی چی تا بەشی سێیەم بەریتەوە
کە گەلێ بەخێرترە لە هی خوشکەکانت؟
قسە بکە...

کۆردیلیا:

هیچ گەورەم.

*لیر:*

هیچ؟

کۆردیلیا:

هیچ.

*لیر:*

هیچ لە هیچەوە دێ... قسە بکە... دەی.

کۆردیلیا:

وەی لە خۆم دڵتەنگێ کە ناتوانم
ڕازی دڵم بخەمە سەر زبانم:



گەورەم من ئێوەم خۆش دەوێ
خۆشەویستی فەرزەندێ بۆ باوکێ
نە کەم و نە زۆرتر.

*لیر:*

چۆن... چۆن کۆردیلیا..؟
تۆزێ ڕاوێژت چاکە...
با ئەوەی بەشتە کەم نەکا.

کۆردیلیا:

هۆ گەورەی بەمرووەتم
تۆ منت هێنایە دونیا، بەخێوت کردم،
خۆشت ویستم، دەبێ ئەو هەقانەت بدەمەوە..
ئەرکە لەسەرم ڕێزت بگرم،
خۆشتم بوێ.. ملکەچت بم
ئەی بۆ ئەو دوو خوشکەم شوویان کرد
گەر دەڵێن تەنیا تۆیان خۆش دەوێ؟
شادانە... ئەو کاتەی شوو دەکەم
ئەو مەزنەی دەست دەخاتە نێو دەستم
دیارە کە نیوەی خۆشەویستیم دەبا
نیوەی خولیا و خەیاڵ و خەونم،
دیارە کە هەرگیز وەک خوشکەکانم شوو ناکەم
بڵێم (باوکە هەر تەنها تۆی خۆشەویستم).

شا لیر کچەکانی و هەموو پیاوانی کۆشک کۆ دەکاتەوە تا بەئامادەبوونی ئەوان، بەپێی ئاستە جیا جیاکانی بنەمای خۆشەویستی کچەکانی، وڵاتەکەی دابەش بکات. بەڵام شا لیر ناتوانێ لە پاکی و ڕاستگۆیی کۆردیلیای کچی تێ بگات کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو پادشای هێندە خۆش دەوێت کە لە سنووری باوکایەتی خۆیدایە.

خۆشەویستیی کۆردیلیا بۆ شا لیری باوکی ناچێتە ناو بونیادی هیچ هاوکێشەیەکی واقیعی و شتە ڕواڵەتییەکانەوە. بەڵام لیر لەمە تێناگات و هێزی ئەو وەڵامەی کۆردیلیاش لە ئاکامدا گشت دەمامکەکان هەڵدەماڵێت و وڵاتیش بەرەو جەنگێکی ناوخۆ و داڕمان و هەڵوەشاندنەوە دەبات.

شا لیر لێرەدا ئەو هەڵە گەورە و کوشندەیە دەکات کە پێی وایە دەتوانێ واز لە دەسەڵات بهێنێ. ئەم دابەشکردنە دەبێتە هۆی کەوتنی تەواوەتی کەسایەتی خۆیی و کارەساتێکی گەورەش بۆ وڵات. شانۆنامەی شا لیر و بەپێی ئەم لۆژیکە دەیەوێت بڵێت کە: هیچ کەسێک ناتوانێت لەو بەرپرسیارێتییە ڕابکات، یان واز بێنێت کە خودا، سروشت و وڵات پێی بەخشیوە. شەکسپیر هەر لە دیمەنی یەکەمەوە، وەک سەرەتایەک، هەموو هێزە دژ بەیەکەکان دەخاتە ڕوو، لێرەشەوە هاوکێشە و هێڵە جیاوازەکان، وەک دوو لایەنی جیاوازی ململانێکان بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە. کێنت و پادشای فەڕەنسا، کە ئامادەی ئەو دابەشکردنەن، بەدڵنیاییەوە دەچنە پاڵ کۆردیلیا. گۆنریل و ریگن وەک دوو لایەنی بزوێنەری شەڕ، بێ دەنگیی دۆق کورنویل و ئەلبانی، کە مێردی گۆنریل و ریگن، دەقۆزنەوە و بەمەش ستركتوری



گشتی و هێڵەکانی تراژیدیاکە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت.

هاوشان لەگەڵ چارەنووسی لیر و کچەکانی، چیرۆکی (گلۆستر) و کوڕەکانی (ئێدگار و ئیدمۆند) بەرجەستە دەبێت. هەڵگەڕانەوە و پیلانەکانی ئیدمۆند، کە زۆڵە کوڕی گلۆسترە، تراژیدیاکە دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک. ئیدمۆند هەموو شتێک دەکات لە پێناوی دەسەڵاتدا: باوکی و براکەی دەکاتە قوربانی و لە خشتەیان دەبات، شا لیر لە کەسێکی بێ بەزەیی و کەللەڕەقەوە دەکاتە کەسێکی هەژاری بێ دەرەتان. هەروەها هەردوو کچەکەی لیر (گۆنریل و ریگن) هەڵدەخەڵەتێنێ و لە یەک کاتدا گەمەی خۆشەویستی لەگەڵ هەردووکیاندا دەکات.

یان کۆت لە (شەکسپیر هاوچەرخمانە) سەبارەت بە شا لیر دەڵێت: «شا لیر داهێنانێکی گەورەیە، لیر لەگەڵ مۆسیقای باخ و سیمفۆنیای پێنج و نۆی بیتهۆڤن، پارسیڤاڵی ڤاگنەر و دۆزەخی دانتێ و شاکارەکانی مایکل ئەنجلۆ بەراورد دەکرێت. ناوەڕۆکی شا لیر باسی دابەشبوونی جیهان و ڕووخانیمان بۆ دەکات. شا لیر وەک شانۆنامەیەکی مێژوویی بەدابەشکردنی وڵات و دەست کێشانەوە لە دەسەڵات دەست پێ دەکات، بەهەمان شێوە بەگەمەیەکی مێژووییش کۆتایی دێت: بەوەی کە پادشایەکی تر دەسەڵات دەگرێتە دەست. لە نێوان سەرەتا و کۆتاییدا شەڕێکی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ. بەڵام بەپێچەوانەی شانۆنامە مێژووییەکان و زۆربەی تراژیدیاکان، جیهان سەرلەنوێ بنیات نانرێتەوە. لە لیری پادشادا نە ئەو فۆرتینبراسە گەنجە هەیە کە بەهیچ شێوەیەک دوودڵ و ڕاڕا نییە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی دانیمارک، یان ئەو ئۆکتافیۆسە ساردوسڕەی کە دەبێتە

ئاگۆستێس سیزەر، یان مالکۆمێکی پیر کە لە دوای ڕووخانی ماکبێس دەگەڕێتەوە. لە کۆتایی شانۆنامە تراژیدی و گەمە مێژووییەکاندا عادەت وایە کە دەسەڵاتە تازەکان نەمایشی هێز و توانای خۆیان دەکەن. بەڵام لە شا لیردا هیچ شتێکی وا ڕوونادات. ئێدگار هیچ شتێکی نییە کە پێشکەشی بکات. هەموو کارەکتەرەکان مردوون یاخود کوژراون، ئەوانەشی لە ژیاندا ماون: ئێدگار، دۆق ئەلبانی و کێنت هەروەک لیر تەنها شاکارێکی تێکشکاوی سروشتن. لەو دوانزە کارەکتەرە سەرەکییەش، نیوەیان دادپەروەر و خێرخوازن، نیوەشیان زۆردار و شەڕخوازن؟ ئەم دابەشکردنەش بەهەمان شێوە ڕاست، لۆژیکی و ئەبستراکتە وەک لە بابەتە مۆرالییەکاندا هەیە. بەڵام جۆرە مۆرالێک کە لە ئاکامدا هەر هەموویان بەهەمان شێوە دەڕووخێن: ئاغا و دەرەبەگ، ڕاونراوەکان و ئەوانەشی کە ڕاوی کەسانی تریان ناوە، چەوساوە و چەوسێنەر. ئەم دیمەنانەش بەردەوام دەبێت تا شانۆکە بەتەواوەتی چۆڵ دەبێت...

لە سەرەتادا پادشایەک هەیە، وڵاتێک، وەزیرەکان و لە دواییشدا تەنها چوار سواڵکەر کە ڕێگایان بزر کردووە و بەناو باران و زریاندا دەڕۆن. کەوتن و دارمانەکە لەسەرخۆ و توندوتیژە: لە سەرەتادا لیر سەد دەستوپێوەندی هەیە، دوای ئەوە پەنجا، دواییش تەنها یەک کەس. کێنت، تەنها بەئاماژەیەکی تووڕەی شا لیر ، لە وڵات دەکرێتە دەرەوە. بەڵام پرۆسێسی کێشەکە هەمیشە هەر یەک شتە. هەموو ئەو شتانەی کە جیاوازییان لە نێواندا دەکرێت پێویستە لاببرێن: پلە و پایە، پێگەی کۆمەلایەتی و تەنانەت ناویش. تەنانەت ناویش گرنگ نییە. هەموو کەسێک تەنها بریتییە لە سێبەرەکەی خۆی. تەنها مرۆیەک».



کۆردیلیا شوو دەکات بەپادشای فەڕەنسا، وڵات جێ دێڵێ و لەسەر شانۆی ژیان دوور دەکەوێتەوە، شا لیر شێت دەبێت و گلۆستریش هەردوو چاوی لە دەست دەدات و هەوڵی خۆکوشتنیش دەدات.

گومانی تیا نییە کە هەڵوێستی شا لیر، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە دابەشکردنی وڵاتەکەی و لەسەر بنەمای ئاستی خۆشەویستی کچەکانی هەڵەیەکی گەورەیە و لە تراژیدیای شەکسپیردا بە(هەڵەی خۆشەویستی) ناوزەد دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێ کە پاڵەوانەکە خۆی ئامادەیی دەروونیی سەبارەت بەو هەڵەیە هەیە و هۆشیارە بەو کردارەی کە دەیکات. بەڵام شەکسپیر ئەو هەڵە خۆویستییە لەبار و هەڵوێستێکی چارەنووسئاسادا بەرجەستە دەکات، بەوەی کە پاڵەوانەکەی توانای ڕزگاربوون و پەشیمانبوونەوەی نەبێت و تەنها ڕێگا ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ئەو بەرئەنجام و چارەنووسە بێتەوە.

## لیری پادشا و لیری ڕووخاو

لە شانۆنامەی شا لیردا پاڵەوانی (لیر) بە سێ قۆناخی گرنگدا تێدەپەڕێت، تا لە بەرەنجامدا بەتەواوەتی دەڕووخێ: سەرەتا لیری پادشا و بەزەبروزەنگ، دوای دابەشکردنی وڵاتەکەی و بێبەریکردنی کۆردیلیا، لیر خۆی بەتەنیا دەبینێتەوە، لێرەوە لیر گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و دەبێتە مرۆڤێکی بیر قووڵ و لە جاران زیاتر دڵفراوانتر، دوا وێستگەش لیری شێت. پاڵەوانی تراژیدیاکانی شەکسپیر بەگشتی و شا لیر بەتایبەتی، کە بەو قۆناخە پڕ لە کارەساتانەدا تێدەپەڕن و گۆڕانکاری بنەڕەتی و گەورە بەسەر ڕەوتی

ژيانياندا دێت، وا لەو پاڵەوانانە دەكات كە زياتر لە ڕاستييە قووڵ و پەنهانەكانى گەردوون بگەن. لە شا ليردا، چەندە گرفتە دەروونييەكانى گەمارۆى بدەن، هێندە وەک كارەكتەرێكى تراژيدى پاكژ دەبێتەوە و دەگاتە ئاستێكى بەرز و زياتريش درک بەجيهان و ئەو هێزانەش دەكات كە چارەنووسى بەڕێوە دەبات. ليرى سەرەتا، بەهەموو مەزنيى تەختى پادشايەتى و لەشكر و دەستوپێوەندەكانييەوە، بەندى ناوەوەى خۆيەتى، خودى خۆى و هێزى دەسەڵات دەيبەستێتەوە و سنوورى هەڵسوكەوت و جووڵانەوەكانى ديارى دەكات. بەڵام ليرى كۆتايى، ئەو ليرەى پەلكێشى بەنديخانە دەكرێت، مرۆڤێكە لە ناوەوەى خۆيدا هەست بەسەربەستيى دەكات. شا لير بۆ يەكەمجار و لەو هەڵوێستە دژوارەدا و لە ژێر سێبەرى ڕژێمەكەيدا هەست بەچەوساندنەوە و پەژارە و ئازارەكانى مرۆڤ دەكات.

*لير:*

*ئەى نەگبەتانى ڕەش و ڕووت... كە لە هەر كوێيەک بن*
*ئەى ئەوانەى بە ڕووى ستەمى ئەم ڕەشەبايە دەوەستن*
*ئێوە چۆن بەرگەى زوڵمى وەرزەكان دەگرن*
*ئێوە كە سەربانێک بەسەر سەرتانەوە نييە...*
*بێ نان و ئاو ئەى ئەوانەى بەرگ و سيپاڵتان هەلا هەلايە..؟*
*ئاه.. چەند كەمتەرخەم بووم سەبارەت بەوانە*
*هۆ... كەش و فش... دەرمانەكەت هەڵقوڕێنە*
*دەى تۆيش خۆت بخەرە بەردەم ستەمى ڕۆژگار*
*تا هەست بەهەمان مەينەتى چەوساوەكان بكەيت*
*تا چيت لێ زيادە لێت بكەوێ*
*تا وەكو ئاسمان پتر هەقدۆست و دادپەروەر بێ...*

مەرگەساتى شا لير

لير لەو بارودۆخەدا، دواى هەڵوێستى پڕ لە ژانى هەردوو كچەكەى، خۆى لە سووچێكى ئەم جيهانەدا زۆر بەتەنيا و دوور لە هەموو كەسێک دەبينێتەوە، هەست بەكوشندەيى و ئازارى تەنيايى دەكات، ئەم بارەش چارەنووسە و هێزى سروشت دەيسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا.

## گورزى سروشت يان تۆڵە لە لير

سروشت هەميشە هاوكێشەيەكى بابەتييانەيە لە تراژيدياكانى شەكسپيردا و ڕۆڵێكى گەورەيان هەيە: يان ئەوەتا لەگەڵ بارودۆخى مرۆڤدا دەگونجێت، يان بەپێچەوانەوە زۆر بەتوندى، بێ بەزەيى دژى مرۆڤ دەبێتەوە.

ليرى تەنيا و پير و پەككەوتە، ڕووتوقووت، بەبێ دەسەڵات ڕووبەڕووى هێزى كوشندەى سروشت دەبێتەوە. هێزى بێ سنوورى سروشت، بەتايبەتييش لە شا ليردا، دەروازەيەكى گرنگى تەرازوو و ڕووبەڕووبوونەوەى دەسەڵات و تێكشكاندنييەتى، بەهەمان شێوە هێزى ململانێى مرۆڤ و نەمانى بەهاكانيشە. ديمەنى زريانەكەش لە شانۆنامەى شا ليردا يەكێكە لە ديمەنە هەرە بەرزەكان و هەر ئەم ديمەنەشە، وەک هێزێكى گەورەى دەسەڵاتى سروشت، لير بەرەو شێتيى دەبات. لەم ديمەنەدا لير تاک و تەنيا بەرەو ڕووى چارەنووسى خۆى دەبێتەوە، زريانەكەش سمبولێكى هەڵچوونى زريانى ناوەوەى ئەو پادشا تەنيا و خەمبار و كڵۆڵەيە و هەموو زۆردارىى و دڵڕەقيى دەوروبەرەكەى تێدا ڕەنگ دەداتەوە:

*شا لیر:*

*دەی با و بۆران و ڕەشەباکان هەڵیکەن..*
*دەبا لالغاوەتان هەڵزڕێ*
*ئەی تۆف و زریان... ئاوی ئاسمان دە داکەن*
*با سەرتۆپی باڵەخانە بەرزەکان و گومەزەکانیش نقوم بن*
*تۆش ئەی ئاگری کبریت کە فیکرئاسا هەموو شوێنێک دەتەنیت*
*ئێوەش ئەی ئەو برووسک و چەخماخەی داربەڕووەکان لەتوپەت دەکەن*
*دەی ئەم سەر و ڕیشە سپییەم ئاگردەن*
*تۆش ئەی گەواڵەی بەتاو و لەرزە*
*بازنەیی ئەم دونیا پڕە تەخت کە*
*چی قاڵبی سروشت هەیە تێکی بشکێنە*
*هەموو تۆوێکیش بە"با" کە کە مرۆڤی سپڵە دروست کا*

مەرگەساتی شا لیر

شێتبوونی شا لیر مانای ونبوون و لە دەستدانی هۆش و هەست و نەمانی درک پێکردن بەڕووداوەکان نییە، بەڵکو ئەو شێتییە وای لێ دەکات زیاتر درک بەو بارودۆخەی دەوروبەری و جیهان و گەردوونیش بکات. شێتبوونی لیر ئەزموونی ژیانی چڕ دەکاتەوە، مانایەکی قووڵی پێ دەبەخشێ و دەیخاتە بەردەم ڕاستییەکان. لیر چەندە شێتە هێندەش هۆشیارە، لەو بارودۆخەدا لە خۆی دەڕوانێ، بەناوەوەی خۆیدا ڕۆ دەچێ و پرسیاری بوون و نەبوون دەکات.

*شا لیر:*

*ئەرێ کەس هەیە لێرە بمناسێ؟ نابێ ئەوە لیر بێ.*



*ئاخۆ لیر وا بەڕێوە دەڕوا ...؟ ئاوا دەدوێ...؟ کوا چاوەکانی...؟*
*عەقڵی زەعیف و... هەست و نەستیشی*
*ئیفلیج بووە... ها... تۆ بڵێی من وەئاگا بم؟ نەخێر... کێ دەتوانێ پێم بڵێ من کێم...؟*

*باڵوول:*

*سێبەری لیر.*

مەرگەساتی شا لیر

لێبوک یان باڵوول وەک لەم وەرگێڕانەدا بەکار هاتووە، تاکە کارەکتەرێکە کە لە سەرەتای گەشتەکەی شا لیرەوە، هاوشان، هاوڕێ و هاودەمی لیرە تا کۆتایی. کەسایەتی لێبوک "گاڵتەجاڕ" ڕۆڵێکی گەورە لە زۆربەی تراژیدیاکانی شەکسپیردا دەگێڕێت، بەڵام ڕۆڵی لێبوک لە شانۆنامەی شا لیردا، مەودایەکی فراوانی فیکری و هونەری هەیە و پەیوەندییەکی سەیر و نامۆ، لیر و گاڵتەجاڕەکەی و لەسەر دوو ئاستی جیاواز لە بۆتەی سۆزێکی گەرمی باوکانە و حاڵەتێکی گرژ و تاڵدا کۆ دەکاتەوە. هۆشمەندی لێبوک، حاڵەتی شێتیی، نامۆیی و هەڵچوونی ناوەوەی (هاملێت)ە، دەنگی هۆش و ئاوازێکی غەمگینە. ئەوەی لێبوک لە ڕووداوەکانی شا لیردا دەیڵێت لە وتەی هەموو کەسایەتییەکانی تر بەماناتر، قووڵتر و هۆشیارانەترە. هەندێک جار شا لیر ڕێگا بە لێبوکەکەی دەدا تا گاڵتەی پێ بکات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە شا لیر خۆی شایەنی بەزەییە. کارەکتەری لێبوک ڕووکارێکی تری شا لیرە، ویژدانی لیر، خەونەکانی و هەموو ئەو مۆتەکانەشی کە چۆکیان بەسەر سنگیدا داداوە.

*بالّوولّ:*

*ورد گویّ بگره... مامه،*
*زۆرتر بێڵەوە لەوەی کە دەری دەبڕیت*
*کەمتر بدویّ لەوەی کە دەیزانیت*
*لەوە کەمتر ببەخشە کە هەتە*
*لێخوڕە تا ئەو شوێنەی لە تواناتایە*
*فێر بە پتر لەوەی کە دەیزانیت*
*لەوە پتر گل بدەرەوە کە دەیبەخشیت*
*واز لە ئارەق بێنە و لە سۆزانی گەڕیّ*
*دەرگا داخە و مەچۆرە دەریّ*
*ئەوسا لە هەر بستێک کە هەتە*
*دوو "دە"ی تری دێتە سەریّ.*

مەرگەساتی شا لیر

لێبوک ڕووە فەلسەفییەکەی شا لیرە و مەودایەکی گەلیّ قووڵ و پتەوی بەخشیوەتە شانۆنامەکە، گەشتەکەی لێبوک گەشتێکی گەلیّ گران و پڕ لە ژان و ئازارە، گەشتی خۆشی و ناخۆشییە، ڕەنگدانەوەی لیرە و ئاوازێکی خەمبار و ئاوێنەیەکی ڕاستی ڕووداوەکانە. هەر ئەم لێبوکەشە کە دەتوانیّ ڕاستەوخۆ لەگەڵ لیر قسە بکات، بیری بخاتەوە کە ئەو ئێستا پادشا نییە و لە دووڕێیانێکی چارەنووسسازانەدا تەنها و بیّ کەس گیری خواردووە.

*بالّوولّ:*

*ئەو کاتەی کە تۆ جحێڵێکی جوان بوویت*
*گوێت بە ڕووگرژی ئەم نەدەدا*



*ئێستاش کە تۆ سفری دوای ژمارەیت..*
*من گەلیّ لە تۆ چاکترم، من بالّوولّم، تۆش هیچ نیت*

مەرگەساتی شا لیر

## گەمەی پێناس و خودی ڕاستەقینە

هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەم و لە دوای وەڵامەکەی کۆردیلیاوە گۆڕانکاری گەورە لە ڕێچکە و چارەنووسی کارەکتەرەکاندا ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکارییانەش دەروازەیەکی تراژیدی بە ڕووی کارەکتەر و ڕووداوەکاندا دەکاتەوە و چارەنووسی یەک بەیەکی کەسایەتییەکانیش دیاری دەکات.

کێنت شاربەدەر دەکرێت و دواتر ڕۆڵی شێت دەبینیّ، ئێدگار وەک شێت خۆی پیشان ئەدات و لیریش شێت دەبێت. بەڵام ڕووداوەکان هەندیّ لە کارەکتەرەکان ناچار دەکات کە پێناس و سیمای خۆیان بگۆڕن، تا بتوانن لە ڕووداوەکاندا بمێننەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن و لە هەمان کاتدا کاریگەریشیان هەبێت.

دوای ئەوەی شا لیر دەست لە دەسەڵات دەکێشێتەوە، کێنت هەرچەندە بەر نەعلەتی تووڕەیی پادشا دەکەوێت، لەبەرئەوەی بەرگری لە کۆردیلیا دەکات، بەڵام بەجلوبەرگێکی خواستراوەوە، تا کەس نەیناسێتەوە، شوێن پادشا دەکەوێت و چاودێری ڕووداوەکان و چارەنووسی لیر دەکات. بەهەمان شێوە ئێدگاری کوڕی گلۆستر، دوای ئەوەی بەپیلانی ئیدمۆندی زۆڵەکوڕی گلۆستر تاوانبار دەکرێت، هەروەکو کێنت لە جلوبەرگێکی تردا خۆی دەگۆڕیّ تا لە ڕاوەدوونان و لەناوبردن خۆی بپارێزێت.

ئەم کەسایەتییانە و لیریش پێناس و ناوی تایبەتی و ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست ئەدەن، بەڵام دان بەکارەساتەکانی جیهان و چارەنووسە ڕەش و دیاریکراوەکاندا نانێن و دەیانەوێت بیگۆڕن.

ئێدگار لە نێو ئەم کارەکتەرانەدا، لە هەموویان هۆشیارترە، بۆیە لە کۆتاییدا هەر ئەم دەسەڵات دەگرێتە دەست و شانۆنامەکەش هەر بەوتەیەکی ئەو کۆتایی دێت.

ئێدگار:

*دەبێ ملکەچی سەنگی ئەم زەمەنە غەمگینە بین*
*ئەوەی هەستی پێ دەکەین بیڵێین... نەک ئەوەی کە دەبێ بیڵێین*
*لە هەموومان پیرتر زیاتری چەشت*
*ئێمەی جحێڵ ئەوە نابینین کە ئەم بینی*
*نا... قەتیش بەقەد ئەو ناژین*

مەرگەساتی شا لیر

## مەرگی کۆردیلیا و کۆتایی بازنەکانی شەڕ

بە مردنی کۆردیلیا بەتەواوەتی بازنەی شەڕ لە شانۆنامەکەدا دادەخرێت و کۆتایی بەهەموو شتەکان دێت. کۆردیلیا بەسوپایەکی گەورەوە دەگەڕێتەوە تا فریای باوکی بکەوێت و لە دەست خوشکەکانی و لەو کێشە ئاڵۆزە ڕزگاری بکات. بەڵام کۆردیلیا دەگیرێ و لەگەڵ لیری باوکی و بەبڕیاری ئیدمۆند پەلکێشی بەندیخانە دەکرێن، لیر و کۆردیلیا سەرلەنوێ و لە بارودۆخێکی تردا یەکتر دەبیننەوە. لیر لەم هەڵوێستەدا گەورەیی خۆشەویستیی کۆردیلیای کچی و جیاوازی لەگەڵ خوشکەکانیدا بۆ دەردەکەوێت. کە لیر سەرلەنوێ هەست



بەسۆزی خۆشەویستیی کۆردیلیای کچی دەکات، ئەقڵ و هۆشی هاوسەنگ دەبێتەوە، تەنانەت ڕووداوەکانی دوای ئەوەش ئارامیی لیر ناشێوێنن، کە دەنێردرێن بۆ بەندیخانەش، دەڵێت:

*لیر:*

*نا... نا... نا... وەرە با بەیەکەوە بچینە زیندانەوە*
*هەردوو بەجووت وەک دوو چۆلەکەی نێو قەفەز بچریکێنین*
*کاتێکیش داوای بەرەکەت لە من دەکەیت... دێمە سەر چۆک*
*من داوای بەخشندەییت لێ دەکەم... ئاوا دەژین*
*نوێژ دەکەین، گۆرانی دەچڕین، حەکایەتە کۆنەکان دەگێڕینەوە... پێدەکەنین*
*بەدەم پەپوولە ڕەنگینەکانەوە دەخەنین... گوێ لەو چەوساوانە دەگرین*
*کە لە پادشا و میرەکان دەدوێن... ئێمەیش لەگەڵیان دەدوێین*
*کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێ، لە دەرەوە و... لە ناوەوە*

مەرگەساتی شا لیر

ئێدمۆند تا دوا ساتەکانی تراژیدیاکە بەردەوامە لە چنینی تۆڕی تاوانەکانیدا، هەر لێرەوە بڕیاری کوشتنی کۆردیلیا ئەدات، بەڵام دۆق ئەلبانی پەردە لەسەر پیلانەکانی ئێدمۆند هەڵدەماڵێ و هەوڵ ئەدات کۆردیلیا و لیری باوکی ڕزگار بکات. بەڵام کۆردیلیا لە بەندیخانە دەمرێت و شا لیریش وەک چیایەکی بەفرین دەتوێتەوە.

مردنەکەی کۆردیلیا نموونەیەکی بەرزی قوربانیدانە و زۆر جیاوازە لە هەردوو مردنی (دەزدەمونە و ئەنتیگۆنا)، هەرچەندە زۆر لە

لێکۆڵەرەوە شانۆییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە جۆرە لێکچوونێک لە نێوان مەرگی کۆردیلیا، دەزدەمونە و ئەنتیگۆنادا هەیە. لیریش دەیەوێت بە دوا وشەکانی، بە هەست و سۆزی، بە لۆژیکی باوکایەتی و چارەنووسی ڕۆژگار، ژیان بە بەری کۆردیلیادا بکاتەوە:

*لیر:*

*ئا ئەو پەڕەموچە دەجووڵێ... زیندووە*

*گەرچی بێت و زیندوو بێ*

*چ خەم و مەینەتی کە چەشتوومە لە یادم دەچێ و.... برینەکانم سارێژ دەبن.*

مەرگەساتی شا لیر

## ئەکتەرەکان

لیر.. پادشای بەریتانیا

پادشای فەرەنسا

دۆقی بێرگەرندی

دۆقی کۆرنۆڵ – مێردی ریگن

دۆق ئەلبانی– مێردی گۆنریل

ئێرل–ی کێنت

ئێرل–ی گلۆستر

ئێدگار– کوڕی گلۆستر

ئیدمۆند– زۆڵە کوڕی گلۆستر

کێرن.. یەکێک لە پیاوانی کۆشک

پیرەمێردێک.. پیاوی گلۆستر–ە

پزیشک

باڵوول

ئۆزواڵد– سەرۆکی خزمەتکارانی گۆنریل

ئەفسەرێک: کاربەدەستە لای ئیدمۆند

یاوەرێک کە لە خزمەتی کۆردیلیا–یە

جاڕچی



خزمەتکارانی کۆرنۆڵ

گۆنریل

ریگن ] هەرسێکیان کچی شا لیر–ن

کۆردیلیا

لەگەڵ کۆمەڵێ لە سوارچاکانی شا لیر و، کۆمەڵێ ئەفسەر و پەیامنێر و سەرباز و کارەکەر و دەستوپێوەند.

**دیمەن:**

**بەریتانیا لە سەردەمی بێ ئاینی یان بتپەرستیدا.**

# پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

(کێنت و گلۆستەر و ئێدمۆند زۆڵە کوڕی گلۆستەر دێنە ژووری)

کێنت:

من وای بۆ چووم کە پادشا زیاتر بەلای "دۆقی ئەلبانی"دا بیشکێنێتەوە نەک بەلای "کۆرنۆڵ".

گلۆستەر:

ئێمەش هەر وای بۆ چووین: بەڵام ئێستا کە مەملەکەتەکە دابەش کرا.. لەوە دەچێ وەکو یەک سەیریانی کردبێ.. چونکە هەردوو بەشەکە وا تەرازوو کراون کە ئەمیان لەوی تریان سەنگینتر نەبێ.

کێنت:

گەورەم ئەوەیان کوڕی تۆ نییە؟

گلۆستەر:

بەڵێ قوربان.. من خۆم بەرپرسیارم لە لەدایکبوونی. عومرێ بوو پێم شەوورەیی بوو دانی پێدا بنێم تا وام لێ هات بێ شەرمانە گوێی نەدەمێ.

کێنت:

تێت نەگەیشتم



گلۆستەر:

قوربان دایکی ئەم کوڕە لاوە تێم گەیشت، تا سکی کەوتە بەردەمی.. جا قوربان بەر لەوەی مێردێک بۆ نێو پێخەفەکەی پەیدا بێ.. کوڕێکی بۆ بێشکەکەی پەیدا کرد.. لەوەدا بۆنی هیچ گوناهێک دەکەی..؟

کێنت:

من قەت ئەوە ناخوازم گوناهی وا ڕوو نەدا مادامەکێ بەرەکەی ئاوا چاک و پوختە.

گلۆستەر:

بەڵام گەورەم.. من کوڕێکی دیکەم هەیە کە حەڵاڵزادەیە و ساڵێک لەمەیان گەورەترە... گەرچی لەبەر دڵیشم ئازیزتر نییە، ئەم بیژمۆتەش کە زادەی هەوەسبازیم بوو بێ ئەوەی بمەوێ هاتە دونیا: وەلێ دایکی گەلێ شۆخ بوو.. دەبێ دان بەو کوڕی فاحیشەیەدا بنێم... ئای زادەی چ لەزەتێک بوو ئەم هەتیوە.. ئێدمۆند.. تۆ ئەم بەڕێزە دەناسیت؟

ئێدمۆند:

نەخێر گەورەم.

گلۆستەر:

ئاغای گەورەم

کێنت:

لەمڕۆ بەدواوە بیرت نەچێ کە ئەم هاوڕێیەکی خۆشەویستمە.

ئێدمۆند:

لە خزمەتدام گەورەم.

کێنت:

دەبێ من تۆم خۆش بوێ.. هەوڵیش دەدەم چاکتر بتناسم.

ئیدمۆند:

قوربان.. منیش هەوڵ دەدەم شایستەی ئەوە بم.

گلۆستر:

نۆ ساڵان لە ئێمە دوور بوو.. دیسانەوە بەنیازە لێمان دوور کەوێتەوە. ئەوە پادشاش هات.

(سەدای شەیپوور، یەکێکیان دێتە ژوورێ و تاجۆکەیەکی هەڵگرتووە.. پاشان " لیر" وەدەردەکەوێ، دۆقی ئەلبانی، کۆرنۆڵ، گۆنریل، ریگن، کۆردیلیا و دواجار دەستوپێوەندەکان.)

لیر:

ئا گلۆستر.. دۆقی فەرەنسا و دۆقی بێرگندی بانگ کە ژوورەوە.

گلۆستر:

دەرحاڵ گەورەم.

(گلۆستر و ئیدمۆند دەچنە دەرێ.)

لیر:

ئا ئێستە چیمان مەبەستە ئاشکرای دەکەین.

ئاتۆ ئەم نەخشەیەم بەرێ.

بزانن کە مەملەکەتمان کرد بە سێ بەشەوە:

سووریشین لەسەر ئەوەی.. چی ئەرک و گێچەڵ هەیە لە خۆمانی بتەکێنین.

پیر بووین و.. ئیتر با ببێ بەباری جحێڵان.



لەو کاتەی ئێمەی بار سووک ڕووەو مەرگ دەخزێین.

کۆرنۆڵ ڕۆڵەم.. تۆش ئەلبانی کوڕەکەم..

تۆ کە بەقەد ئەو ئازیزی لامان.

ئەمێستا تەواوێ ئارەزوومە کە ڕایگەیەنم.

هەر کچە و مارەیی چۆنە و چەندی پێ ڕەوا دەبینم..

نەبا سبەی ڕۆژێ.. ببێ بە کێشە و ململانێ.

ئەوەتا خۆ دەبینن شازادەی فەرەنسا و بێرگەندی.

لەسەر حەزی کچە چکۆلانەکەمان کەوتوونەتە یەکدی.

دەمێکە دەخوازن ڕەزامەندی ئێمە وە دەست بهێنن.

هەر لێرەش وەڵامی ئێمە دەبیستن. پێم بڵێن کچەکانم.

(مادامەکێ ئێستا واز لە تەخت و تاراج دێنین واز لە هەردوو لا.. لە موڵک و ماڵ و سامان.. لە خەم و گرفتی حوکمڕان) پێم بڵێن کامەتان ئێمەی پتر خۆش دەوێ...

تا بەرەکەتی زۆری ئێمە بڕژێ بەسەر ئەوەدا

کە جگە لە خۆشەویستی باوک هی فەرزەندەکانیشی دەچێتە سەر.

گۆنریل.. کە تۆ نۆبەرەی یەکەم جار بدوێ.

گۆنریل:

گەورەم.. خۆشم دەوێی لەوە پتر کە قسە.. دەری بڕێ.

پتر لە دیدە و مەودا و سەربەستی

پتر لە هەموو شتێکی سەنگین و دەگمەن

بارستایی ژیان نا کەمتر

ژیانێک بە بەها و جوان.. پڕ لە شکۆ و تەندروستی
تا ئەو حەلەی فەرزەندێ باوکی خۆش بوێ...
یا باوکێک کە هەستی پێ کردبێ.
خۆشەویستییەک هەناسە لە گەروودا بتاسێنێ.. قسە و زبان کورتی بێنێ
پتر لەوانە و بەدوورتریش خۆشم دەوێی.

کۆردیلیا:
ئەی کەواتە کۆردیلیا چ بڵێ؟ خۆشت بوێ و.. بێ دەنگ بە لێی.

لیر:
(لەسەر نەخشە)
ئا هەموو ئەو دەوروبەرە.. لەم تخووبەوە بۆ ئەم تخووبە
هەرچی تیایە.. لە دارستانی چڕ و کێڵگە و زەوی بەپیت و بەرەکەت
جۆگە و ڕووباری بێ شومار.. لەوەڕگای بێ سەر و سنوور
ئا هەر هەموو ئەوانە تۆ دەبی بە خاوەنیان
بۆ تۆ و نەوەکانتان..
لە تەک ئەلبانی هاوسەرتان
تاوەکو دونیا دونیایە.
ئەی تۆ ریگن–ی زێدە ئازیز
خێزانی کۆرنۆڵ.. کچی دووەممان چی لە دڵدایە...؟

ریگن:
دیارە منیش وەک خوشکەکەم هەمان توخمم



دەبا چی بەر دەکەوێ... بەر منیش کەوێ
لە ناخەوە...
هەستم کرد بەزمانی حاڵی من دەدوێ
هەمان خۆشەویستی..
گەرچی حەزم نەدەکرد وا کورتی بێنێ
چونکێ دوژمنم کەیف و سەفایە
کەیفێک کە لە ژێر ڕکێفی هەستدایە
تەنها لە سایەی موحیبەتی تۆی پایەدار
زۆر ئاسوودەم.. ئەوی تر "با"یە.

کۆردیلیا:
(لابەلا)
کەواتە بەستەزمانیت کۆردیلیا،
بەڵام نا، چونکێ من دڵنیام لەوەی خۆشەویستیم لە زبانم سەنگینترە.

لیر: با سێیەکی مەملەکەتە ڕەنگینەکەمان..
تا ئەبەد بۆ تۆ و بۆ نەوەکانت بێ.
بارتەقای گۆنریل.. نا کەمتر
پان و پۆڕ.. بەبەرەکەت و دڵخۆشکەر
ئێستاش نۆرەی تۆیە ئەی نووری دیدەمان
گەرچی لەوان چکۆلەتری.. وەلێ بارتەقای ئەوان.. خۆشەویستی

ئەی ئەو کەسەی لەسەر خۆشەویستی ساوات
ڕەزەکانی فەرەنسا و لەوەڕگاکانی بێرگەندی
ململانێیانە و کەوتوونەتە یەکدی
هەردوو شازادەش ویساڵی تۆیان مەتڵەبە
تۆ دەڵیی چی تا بەشی سێیەم بەریتەوە
کە گەلێ بەخێرترە لە هی خوشکەکانت؟
قسە بکە....

کۆردیلیا:

هیچ گەورەم.

لیر:

هیچ..؟

کۆردیلیا:

هیچ.

لیر:

هیچ لە هیچەوە دێ... قسە بکە.. دەی.

کۆردیلیا:

وەی لە خۆم دڵتەنگێ کە ناتوانم
رازی دڵم بخەمە سەر زبانم:
گەورەم من ئێوەم خۆش دەوێ...
خۆشەویستی فەرزەندێ بۆ باوکی
نە کەم و نە زۆرتر.



لیر:

چۆن.. چۆن کۆردیلیا...؟
تۆزێ ڕاوێژت چا کە..
با ئەوەی بەشتە کەم نەکا.

کۆردیلیا:

هۆ گەورەی بەمرووەتم
تۆ منت هێنایە دونیا، بەخێوت کردم،
خۆشت ویستم، دەبێ ئەو هەقانەت بدەمەوە...
ئەرکە لەسەرم ڕێزت بگرم،
خۆشتم بوێ.. ملکەچت بم
ئەی بۆ ئەو دوو خوشکەم شوویان کرد.
گەر دەڵێن تەنیا تۆیان خۆش دەوێ؟
شادانە.. ئەو کاتەی شوو دەکەم
ئەو مەزنەی دەست دەخاتە نێو دەستم
دیارە کە نیوەی خۆشەویستیم دەبا
نیوەی خولیا و خەیاڵ و خەونم،
دیارە کە هەرگیز وەک خوشکەکانم شوو ناکەم
بڵێم (باوکە هەر تەنها تۆی خۆشەویستم)

لیر:

بەڵام دڵت بەروەستی دەدا؟

کۆردیلیا:

بەڵێ گەورەم

لیر:

ئەوەندە جحێڵ ئەوەندەش دڵڕەق؟

کۆردیلیا:

جحێڵ و ساوا.. گەورەم.. بەڵام ڕاستگۆ.

لیر:

با وابێ.. با ڕاستگۆیی بەشە مارەیی تۆ بێ:
چۆن سوێند بەڕووناهی و پیرۆزی خۆرەتاو
سوێند بەنهێنییەکانی شەو و "هیکاتی"
سوێند بەو هەموو ئەستێرانەی
زیندەگی و مەرگی مەیان پێ پەیوەستە
سوێند بێ لە سۆزی باوکایەتیم خۆش بم
لە پەیوەستی خوێن و فەرزەندی
لەمڕۆ بەدواوە بەدوور لە دڵم
غەریب و نەناس لێت دەڕوانم
دەبێ (سکیسی)یە بنیادەمخۆرەکان
یا ئەوەی گۆشتی باوک و دایکی دەخاتە سەر خوان و...
چڵێسانە پارووی لێ بادەدا
شەرت بێ لە بەردڵم لە تۆ خۆشەویستتر بن
نزیکتر.. فریادڕەس و بەسۆزتر بن
ئەی ئەو کەسەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کچی من بوویت.

کێنت:

گەورەم...



لیر:

بێ دەنگ بە.. کێنت...
خۆت مەخە بەینی عەزیا و گڕی تووڕەبوونی...
لە هەموویانم پتر خۆش ئەویست.. وتم دونیام بۆ چییە..
با ئەو بەناز پەروەردە بێ. لاچۆ لە بەرچاوانم...
خۆت بەدوور بگرە لە نیگاکانم.
کەواتە با گۆڕەکەم ببێ بەمەنزڵگای ئارامم
مادامەکێ..
دڵی باوکانەی من لەبری ئەو..
دەبێ بە هی یەکێکی دی
ئا بانگی کەن.. پادشای فەرەنسا... دەی کێ دەجووڵێ...؟
دۆقی بێرگەند-یش با بێ، کۆرنۆڵ و ئەلبانی
لەگەڵ هەردوو بەشی ژنەکانتان...
با بەشی سێیەمیش هەر بۆ ئێوە بێ
با ئەو فیزەی، کە ئەم ناوی دەنێ سادەیی،
با بەمێردی بێ
جگە لە هێز چی دەسەڵاتم هەیە...
با بۆ ئێوە بێ
سەرەڕای دەبدەبە و شکۆمەندی
سەبارەت بەخۆشمان سەد سوار دێڵینەوە...
کە خزمەتیان لەسەر ئێوە بێ

خۆم و ئەو دەستوپێوەندەش..
هەر مانگی لای یەکێکتان دەگیرسێینەوە
حوکم و بوودجە و پاشایەتی هەموو کاروبارێک.. هی ئێوەیە
تەنها ناو و ڕێورەسمی پاشایەتی گل ئەدەینەوە
کوڕە خۆشەویستەکانم.. بۆ سەلماندنی ئەوە
ها ئەمە تاج و بیکەن بەدوو بەشەوە.

کێنت:

سەروەرم لیر....
ئەی ئەو کەسەی هەمیشە وەک پادشایەک...
شانازیم پێوە کردووی
وەک باوکێک خۆشم ویستووی
وەک گەورەیەک شوێن پێم هەڵگرتووی
لە نوێژەکانما وەک پشت و پەنا و موریدێک... حازر بووی...

لیر:

تیر لە کەواندایە و... تۆ خۆت لادە...

کێنت:

با دەرچێت، گەرچی دەیدا لە دڵم
مادامەکێ "لیر" خۆی شێت دەکا
با "کێنت" بێ شەرم و حەیا بێ
پیرەمێرد... تۆ نیازتە چی بکەی..؟
تۆ وادەزانی ئەرک و فەرمان وادەکەن
نەوێری قسە بکەی..



ئەو کاتەی دەسەڵات ملکەچی ڕیاکاری دەبێ...؟
بەڵام نا.. کاتێ هیچی سواری سەری شکۆمەندی دەبێ
شەرەف لەوەدایە قسە لە ڕوو بێ..
نەکەی حوکمی خۆت لە دەست بدەی
بۆ هەڵەشەی وا بەپەلە و ترسناک...
ئامان... ئارامت بێ و جڵەو شل نەکەی
دەبا ژیانی منیش بارمتەی قسەکانم بێ:
خۆشەویستی کچە چکۆلانەکەت لە هی ئەوان کەمتر نییە
ئەو کەسانەش بەدڵ سارد مەزانە کە بەچرپە..
بۆت دەدوێن...
چونکێ چرپە، لە بۆشایی، بێ سەدایە.

لیر:

با بەس بێ کێنت... ژیانی خۆت مەفەوتێنە

کێنت:

ژیانی من جگە لە بارمتە و قوربانی هیچی دی نەبووە
ڕەهنی وەستان بە ڕووی دوژمنەکانت با نەمێنێ...
گەر سەلامەتیت ئامانج بێ.

لیر:

لاچۆ لە بەرچاوم.

کێنت:

چاکتر چاوم تێ بڕە لیر

با هەمیشە جێی سەرنج و مەبەستت بم.

لیر:

سوێندم بە"ئەپۆلۆ"

کێنت:

سوێند بەئەپۆلۆ.. پادشا

تۆ لە هیچە سوێند بەخواکانت دەخۆی.

لیر:

نامەردی کافر. (دەست بۆ شمشێرەکەی دەبا)

ئەلبانی و کۆرنۆڵ

ئارامت بێ گەورەم

کێنت:

ئادەی.. پزیشکی خۆت بکوژە و

چیت هەیە لەو دەردە لەعنەتییە خەرجی کە

هەر چییەکت داومەتێ لێم وەرگرەوە.

ئەگینا تا گەرووم هەڵیدەگرێ... هاوار دەکەم و دەڵێم:

کارێکی خەراپ و نابەجێت کرد.

لیر:

گوێم لێ بگرە... خیانەتکار

گەر هێشتا ملکەچی فەرمانی ئێمەیت..

گوێ بگرە... مادامەکێ ویستت پەیمان شکێن بین. کە قەت ناکرێ لەوانە بین،



مادامەکێ بەفیزێکی دەستکردەوە..

خۆت خستە نێوان حوکمی بڕیار و.. دەسەڵاتمان

کە نە خووی ئێمەیە و.. نە شیاوە بۆ مەقاممان

بۆ سەپاندنی ئەو دەسەڵاتەش... هانێ.. ئەوە سزاتان:

خۆت کۆکەرەوە.. تەنها پێنج ڕۆژت لە بەردەمدایە

دەرفەتە.. خۆت بپارێزی لە بەڵا و ناگەهانی ئەم دونیایە

ڕۆژی شەشەم سەری چەپەڵت هەڵدەگری و.. ئەم مەملەکەتە جێ دێڵی.

بۆ ڕۆژی دەیەم گەر تۆی تڕۆکراو

هەر مایتەوە لەم دەوروبەرە

ئەوە بزانە کە لەناوچوونت مسۆگەرە

دەی دەرەوە...

سوێند بەجوپیتەر لەم قەولە پەشیمان نەبینەوە

کێنت:

ماڵئاوا پادشام... گەر ئارەزووت وایە

سەربەستی وا لە شوێنی تر و... ئێرە مەنفایە

(ڕوو دەکاتە کۆردیلیا)

ئەی کچە پاکیزەکە...

داوامە خواکان بتخەنە پەنای خۆیان

چونکێ بیرت ڕاستە و هەقت درکاند

(ڕوو دەکاتە گۆنریل و ریگن)

ئێوەش... نزاخوازم.. ئەم قسە قەڵەوانە بەکردار بسەلمێنن،
لەبری ئەو هەموو موحیببەتە ڕەفتارێک بەجێ بێنن.
ئێستاش.. ئەی میر و شازادەکان.
کێنت پێتان دەڵێ: ماڵئاوا
لە وڵاتێکی تر و.. لەسەر هەمان ڕێڕەوی جارانی دەڕوا.
(دەچێتە دەرێ)
(شەیپوور. گلۆستر لەگەڵ پادشای فەرەنسا و دۆقی بێرگەندی
و دەستوپێوەندەکان دێنە ژوورێ).

گلۆستر:

سەروەرەی پایە بەرزمان...
فەرەنسا و بێرگەندی ئەوەتان

لیر:

قوربان.. شازادەی بێرگەندی.
یەکەم جار ڕووی قسەم لە تۆیە
تۆ کە لەگەڵ ئەم پادشایە..
لەسەر ویساڵی کچەکەم کەتوونەتە یەکدی
کەمترین بەشە مارەیی چییە
کە گەرەکتە لەگەڵیا وەریبگری
کە گەر ئەوە نەبێ پەڕی ئەم عیشقە ئەدڕێ؟

بێرگەندی:

خاوەن شکۆ



لەوەی زیاتر کە داوتانە تەماعگیر نیم
لەوەش کەمتر ئێوە نایکەن.

لیر:

ڕاستە... ئەی بێرگەندی بەشەرافەت.
ئەو کاتەی لەبەر دیدەی ئێمە زێدە ئازیز بوو...
لە دڵیشەوە هەروا بوو.
وەلێ ئێستا تەواوی بەهای دابەزیوە:
گەورەم.. ئەوەتا وا لەوێ وەستاوە
گەر شتێ لەم شتە..
یا هەر هەمووی سەرنجی تۆ ڕادەکێشێ
لەتەک نارەحەتیمان با پیرۆزت بێ
گەر خۆت ڕازیت... لەوە زیاتر نا
بڕۆ هی خۆت.. ئەوەتا لەوێ

بێرگەندی:

من قسەم نییە.

لیر:

گەرەکتە.. لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییەی..
کە هەیەتی
بێ هاوڕێ و هاودەم.. غەریقی بوغزی ئێمە
نەفرەتی ئێمە بەشیەتی
سوێندیشمان لێ خوارد لیێ بێ بەرین

ئە ئاوا.. تۆ دەتەوێ یان جێی دێڵی..؟

بێرگەندی:

ببوورە.. خاوەن شکۆی سەروەرم

بەو مەرجانە بێ... کەس ژن ناهێنێ.

لیر:

کەواتە جێی بێڵە گەورەم..

چونکێ سوێند بێ بەو کەسەی منی دروست کرد

ئەوە هەموو سامانی کچەیە... ئاشکرام کرد

(ڕوو دەکاتە پادشای فەرەنسا)

تۆش ئەی پادشای مەزنی فەرەنسا

کە لام ئازیزیت.. لانادەم لە خۆشەویستی

ئەو کەسەت لێ مارە ناکەم کە ڕقم لێیەتی

بۆیە تکات لێ دەکەم.. ڕوو بکەیتە کەسێ

کە شایستەی خۆت بێ

نەک ناکەسێ.. کە سروشت پێی شەرمە دانی پیا بنێ.

پادشای فەرەنسا:

ئەوەیان گەلێ سەیرە

ئەوەی تۆزێ لەمەوبەر زێدە جەرگت بوو

جێی ستایش.. سوکنایی عومری زۆرت بوو..

لە هەموویان ئازیزتر... چاکتر... ئاوا لە چاوترووکانێکا

کارێکی ئاوا پیس و ناشیرین بکا.. وا لە تۆ بکا



لە ڕەزامەندی خۆت بێ بەری بکەی:

دیارە دەبێ گوناهەکەی ئەوەندە ناجۆر بێ

کە لە بەرچاوی تۆ وەک دێو و درنج بنوێنێ

یا ئەوەتا ئەو موحیبەتەی پێشووی تۆ

کەمی و تێکچوونە لە خودی خۆت

قەت بڕواش ناکەم ئەو وابێ

چونکێ بێ موعجیزە

عەقڵ ناتوانێ هیچ بڕوایەک لە منا بچێنێ.

کۆردیلیا:

لەگەڵ ئەوەش من لە خاوەن شکۆ دەپاڕێمەوە

گەرچی لە هونەری خۆ بردنە پێشەوە نازانم

هونەری قسەی زۆر و کردەش هیچ...

چونکێ گەر نیازم شتێ بووبێ کردوومە..

بەر لەوەی لێی بدوێم..

دەمەوێ بەهەموو خەڵکی ڕاگەیەنن

ئەوەی منی لە سۆزی ئێوە بێ بەری کرد

گوناهێکی وا ناجۆر نەبوو کوشتن، یا فاحیشە

نەکاری بێ جێ.. یا هەر شتێ کە مایەی شوورەیی بێ

تەنها ئەوەیە لە شتێ بێ بەشم..

کە کۆڵێ پێی دەوڵەمەنم

چاوێ کە هەمیشە لە سواڵدا بێ...

زبانێک مایەی خۆشحاڵیمە.. کە نیمە
گەرچی نەبوونییەکەی... لە سۆز و موحیبەتی ئێوەی کردم

لیر:

وا باشتر بوو...
لە دایک نەبوویتایە... نەک ئاوا نیگەرانم... وا چاکتر بوو

پادشای فەرەنسا:

هەر ئەوەندە و هیچی تر؟
ئاخۆ ترسی کەسێک زبان کلیل دەدا
ئەوە نەڵێ کە بڕیاری خۆی داوە بیڵێ؟
گەورەم.. لۆردی بێرگەندی
نیازتە چی بڵێی سەبارەت بەو خانمە؟
ئەوە بزانە کە خۆشەویستی نابێ بەخۆشەویستی
گەر تێکەڵ بەحیساب و کیتاب بێ
یا لە گەوهەری خۆشەویستی خۆی بەدوور بێ
ئێستا بڕیاری چیت دا.. دەتەوێ.؟
ئەم خانمە خۆی لە خۆیدا میراتێکە... لە کڕین نایە.

بێرگەندی:

پادشای سەروەرم..
هەر ئەو بەشەمان بەرێ کە پێشنیارت کرد
هەر لێرە دەستی کۆردیلیا دەخەمە ناو دەستم
دەیکەم بەشاژنی بێرگەندی.





لیر:

نەخێر. من سوێندم خوارد و پەشیمان نیم..

بێرگەندی:

کەواتە من بەداخەوەم بە لە دەستدانی باوکێک
تۆ دەبێ مێردێکیشت لە کیس بڕوا..

کۆردیلیا:

بێرگەندی.. بڕۆ خواحافیزت
مادامەکێ خۆشەویستی بەماڵ و سامانە لای تۆ..
مەحاڵە من ببمە ژنی تۆ.

پادشای فەرەنسا:

کۆردیلیای جوان، تۆ دەوڵەمەندی چونکێ هەژاریت
هەڵبژاردەی مادامەکێ تەریک کراویت
خۆشەویستی مادامەکێ فڕێ دراویت
وا من لێرە بەتۆ و بەو شتە جوانانەت
شانازی دەکەم و... خۆ هەڵدەواسم:
با مەیسەر بێ من ئەوە هەڵگرمەوە
کە کەسانی دیکە فڕێی دەدەن
ئەی خوداوەندان... خوداوەندان.. چ سەیرە
کە ئەوان چەند ساردتر فەرامۆشی دەکەن
خۆشەویستی لای من کڵپە دەکا و
زیاتر گەرمی دەکەن

پادشام کچە بێ بەشەکەی تۆ کە ڕێکەوت فرێی دایە باوەشم
دەبێ بەشاژنی ئێمە... هەموومان... شاژنی جوانی
وڵاتەکەمان
هەر هەموو شازادەکانی بێرگەندی پڕ چەم و ڕووبار
ناتوانن ئەم پاکیزە بێ هاوتا و فەرامۆش کراوە... لە من بستێنن
کۆردیلیا پێیان بڵێ ماڵئاوا... گەرچی دڵڕەق بوون لەگەڵتا
گەر تۆ ئێرەت لە دەست دا
ئەوە بزانە شوێنێکی چاکتر چاوەڕێت دەکا.

لیر:

کەواتە بردت فەرەنسا.. دەبا ئەوە پیرۆزت بێ
چونکێ نە کچی وامان هەیە و...
نە جارێکی دیش چاومان بەچاوی دەکەوێ
کەواتە بڕۆن.. بێ بەری لە خۆشی و خێرمان
لە خۆشەویستی و لە بەرەکەتمان
فەرموو بڕۆین.. بێرگەندی پایە بڵندمان.
(سەدای شەیپوور. هەموو دەچنە دەرێ.. تەنها پادشای فەرەنسا نەبێ... لەگەڵ گۆنریل و ریگن و کۆردیلیا)

پادشای فەرەنسا:

ماڵئاوایی لە خوشکەکانت کە.

کۆردیلیا:

ئەی جووت گەوهەرەکەی باوکمان
وا کۆردیلیا جێتان دێڵێ بەدوو چاوی پڕ لە گریان



من چاک دەزانم ئێوە چۆن.. دەتانناسم..
وەک خوشکێک پێم ئەستەمە..
هەڵە و گوناهەکانتان بژمێرم
تکایە باوکمتان خۆش بوێ.
من دەیخەمەوە نێو دڵتان... کە خۆشەویستیتان پێ درکاند
بەڵام ئەفسووس.. گەر لەبەر دڵی ڕەش نەدەبووم
دیارە شوێنێکی چاکترمان بۆ هەڵبژارد
ماڵئاوا... لە هەردووکتان

ریگن:

تۆ هەقی ئەوەت نییە فەرمانمان بۆ دەرکەی

گۆنریل:

با خەمی تۆ..
ئەوە بێ ئاغاکەت ڕازی بکەی..
ئەوەی وەک خێرێک.. یا دەستکەوتێکی بەڕێکەوت
تۆی دەستگیر بوو.
تۆ کە سەرپێچیت کرد و گوێڕایەڵ نەبوویت
هەقەمستی وا بێ دەستی
مادامەکێ بێ دەربەستی.

کۆردیلیا:

ئەوەی بەفرۆفێڵ شارایەوە
زەمانە دەری دەخا..
گوناهەکان بزر دەکا.. تا دوایی.. بەگۆبەندێک بتەقێتەوە.

گەر نەمری...... دەیبینیتەوە!

پادشای فەرەنسا:

کۆردیلیای نازدارم با بڕۆین.

(پادشای فەرەنسا و کۆردیلیا دەچنە دەرێ)

گۆنریل:

خوشکێ... قسەم زۆر سەبارەت بەو شتانەی هەردووکمان دەگرێتەوە وا بزانم ئەمشەو باوکمان لێرە نامێنێ.

ریگن:

هەڵبەت.. لەگەڵ ئێوە دێ... مانگەکەی تریش لای منە.

گۆنریل:

دەبینی بەم تەمەنە چی بەسەر هاتووە...

وا زوو زوو ڕا دەگۆڕێ،

ئەوەی دیمان کەم نییە،

ئەو هەمیشە کۆردیلیای لە ئێمە خۆشتر دەویست،

هەر ئاوا بەسووکە بڕیارێک خۆی لێ بێ بەری کرد...

مەسەلەکە.. تا بڵێی قورسە.

ریگن:

دەردە پیرییە، لەگەڵ ئەوەش..

ئەم قەت بەباشی خۆی نەناسیوە.

گۆنریل:

ئەو لە ڕۆژانی کە هۆشمەند و ساغ بوو



هەموو ژیانی هەڵەشەیی بوو

دیارە بەم پیرییە نەک ئەو کەمییەی خووی پێوە گرتووە..

بەڵکو لەوەش زیاتر چاوەڕێکەین

جگە لە هەوا و کەللەرەقی بێ مانا

کە عومرێکی زۆر تووڕەیی و هیلاکی بۆ دەکا بەبار.

ریگن:

لەوانەیە کتوپڕ شتی تریشی لی بەدەرکەوێ

وەک تڕۆکردنی"کێنت" کە کردی.

گۆنریل:

هێشتا ڕێورەسمی زۆر ماوە لە بەینی ئەم و پادشای فەرەنسادا..

ڕێورەسمی بەڕێکردن...

تکایە با بەیەکەوە بیری لێ بکەینەوە...

ئەگەر باوکمان بەم حاڵەوە هەر حوکم بەدەست بێ

دیارە ئەم وازهێنانەی دواییشی بۆ ئێمە مایەی سەرئێشە دەبێ.

ریگن:

باشە دوایی چاکتر لەوە دەکۆڵینەوە

گۆنریل:

نا دەبێ شتێ بکەین.. کە هێشتا ئاسنەکە گەرمە.

(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی دووەم

(قەڵای لۆرد گلۆستر، ئیدمۆند دێتە ژوورێ و نامەیەکی بەدەستەوەیە)

ئیدمۆند:

ئەی سروشت.. تۆ خوداوەندی منی
یاساکەشت.. منم پەیوەستی
کەوابێ بۆ خۆم نەریتێکی مردوو ببەستمەوە
بۆ لێ بگەڕێم یاساغ و نایاساغی کەسانی دی
بێ بەشم کا لەو هەقەی خۆم
هەر تەنها لەبەرئەوەی دوانزە یان چواردە مانگ
لە دوای براکەمەوە لە دایک بووم؟
بۆ بڵێن زۆڵ؟ سووک تێم بڕوانن؟
کە من لەشولارێکی ڕێکم بێ
نەفس بەرز و ڕەسەن شێوە
وەک ڕۆڵەی هەر ئافرەتێکی داوێن پاک؟
بۆ سووکایەتی دەخەنە پاڵم؟
سووکایەتی ئەوەی کە زۆڵ بم؟
سووکایەتی... سووکایەتی؟
ئێمە کە لە دزە شەهوەتێکی سروشت دەخوڵقێین
گەلێ تێکەڵتر.. ویستیشمان توندوتیژتر
لەوەی کە خوڵقانی عەشیرەتێک لە گەلحۆکان بیەوێ
لە نێو پێخەفێکی ماندوو، بێزارکەر... ساردوسڕ



لە نێوان وە ئاگاهاتن و خەوتندا..؟
کەواتە" ئێدگار"ی حەڵاڵزادە با زەوییەکانت بۆ من بێ
*خۆشەویستی باوکمان بۆ ئێدمۆندی زۆڵ*
هەمان خۆشەویستی بێ بۆ کوڕە حەڵاڵزادەکەی
حەڵاڵزادە... ئای لەو وشە جوانە
برا حەڵاڵزادە دەکەم... گەر ئەم نامەیەم کاری خۆی بکا
فێڵەکەشم سەربگرێ.. ئەوسا ئێدمۆندی مەقام سووک
دەگاتە پایەی برا حەڵاڵزادەکەی : گەورە دەبم... دەوڵەمەند
ئێستاش.. ئەی خوداوەندەکان.. دەست دەنە حەرامزادەکان.

(گلۆستر دێتە ژوورێ)

گلۆستر:

دوورخستنەوەی "کێنت" بەم چەشنە
ڕۆیشتنی پادشای فەرەنسا بەزویری
ماڵئاوایی پادشا هەر ئەمشەو...
وازهێنانی لە حوکم و چاو نزکردنەوەی لە یارمەتی
ئا ئەم هەموو بەزمە لە چاوترووکاندنێکا...؟
ئێستاش ئیدمۆند.. ها چی هەیە بیڵێ...؟

ئیدمۆند:

بۆ ئاسوودەییت گەورەم... هیچ

گلۆستر:

ئەی بۆ وا بەترس ئەو نامەیە دەشاریتەوە؟

ئیدمۆند:

گەورەم.. هیچ هەواڵێکم لا نییە.

گلۆستر:

ئەی ئەو کاغەزە چی بوو دەتخوێندەوە...؟

ئیدمۆند:

هیچ گەورەم.

گلۆستر:

نا..؟ کەواتە بۆ وا بەترسەوە
وا بەپەلە دەیخەیتەوە باخەڵت؟
گەر مەسەلەکە هیچە پێویست بەشاردنەوە ناکا...
ئا بێنە.. گەر هیچ بێ پێویستم بەچاویلکە نابێ.

ئیدمۆند:

گەورەم.. تکات لێ دەکەم لەوەیان بمبوورە.
نامەیەکە لە براکەمەوە هەموویم نەخوێندۆتەوە
بەوردی، ئەوەندەشی کە خوێندوومەتەوە
وابزانم بەکەڵکی ئەوە نایە تۆ سەیری بکەی.

گلۆستر:

نامەکەم بەرێ.. قوربان.

ئیدمۆند:

تازە بیدەمێ یان بیشارمەوە هەر هەڵەیە:
ناوەڕۆکەکەی وەک من تێی گەیشتم دەبێتە مایەی گلەیی



گلۆستر:

بیهێنە بابیبینم.. بیهێنە.

ئیدمۆند:

(نامەکەی دەداتێ) تکایە... وەک پاکانەیەک بۆ براکەم.. ئەمەی وەک بابەتێک نووسیوە.. یا ئەوەیە ویستوویەتی بزانێ بایی چەند جوامێرم.

گلۆستر:

(دەیخوێنێتەوە) "ئا ئەم حاڵە.. ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان
لە پیرییەتی وا دەکا لەم عومرە جوانەدا
دونیامان لە بەرچاو تاریک بێ:
لێناگەڕێ خێر و خۆشی لەو میراتییە ببینین
تا وای لێ دێ پیر دەبین و ئیتر ئەوسا تامی تیا نامێنێ.
ئێستا دەبینم ئەو ملکەچییە بێ سەمەرە و گەلحۆیانەی ئێمە کە هیچ خێری نییە... ملکەچی ستەمکارێکی پیر و کەنەفت کە توانیویەتی لێمان خوڕێ... هی ئەوە نییە کە بەهێز بێ.... بەڵکو هی ئەوەیە کە ئێمە بێ غیرەت و ملکەچین. وەرە لام تا زیاترت بۆ باس بکەم، گەر باوکمان بۆی بلوێ بنوێ تا لە خەو وە ئاگای دێنم.. ئەو حەلە با نیوەی گەنجینە و بوودجەی تا ئەبەد هی تۆ بێ.. هەر بمێنێت و خۆشەویستی براکەت بێ. ئێدگار..."
ئمم.. پیلانە؟ بنوێ تا لە خەو وەئاگای دێنم.. ئەو حەلە نیوەی ماڵەکەی بۆ تۆ بێ.. کوڕی من.. ئێدگار.. چۆن دەستی هێنا ئەوە بنووسێ؟ چ دڵ و دەماغێک ئەمەی پێ کرد؟ کەی ئەم نامەیەت پێ گەیشت..؟ کێ گەیاندی؟

ئیدمۆند:

کەس نەیهێناوە گەورەم، فێڵەکە لێرەدایە.. لە پەنجەرەکەوە فڕێیان داوەتە ژوورێ.

گلۆستر:

تۆ دڵنیای ئەمە دەست و خەتی براکەتە..؟

ئیدمۆند:

گەر ناوەڕۆکەکەی پاک بووایە سوێندم لەسەر دەخوارد. بەڵام کە ئەوە قسەی بێ.. ئاواتەخوازم کە وانەبێ.

گلۆستر:

خۆیەتی..!

ئیدمۆند:

خۆیەتی گەورەم: بەڵام ئومێدەوارم ئەوەی کە وتوویەتی لە دڵەوە نەبێ

گلۆستر:

باشە.. ئەم قەت لەمەوبەر لەم ڕووەوە نەیدواندووی..؟

ئیدمۆند:

هەرگیز گەورەم، گەرچی زۆرجار لێم بیستووە وتوویەتی ئەگەر منالان گەورەبوون و باوکانیش پیر و کەنەفت وا چاکە کاروباری باوکان بکەوێتە ژێردەستی کوڕەکانیان... جگە لە پارە و پوولیان.

گلۆستر:

ئای لەو نەگریسە.. چەپەڵ! حەقیقەتی ئەو وا لەو نامەیەدا،



چەپەڵی ناشیرین، بەدڕەوشت، بێزەوەر، دڕندەی چەپەڵ.. لە دڕندەش خەراپتر.. ئادەی کوڕە.. بەدوایدا بگەڕێ: دەبێ بیگرم.. ئەو چەپەڵی هیچوپووچە.. لە کوێیە..؟

ئیدمۆند:

دەقاودەق نازانم گەورەم... خۆزگە گەر دەتتوانی وا لێی دڵگیر نەدەبوویت تا لە ڕاستی مەبەستی دەگەیشتیت و بەبەڵگەوە بۆت ساغ دەبۆوە.. ئەوسا دەتتوانی بڕیاری خۆت بدەی: گەر تۆ ئاوا توندوتیژ بیت و لە نیازی ئەویش نەگەی ئەوە بزانە لە پایە و پلەت کەم دەکاتەوە.. واش دەکا ئەم پتر هەڵگەڕێتەوە. من گرەو دەکەم لەسەر ژیانی خۆم کە ئەم نامەکەی بۆ ئەوە نووسیوە تا بزانی موحیبەتی بۆ ئێوە دەگاتە کوێ... هیچ مەبەستێکی لەوە ترسناکتری نییە.

گلۆستر:

تۆ وای دەبینی؟

ئیدمۆند:

گەر جەنابت بە شیاوی دەزانیت. وا دەکەم لە شوێنێکەوە گوێت لە ئێمە بێ کاتێ لەم مەسەلەیە دەدوێین تا خۆت دەگەیتە قەناعەتی تەواو.. ناشهێڵم لەم ئێوارەیە دواتر بکەوێ.

گلۆستر:

قەت نابێ ئەوەندە دڕندە بێ.

ئیدمۆند:

نا... نابێ.

گلۆستر:

بەرامبەر بەباوکی خۆی کە تا ئەو ڕادەیە وا بەدڵ و کوڵ خۆشی دەوێ.. ئەی هاوار ئاسمان.. زەوی.. ئیدمۆند.. بگەڕێ و بیدۆزەرەوە.. ڕێگەم بۆ خۆش کە بیگەمێ.. تکات لێ دەکەم بەزیرەکی خۆت مەسەلەکە بسازێنە، لەوە دوودڵ نیم واز لە هەموو پایە و پلەیەک بێنم بەو مەرجەی بگەمە دوا قەناعەت.

ئیدمۆند:

گەورەم.. دەگەڕێم.. هەر ئێستا.. ئەوەندەی بڕەخسێ دەتگەیەنمە ئەنجام و ئاگاداریشت دەکەم.

گلۆستر:

ئەم ڕۆژگیران و مانگ گیرانەی دوایی بۆنی خێری لی نایە: گەرچی سروشت بەحیکمەتی خۆی شتەکان بەم شێوەیە یا شێوەیەکی تر شیی دەکاتەوە.. وەلێ لە هەمان کاتدا هەر ئەو سروشتە خۆی ئەنجامەکان دەقۆزێتەوە. ئەوەتا خۆشەویستی لەناو دەچێ، هاوڕێکانت لێت هەڵدەگەڕێنەوە، براکانیش پشت لەیەک دەکەن، شارەکانیش پڕ لە هەرا و ئاژاوە، وڵاتیش غەرقی دووبەرەکی ، کۆشکەکان سیخناخن بەخیانەت، پەیوەندی باوک و فەرزەندیش نامێنێ، ئەم هەتیوەی من پێشبینی ئەو نەهامەتییەی بەسەردا دەسەپێ، ئەوەتا کوڕێکە و بە ڕووی باوکیدا هەڵدەگەڕێتەوە، پادشاش لە ڕێڕەوی سروشت لادەدا، ئەوەتا باوکیش دژی کوڕەکەیەتی ، چی چاک بوو لەم زەمانەدا نەما، پیلان و کودەتا، دووفاقی و ڕیاکاری، خیانەت... جۆرەها ناڕێکی ڕووخێنەرانە بەدەم هەراوە تا ناو گۆڕەکەش



ڕاوەدوومان دەنێ، ئیدمۆند.. ئەو حەرامزادەیەم بۆ بدۆزەرەوە.. تۆ هیچت لە کیس ناچێ، وت و وریا بە، کێنت-ی جوامێر و سەرڕاستیش ترۆ بکرێ.. گوناهەکەشی وەفا و ئەمەکداری بێ... سەیرە.

(دەچێتە دەرێ)

ئیدمۆند:

ئەوەیە حەماقەتی جوانی ئەو خەڵکە.. بەوەی کە ئەگەر بەخت لەگەڵمانا یار نەبوو دەرئەنجامی هەڵەشەیی و بەدڕەفتاری خۆمان ئەوە گوناهی مەینەتی خۆمان دەخەینە پاڵ خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، وەک بڵێی بەزەرووڕەت چەپەڵ و نەگریس بین، یا بەفەرمانی ئاسمان گەلحۆ بین.. یا بەپێی دەورانی ئەستێرەکان نامەرد و دز و خیانەتکار بین، یا بەپێی قودرەتی ئەستێرە گەڕۆکەکان بەدمەبەست و درۆزن و داوێن پیس بین، وەک بڵێی هەرچی شەڕی لە ئێمەدا بێ ویستێکی پیرۆزی ئاسمان بێ، خۆ دزینەوەیەکی جوانە لە مرۆڤی پیس و چەپەڵ.. تاوانی شەهوەت و هەوەسی بخاتە سەر ئەستێرەکان. باوکم لە ئان و ساتی " کلکی عەزیادا" چووە گژ دایکم، لە ژێر بورجی "ورچە زلە"ش لە دایک بووم.. کەواتە دەبێ چەپەڵ و نەگریس بم.. قسەی بەتاڵ.. من هەر ئەو زاتە دەبووم هەتا گەر پاکترین ئەستێرە لە ئاسمانان بەسەر زۆڵیەتیم پڕشەنگی بهاویشتایە.

(ئێدگار دێتە ژوورێ)

(لابەلا) کتوپڕ دێ.. وەک کارەساتی نێو کۆمیدیا کۆنەکان: ڕۆڵی منیش ماتەمینییەکی کوشندەیە، وەک "تۆما"ی شێتیش

ئاخ و هەناسە هەڵکێشان.. ئای.. ئەم خۆرگیرانە پێشبینییە بۆ دووبەرەکی (بەدەم گۆرانی وتنەوە)

فا.. سۆ... لا... می

ئێدگار:

ها ئێدمۆندی برام ئەوە چیتە..؟ ئەم تێڕامان و دۆشدامانە چییە؟

ئیدمۆند:

بیر لەو پێشبینییە دەکەمەوە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خوێندمەوە.. سەبارەت بەو خۆرگیران و مانگ گیرانە کە دیارە شتێکی بەدوادا دێ.

ئێدگار:

تۆ خۆت بەوە سەغڵەت کردووە؟

ئێدمۆند:

دڵنیات دەکەم کە ئەو کارەساتانەی پێشبینی کردوون دێنە دی، وەک بەدڕەفتاری نێوان باوان و منداڵەکانیان، مەرگ، نەهاتی... لێک دابڕانی هاوڕێ کۆنەکان، دووبەرەکی لە نێو وڵات، هەڕەشە و بەدناوکردنی پادشا و بەگزادەکان، گومانی بێ پەروا، وەلاخستنی هاوڕێیان، تێکچوونی ڕیزەکانی سوپا، ڕمانی قەڵای ژن و مێردان.. ئیدی نازانم چی تر.

ئیدگار:

لە کەیەوە بوویتە قوتابی فاڵچی و ئەستێرەناسەکان.

ئێدمۆند:

وەرە پێش.. کەی بوو دواجار باوکمت دی؟



ئێدگار:

دوێنێ شەو.

ئێدمۆند:

لەگەڵیا دوایت..؟

ئێدگار:

بەڵێ.. دوو سەعات.. بەیەکەوە.

ئێدمۆند:

بێ گێچەڵ لێک جیا بوونەوە؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم بەقسە و ڕووخسارییەوە دیار نەبوو کە تووڕە و دڵگیر بێت؟

ئێدگار:

هەرگیز.

ئیدمۆند:

بیرکەرەوە.. لەوانەیە.. شتێکت کردبێ دڵی ئەزیەت دابێ: تکاشم ئەوەیە خۆتی پیشان نەدەی تاوەکو ئاگری ئەو ڕقەی دادەمرکێتەوە، کە بەئامادەبوونت لە بەردەمیا کڵپە دەستێنێ و ناکوژێتەوە.

ئێدگار:

دیارە نەگریسێک بۆی تێ چاندووم.

ئێدمۆند:

منیش لەوە دەترسێم.. تکاشم ئەوەیە دان بەخۆتا بگری تا ئەو سارد دەبێتەوە، وەک وتم.. دەتوانی لە ژوورەکەی مندا بمێنیتەوە تا بەکامی دڵ بتوانی گوێت لە باوکم بێ لە چی

دەدوێ: دەی تکایە با بڕۆین.. ئەوەتا کلیلەکەش : ئەگەریش چوویتە دەرەوە.. هەر شوێنێک با چەکت پێ بێ.

ئێدگار:

چۆن براکەم..... چەک؟

ئێدمۆند:

براکەم.. من لە بەرژەوەندی تۆمە. من بێ شەرەف بم ئەگەر کەس خێری تۆی بووێ: من ئەوەم پێ ڕاگەیاندی کە دیومە و بیستوومە، بەجوانترین و سادەترین شێوە... نەک بەو شێوە ترسناکەی کە لە ڕاستیدا دەیزانم.. تکات لێ دەکەم.. بڕۆ.

ئێدگار:

بەم زووانە شتێکت لێ دەبیستم؟

(ئێدگار دەچێتە دەرێ)

ئێدمۆند:

لەم ڕووەوە دڵنیا بە.. من لە خزمەتدام
باوکێکی ساویلکە و برایەکی جوامێر
کە بەتەبیعەت حەز لە شەڕ ناکا
گومانیش لە کەس ناکا
دڵپاک تا ڕادەی سادەیی
چ سانا پیلانەکانم بەسەریا تێدەپەڕێ
مەبەستم ئاشکرایە..
گەر بەمیراتیش نەبێ.. ئەوە بەفرۆفێڵ زەوییەکان.. بۆ من دەبێ
هەرچییەکم بۆ لوا بێ لێم حەڵاڵ بێ.
(دەچێتە دەرێ)



## دیمەنی سێیەم

(ژوورێک لە کۆشکی دۆقی ئەلبانی، گۆنریل دێتە ژوورێ و "ئەزواڵد"ی لەگەڵدایە.. سەرۆکی خزمەتکاران.)

گۆنریل:

ڕاستە کە باوکم لە دەرگاوانەکەی منی داوە هەر تەنها لەبەرئەوەی خۆی لەو باڵووڵەی ئەم تووڕە کردووە.

سەرۆکی خزمەتکاران

بەڵێ خانم.

گۆنریل:

شەو و ڕۆژ لەگەڵما بێ دادی دەنوێنێ.. هەر سەعاتە و خۆی لە گوناهێکی ترسناک دەڵەوتێنێ.. یا هەر شتێ بێ کەوا دەکا هەموومان بە ڕووی یەکدا هەڵشاخێین، چی تر حەوسەڵەم نەما و گیانم تەقی کرد.. سوارەکانی کردوویانە بەبەزمی خۆیان، دەڕژێنن، دەشکێنن. سەبارەت بەبچووکترین شتیش سەرزەنشتمان دەکا.. کە گەڕایەوە لە ڕاو نایدوێنم.. پێی بڵێن من نەخۆشم.. کارێکی چاکە گەر بتوانیت لە خزمەتیدا کەمتەرخەم بیت.. بۆ ئەوەشیان هەر خۆم بەرگریت لێ دەکەم.

سەرۆکی خزمەتکاران:

خانم.. ئەوە هات.. گوێم لە ترپەی پێیەتی.

گۆنریل:

هەرچەندە پێتان دەکرێ بەرامبەری بێ باک بن.. وای دەرخەن کە هیلاکن.

تۆ و هاوڕێکانت.. چونکێ دەمەوێ بورووژێ
گەر نارازییە.. دەتوانێ بچێتە کن خوشکەکەم
من دەزانم ئەویش لەگەڵ من یەک ڕایە.. لەسەر ئەوەی کە نابێ
کەس لێمان خوڕێ
خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ...
پیرەمێردێکی پەتیارە..
هێشتا سوورە کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بمێنێ
گەرچی خۆیشی وازی لێ هێنا.
سوێند بەژیانم... ئەو پیرە دەبەنگانە
وا سەرلەنوێ منداڵ دەبنەوە
دەبێ هەر تاوێ جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەی،
تاوێ ڕووشکێن.. تاوێ مامە حەمەییبیان بۆ بکەی
ئەو کاتانەی کە تەواو دەکەونە ژێر باری وەهمێک ئەوەی پێم
وتی بیرت نەچێ.

سەرۆکی خزمەتکاران:

وەک فەرمووت خانمەکەم!

گۆنریل:

سەبارەت بەسوارەکانیش ساردتر بن:
هەرچی بێ ئەنجام.. گرنگ نییە
چیم پێ وتی.. بەهاوڕێکانتی ڕاگەیەنە
لە بڕ و بیانوو دەگەڕێم تا گۆبەندێک بنێمەوە



هەر ئێستا بۆ خوشکەکەشم دەنووسم.
تا ئەویش وەک من بکا
دەی بڕۆ.. نانی شێوان ئامادە بکە.
(دەچنە دەرێ)

**دیمەنی چوارەم**

(کێنت دێتە ژوورێ... خۆی گۆڕیوە)

کێنت:

گەر من بەزمانێکی تر بدوێم
زمانم تەتەڵە دەکا و ناتوانم هیچ بڵێم
ڕەنگە بەنیازپاکی خۆم سەرکەوم و..
بگەمە ئەو دوا ئەنجامەی کە مەبەستمە
کە لە پێناویدا خۆم گۆڕیوە.
ئێستاش ئەی کێنت–ی ترۆکراو
گەر دەتوانی لەو شوێنە خزمەت بکەی...
کە تیایدا تاوانبار کرایت
بەڵام لەوانەیە گەورەکەت.. ئەو پیاوەی خۆشت دەوێ
بڵێ تۆ گەلێ لەوە هیلاکتری ئەمەت پێ بکرێ.
(سەدای شەیپووری ڕاو لە ژوورەوە، لیر و دەستوپێوەندەکەی
دێنە ژوورێ)

لیر:

لێ نەگەڕێی چاوەڕێی نانی شێوان بم.. بۆ یەک چرکەش..

زووبە و ئامادەی کە: ها.. تۆ کێی..؟

کێنت:

مرۆڤێکم.. گەورەم.

لیر:

کارت چییە؟ چیت لە ئێمە گەرەکە..؟

کێنت:

دەمەوێ بڵێم من لەوە کەمتر نیم کە تیام،
هەرکەسێ متمانەشم پێ بکا بەدڵ خزمەتی دەکەم
زەلامی دەست و دڵپاکیشم خۆش دەوێ،
حەز دەکەم لەگەڵ ئەو زانایەش بم کە کەم دەدوێ،
لە حوکمیش دەترسێم... لە کاتی پێویستیش شەڕکەرم..
برۆتستانتیم.. لاوازیش نیم...

لیر:

تۆ کێیت..؟

کێنت:

زەلامێکی زۆر دڵپاک.. هەژاریش وەک پادشا.

لیر:

گەر وەک یەکێ لە پیاوەکانم هەژار بیت..
هەژارێک وەک پادشا، ئەوە دیارە بەڕاستی هەژاریت..
تۆ چیت دەوێ؟

کێنت:

خزمەتێک..



لیر:

بۆ کێ..؟

کێنت:

بۆ تۆ.

لیر:

تۆ من دەناسیت کابرا..؟

کێنت:

نەخێر گەورەم... بڵێم شێوەت وام لێ دەکا ناوت بنێم.. سەروەر.

لیر:

چی..؟

کێنت:

خاوەن دەستەڵات.

لیر:

باشە ئەو خزمەتانەی تۆ چین..؟

کێنت:

دەتوانم نهێنی پاک بپارێزم، سواری ئەسپ بم، ڕاکەم، حەکایەتی خۆش لە گێڕانەوەدا بێ لەززەت بکەم، بێ ئەملا و ئەولا نامە دەگەیەنم بەشوێنی خۆی، هەرچییەکیش کە خەڵکانی ئاسایی دەرۆستی دێن منیش پێم دەکرێ، چاکترین شتیش لە مندا ئەوەیە ماندوو نابم.

لیر:

تەمەنت چەندە..؟

کێنت:

ئەوەندە جحێڵ نیم تا حەز لە ئافرەتێک بکەم لەبەر دەنگە خۆشەکەی، ئەوەندەش پیر نیم هەر شتێ بێ عەقڵم ببا... چل و هەشت ساڵم تەمەنە.

لیر:

دوام کەوە، ئیتر تۆ بەردەستی من دەکەی، ئەگەر دوای نانی شێوانیش وەک ئێستا لێت ڕازی بم.. ئەوە بزانە کە هەرگیز جێت ناهێڵم.. دەی کوڕینە... سفرە بڕازێننەوە.. کوا ئەو هەتیوەم... باڵووڵی من..؟ بڕۆ و باڵووڵم بۆ بانگ کەن.

(یەکێ لە دەستوپێوەندەکان دەچێتە دەرێ و سەرۆکی خزمەتکاران دێتە ژوورێ)

ئا تۆ کوڕە کوا کچەکەم..؟

سەرۆکی خزمەتکاران:

تکایە..

(بەجێی دێڵێ)

لیر:

ئەرێ بەڕاست ئەو کابرایە چی وت..؟ ئا ئەو ئەحمەقە بانگ کەنەوە..

(یەکێ لە سوارەکان دەچێتە دەرێ)

خەڵکینە کوا باڵووڵی من؟ هەر دەڵێی هەموو دونیا نوستووە.

(سوارەکە دەگەڕێتەوە)

ها.. ئەو مەیموونە لە کوێیە؟



سوار:

گەورەم.. دەڵێ کچەکەت ناساغە.

لیر:

باشە ئەو عەبدە بۆ نەگەڕایەوە کە بانگم کرد.

سوار:

گەورەم.. بێ پێچ و پەنا وتی پێی بڵێ نایەم.

لیر:

یانێ مل نادا..؟

سوار:

گەورەم.. من تێناگەم مەسەلە چییە، بەڵام ئەوەی دەیبینم و لە بەرچاوە کە پایەدارتان ئەو مامەڵە پڕ لە شکۆ و خۆشەویستییەی جارانی ناکرێ، بگرە خزمەتکارانیش بەگشتی لەگەڵتا کەمتەرخەم و کەم لوتفن، هەتا دۆقیش.. هەروا کچەکەشتان.

لیر:

ها.. تۆ وای بۆ دەچی..؟

سوار:

داوای لێبووردن دەکەم گەورەم.. ئەگەر بەهەڵەدا چووبم.. بەڵام ئەرکی من ئەوەیە بێ دەنگ نەبم کاتێ هەست بەوە بکەم خەراپەت لەگەڵدا دەکرێ.

لیر:

بەڵام تۆ تەنها ئەوەت بیر هێنامەوە کە بەخەیاڵی منیشدا

گوزەری کرد، خۆیشم لەم دواییییەدا هەستم بەو فەرامۆشکردنە کرد، گوتم دیارە هی ئەوەیە کە زیاد لە پێویست لە شت دەکۆڵمەوە نەک ئەوەی کە ئەوان لەگەڵما نیاز خراپ بن و بەمەبەست وابکەن. بەهەرحاڵ زیاتر لەم مەسەلەیە ئەکۆڵمەوە: بەڵام کوا باڵووڵەکەی من؟ ئەوە بۆ دوو ڕۆژ دەچێ نەمدیوە.

سوار:

گەورەم.. لە وەتەی خانمە چکۆلەکەمان چۆتە فەرەنسا باڵووڵ بەتەواوی باریک و بنێس بووە.

لیر:

با ئەوە بەس بێ.. خۆیشم چاک هەستم پێ کردووە، تۆ بڕۆ و بەو کچەم بڵێ کە من دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

(یەکێ لە دەستوپێوەندەکان دەچێتە دەرەوە)

تۆش بڕۆ و بانگی باڵووڵ بکە با بێتە لام

(سەرۆکی خزمەتکاران دێتە ژوورێ)

تۆ قوربان، تۆ.. ئا وەرە ئێرە.. قوربان... تۆ دەزانی من کێم..؟

سەرۆکی خزمەتکاران:

تۆ باوکی خانمەکەمی.

لیر:

باوکی خانمەکەم؟ هیچی گەورەکەم.. تۆ ئەی کوڕی فاحیشە.. سەگە... ئەڵقە لە گوێ.. تووتەڵە سەگ.

سەرۆکی خزمەتکاران:

ببوورە گەورەم من هیچیان نیم.



لیر:

هیچوپووچ.. دەمە دەمم لەگەڵ دەکەی..؟

(لێی دەدا)

سەرۆکی خزمەتکاران:

گەورەم نامەوێ کەس دەستم لێ بەرز کاتەوە.

کێنت:

ناشتەوێ کەس پیلانەکانت هەڵوەشێنێتەوە. ها.. ئەی یاریزانێکی هیچی فتبۆڵێن.

(پاشقولی لێ دەگرێ)

لیر:

سوپاس بۆ تۆ خاڵەکەم. تۆ خزمەتت کردم..

کێنت:

دەی کابرا هەستە.. ون بە لێرە! فێرت دەکەم چۆن خەڵکی بناسیتەوە، دەی بڕۆ.. ون بە.. گەر مەبەستتە گەز و بەزی خۆت بپێوی.. ئەوە چاوەڕێ کە. بەڵام بڕۆ.. دەی ون بە.. عەقڵت لە سەردا نییە؟

(سەرۆکی خزمەتکاران دەچێتە دەرێ)

لیر:

ئێستاش سوپاس کاکی برادەر.. ها ئەوەش هەقی ئەو خزمەتەت.

(پارەی دەداتێ)

(باڵووڵ دێتە ژوورێ)

باڵووڵ:

لێگەڕێ منیش بەکرێی بگرم.. ها ئەوەش کڵاوی من.

لیر:

ها کوڕی قۆز.. تۆ چۆنی؟

باڵووڵ:

قوربان وا چاکە کڵاوەکەم لێ وەربگریت.

(کڵاوەکەی دەدا بەکێنت)

کێنت:

بۆچی کوڕەکەم..؟

باڵووڵ:

بۆچی..؟ چونکە تۆ پشتی پیاوێک دەگری کە هیچ شکۆ و دەبدەبەیەکی نەماوە. گەر نەزانیت کوێ نیسکان دێنێ ئەوە دەبێ لە برسا بمریت، هانێ.. ئەوە کڵاوەکەم. ئەی نابینی ئەم کابرایە لە دوو کچی خۆی بێ بەری بووە و کەچی بێ ویستی خۆی سێیەمیانی پەسند کردووە، گەر دەتەوێ دوای بکەویت کڵاوی باڵووڵ لەسەر نێ ئێستاش مامە.. خۆزیا دوو کڵاو و دوو کچم دەبوون.

لیر:

بۆچی کوڕەکەم..؟

باڵووڵ:

چونکە کە هەموو شتێکم پێ دەبەخشین ئەم دوو کڵاوەم بۆ خۆم گل دەدایەوە، ها ئەوەی من.. ئەوی تریان لە کچەکەت قەرزکە.



لیر:

ئاگات لە دەمت بێ.. قامچی حازرە.

باڵووڵ:

هەقی خۆیەتی.. گۆڵە سەگ دەبێ بچێتەوە کولانەکەی.. دەبێ بەقامچی دەربکرێ، کەچی دێڵە سەگ لە نزیک ئاگرەوە وەرکەوێ و بۆنی بێ.

لیر:

وەی لەو بەڵایە پیسە.

باڵووڵ:

کابرا.. من قسەیەکت فێر دەکەم.

لیر:

دەی.

باڵووڵ:

ورد گوێ بگرە... مامە:

زۆرتر بێڵەوە لەوەی کە دەری دەبڕیت
کەمتر بدوێ لەوەی کە دەی زانیت
لەوە کەمتر ببەخشە کە هەتە
لێخوڕە تا ئەو شوێنەی لە تواناتایە
فێر بە پتر لەوەی کە دەیزانیت
لەوە پتر گل بدەرەوە کە دەیبەخشیت
واز لە ئارەق بێنە و لە سۆزانی گەڕێ

دەرگا داخە و مەچۆرە دەرێ
ئەوسا لە هەر بیستێک کە هەتە
دوو "دە"ی تری دێتە سەرێ.

کێنت:

ئەمەیان هیچ نییە باڵووڵ.

باڵووڵ:

کەواتە ئەمەیان وەک هەناسەی ئەو پارێزەرە وایە کە هەقی خۆی وەرنەگرتبێ. دیارە کە تۆ لەبری قسەکانم هیچت پێ نەبەخشیم... باشە مامە تۆ ناتوانیت هیچ کەڵکێک لە هیچ ببینیت..؟

لیر:

هەڵبەتە نەخێر.. ڕۆڵەکەم.. چونکێ هیچ هەر هیچی بەدوادا دێ.

باڵووڵ:

(ڕوو دەکاتە کێنت) تکات لێ دەکەم پێی بڵێ.. ئەمیش دەستکەوتی لە زەوییەکان هەر ئەوەندەیە... چونکە ئەو بڕوا بەگەلحۆیەکی وەک من ناکا.

لیر:

باڵووڵێکی خوێن تاڵە.

باڵووڵ:

باشە تۆ دەزانی جیاوازی نێوان باڵووڵێکی خوێن تاڵ و خوێن شیرین چییە؟



لیر:

نەخێر.. لاوۆ.. فێرم کە.

باڵووڵ:

ئەو شازادەی کە ئامۆژگاری کردیت.
زەوییەکانت بەڕاست و چەپدا ببەخشیت
بیهێنە و لەتەکما ڕایگرە
یا خۆت لە جێگەی بوەستە
دەرحاڵ هەردووکیان دەرئەکەون
باڵووڵی خوێن تاڵ و خوێن شیرین
یەکێکیان لێرە.. لە نێو بەرگی ڕەنگاوڕەنگدا
ئەوی تریان وا وەستاوە لەوێدا.
(ئاماژە بۆ –لیر– دەکا)

لیر:

ئەوە بە من دەڵێی باڵووڵ.. ڕۆڵە..؟

باڵووڵ:

وازت لە هەموو ناوەکانی تر هێنا.. تەنها ئەوە نەبێ کە لەگەڵتایە هەر لە دایکبوونەوە.

کێنت:

ئەمە قەت نابێ باڵووڵ بێ گەورەم.

باڵووڵ:

نەوەڵڵا... چونکە شازادە و لۆرد و پیاوە گەورەکان لێم ناگەڕێن، چونکە کە دەمەوێ هەر تەنیا خۆم باڵووڵ بم ئەوانیش دێن و

بەشداریم دەکەن، هەتا خانمەکانیش لەوەدا بەشداریم دەکەن..
لێمی دەڕفێنن.. مامە.. تۆ هێلکەیەکم بەرێ من دوو تاجت پێ
دەبەخشم.

لیر:

چ جۆرە تاجێک..؟

باڵووڵ:

ئا.. کاتێک هێلکەکە دەکەم بەدوو لەت و سپێنە و زەردێنەکەی دەخۆم تەنها دوو تاج لە قەپێلکەکەی دەمێنێتەوە، ئەو کاتەش کە تۆ تاجەکەت کرد بەدوو بەش و هەردووکیانت بەخشی.. دیارە کە لە نێو قوڕ و چڵپاودا لەبری ئەوەی سواری کەرەکەت بیت.. کەرەکەت لە خۆت بار کرد. ئەم سەرە کەچەڵەی تۆ مۆخی تیا نییە مادامەکێ تاجی زێڕینت فڕێ دەدەی، گەر دەزانیت وەک هەر باڵووڵێکی گێل قسە دەکەم.. فەرمان دەرکە یەکەم کەس کە وای تێدەگا لە جەڵدە بدرێ.

(بەدەم چڕینیی گۆرانییەوە)

باڵووڵەکان خێریان بەخشرایەوە
چۆن زاناکان ئەم خێرەیان گل دایەوە
بێ عەقڵ و کاڵفام.. چ زەبوونن
ڕەفتاریش توخمی مەیموونن.

لیر:

ئەوە لە کەیەوە فێر بوویت گۆرانی بچڕیت..؟

باڵووڵ:

لەوەتەی تۆ هەردوو کچەکەت کرد بەدایکی خۆت، چونکە دارت



دایە دەست ئەوان و پاشەڵی خۆشت لێ ڕووت کرد.

(بەدەم چڕینی گۆرانییەوە)

ئەوان بۆ خۆشییەکی لەنکاو دایانە پرمەی گریان
منیش گۆرانیم چڕی.. لەتاو خەمێکی گران
خەمی ئەوەی پادشا منالّ بۆتەوە
لە نێو گەلحۆکان خۆی مات دەدا و.. دەمێنێتەوە
تکایە مامە.. مامۆستایەکم بۆ بێنە فێری درۆم کا..
چەند حەز دەکەم فێری درۆ بم.

لیر:

وەڵڵاهی درۆ بکەی.. لە جەڵدە دەدرێی.

باڵووڵ:

نازانم چ نزیکییەک لە نێوان تۆ و کچەکانتدا هەیە: ئەوان لە جەڵدەم دەدەن گەر ڕاست بڵێم، تۆ لە جەڵدەم دەدەی گەر درۆ بکەم، هەندێ جار لەسەر بێ دەنگیم لە جەڵدە دەدرێم، خۆزیا هەرچییەکی دەبووم.. باڵووڵ نا، بەڵام مامە قەت خۆزگەی ئەوە ناخوازم لە جێی تۆ بوومایە.. تۆ لە هەردوو لاوە عەقڵی خۆت بڕیوە، هیچی ئەوتۆت لە ناوەڕاستەکەی جێ نەهێشتووە.. ئەوەتا یەکێ لەو دوو لەتەیان هات.

(گۆنریل دێتە ژوورێ)

لیر:

ها کچم.. بۆ وا ڕووت گرژە.. لەم دواییەدا زیاد لە پێویست مرومۆچ دەتبینم.

باڵووڵ:

ئەو کاتەی کە تۆ جحێڵێکی جوان بوویت

گوێت بەڕووگرژی ئەم نەدەدا.

ئێستاش کە تۆ سفری دوای ژمارەیت..

من گەلێ لە تۆ چاکترم: من باڵووڵم، تۆش هیچ نیت.

(ڕوو دەکاتە گۆنریل)

ئەرێ وەڵڵا.. ئیتر تەواو قسە ناکەم،

بەچاوان پێم دەڵێی گەرچی قسەت نەکردووە.

خامۆش...... خامۆش

گەلێ ماندوو دەبێ

ئەو کەسەی بۆ خۆی هیچ جێ نەهێڵێ

(ئاماژە بۆ –لیر– دەکا)

ئا ئەوەتاش پەلکە پاقلە.

گۆنریل:

گەورەم نەک هەر تەنها ئەو باڵووڵەی تۆ کە تەواوێ سەربەست و بەرەڵڵایە.

بەڵکو هەموو دەستوپێوەندە بێ شەرمەکانی تریشت

هەمیشە لە شەڕدان و قسە بەیەکدی دەڵێن

داویانەتە بەرێ...

گەورەم... شتی وا دەکەن کە لە باسکردن نایە..

تەحەمول ناکرێ... من وای بۆ چووم گەر بەتۆی ڕاگەیەنم



دەتوانم چارەسەریشیان بکەم..

بەڵام ئێستاکێ وام لێ هاتووە بترسێم

لەوەی کە زۆر درەنگ وتت.. یا کردت

وابێ بەم ڕەفتارەشەوە تۆ دەیانپارێزیت

بەبێ دەنگیت زیاتر پێی لێ دادەگرن

گەر واشی لێ هات. هەموو هەڵەیەک لە سەرزەنشتی بەدەر نابێ

لە چارەسەری کەمتەرخەم نابین

بەو نیازەی بگەمە حوکمێکی ڕاست و ڕەوان

کە ڕەنگە لە ئەنجامدا زەرەر بەتۆ بگەیەنم

زەرەرێک ببێتە مایەی شوورەیی

بەڵام زەرووڕەت پێمان دەڵێ:

تەنها ئەمەیان ڕێی ڕاستییە.

باڵووڵ:

هەڵبەتە تۆ دەزانی.. مامە

ئەو حەکایەتەی دەڵێ:

چۆلەکەیەک دانی دەدا بە کوکوختییەک

کەچی ڕۆژێ هات..

بێچووی کوکوختی سەری چۆلەکەکەی خوارد

کەواتە مۆم کوژایەوە و ئێمەش لە تاریکیدا.. بەجێ ماین..!

لیر:

تۆ کچی ئێمەیت..؟

گۆنریل:

خۆزیا هۆش و گۆشی خۆت دەخستە کار
کە من دڵنیام تۆ هۆشیاری
بەسە چی تر مەکەوە دوای هەوا و هەوەسی خۆت
کە وات لێ ئەکا حەقیقەتی خۆت لێ بزر بێت.

باڵووڵ:

تۆ بڵێی کەر نەزانێ کە عەرەبانە ئەسپ ڕادەکێشێ؟ کاڵێ..
وەڵڵاهی تۆم خۆش دەوێ.

لیر:

ئەرێ کەس هەیە لێرە بمناسێ؟ نابێ ئەوە لیر بێ.
ئاخۆ لیر وا بەڕێوە دەڕوا..؟ ئاوا دەدوێ..؟ کوا چاوەکانی..؟
عەقڵی زەعیف و... هەست و نەستیشی ئیفلیج بووە.. ها.. تۆ بڵێی من وەئاگا بم؟ نەخێر.. کێ دەتوانێ پێم بڵێ من کێم..؟

باڵووڵ:

سێبەری لیر.

لیر:

من دەمەوێ بزانم. چونکە بەپێی دەستەڵات و مەعریفەت و عەقڵ بێ تەنها بەدرۆ دێمە سەر ئەو قەناعەتەی کە من کچم هەبووبێ.

باڵووڵ:

ئەو کچانەی وات لێ دەکەن باوکێکی گوێڕایەڵ بیت.

لیر:

خانمۆڵەی جوان تۆ ناوت چییە..؟



گۆنریل:

گەورەم.. ئەم خۆ چەواشەکردنە هەر دەڵێی بابەتێکە لەو سوعبەتە تازانەت
تکات لێ دەکەم... ڕاست و ڕەوان لە نیازم بگە..
مادامەکێ پیرێکی بە هەیبەتی...
پێویست وایە حەکیم و ژیریش بیت
تۆ لێرە سەد کەسێ لە سوار و دەستوپێوەندەکانی خۆت مۆڵ داوە
هەمووشیان بێ شەرم و بەرەڵڵا و ئاژاوەچی
هەتا وای لێهاتووە ئەم کۆشکە
بەئەتواری ئەوان پیس بێ و ببێ بە تەویلە
لە هەموو لایەکەوە بەدڕەوشتی و فیسق و فجوورە
هەر دەڵێی مەیخانە یان تیاترۆخانەیە
نەک کۆشکێکی بەحەیا و حورمەت
شەرم و شکۆ فەرمانم پێ دەکەن
بێ دەنگ نەبم و ئەم حاڵە چارە کەم
بۆیە داوات لێ دەکەم..
ژمارەی دەستوپێوەندەکانت کەمتر کەیت
ئەگینا چارم نامێنێ و دەبێ خۆم
بەدەست و مستی خۆم چارەی کەم
ئەوانەشی کە حەز دەکەی بۆ خزمەتی خۆت بمێننەوە

دەبێ وابن لە ڕیشی خۆت بوەشێنەوە
قەدری تۆ و.. قەدری خۆیان نەدۆڕێنن.

لیر:

ئەی تاریکی... هۆ شەیتانەکان..
دەی ئەسپەکانم زین کەن.. دەستوپێوەند کۆ ببنەوە
تۆش چەپەڵی کچی فاحیشە.. ئیتر سەر و دڵت ناگرم
هیچ نەبێ من باوکی کچێکی ترم.

گۆنریل:

تۆ لە دەستوپێوەندەکانی من هەڵدەدەی
کەچی ئەو ملۆزم و ئاژاوەگێڕانەی تۆ
بەسەر کەسانێکەوە دەبنە کەڵەگا
کە چەندین قات لە خۆیان چاکترن.
(ئەلبانی دێتە ژوورێ)

لیر:

قوڕ بەسەری ئەو کەسەی کە درەنگ پەشیمانی.. دایدەگرێ.
ها گەورەم
قسە بکە،.. ئا ئەمە ئارەزووی تۆیە..؟
ئەسپەکانم تەیار و ئامادەکەن..
ئای سپڵەییی..! ئەی شەیتانی دڵ مەڕمەڕی
ئەی دزێوتر لە دڕندەی دەریا..
کە دەردەکەوێ لە بەرگی مناڵێک لە بەردەم باوکی.



ئەلبانی:

گەورەم.. تکایە ئارامت بێ

لیر:

(ڕوو دەکاتە گۆنریل)
ئەی بێچووە بازی تەنیا و جێماو.. درۆ دەکەی
دەستوپێوەندی من پیاوی هەڵبژاردەن.. بێ وێنەن
زۆر چاک دەزانن چی دەکەن
لە ورد تا درشت.. شتێ ناکەن ناویان بزڕێ
ئەی لە هەموو گوناهەکان هیچتر.. چ ناشیرین بوویت کە ویستت بچیتە بەرگی کۆردیلیا؟
هاتیت و وەک ئامێرێک لە هێلانەی خۆم هەموو بوونم هەڵتەکێنی
چی خۆشەویستی لە دڵمایە دەریبێنی
ئەم تاڵاوەش تاڵتر بکەی،
ئۆه لیر.. لیر... لیر.. لەم دەرگایە دە کە هێشتی شێتیت لی بچێتە ژووری
(بەسەر دەیکوتێ)
هۆش و گۆشت لێی بێتە دەرێ.. یەڵڵا دەی..
بەخۆ کەون کەسەکانم.. دەی.. بەخۆ کەون.
(کێنت و دەستوپێوەندەکان دەچنە دەرێ)

ئەلبانی:

گەورەم. من بێ تاوانم.. چونکێ من نازانم چی تۆی وروژاند..؟

لیر:

قوربان.. لەوانەیە ڕاست بکەی
ئەی سروشت.. ئەی خوداوەندی ئازیز گوێ بگرە
گەر ویستووتە ئەم بنیادەمە نەوە بنێتەوە
نا ڕایگرە.. فەرامۆشی کە..
با ڕەحمی وشک کا.. با نەزۆک بێ
وشکی کە... با زایەندامی وشک بێ
با هەرگیز لەو لەشە پیسەی مناڵێک نەبێ..
با بۆی نەبێتە مایەی شەڕەفمەندی
خۆ ئەگەر هەر ببێ... با لە سپڵی ڕق و کینە بێ
با بژی نارێک و ناجۆر و پیس..
بۆ ئەم مایەی دەرد و خەم بێ
با تەویڵی جوانی پڕ چرچ و لۆچ بێ
با جۆگەلەی فرمێسک بە ڕوویدا چاڵ هەڵکەنێ
با چی خەم و خێری دایکایەتی هەیە
ببێتە مایەی لاقرتێ و شوورەیی
تاکو هەست بکا و بزانێ
لە کەڵبەی مار تیژتر ئەوەیە مناڵێکی سپڵە و بێ گوێت هەبێ
دەی زوو کەن... دەی..
(لیر دەچێتە دەرێ)

ئەلبانی:

ئەی ئەو خوداوەندانەی دەیپەرستین.. ئەم هەرایە لە پای چی..؟



گۆنریل:

خۆت سەغڵەت مەکە لەوە زیاتر بزانیت
لێی گەڕێ.. با بەهەوای ئەو بێ..
مادامەکێ خرف بووە
(لیر دێتە ژوورێ)

لیر:

چی.. پەنجا کەس لە دەستوپێوەندەکانم..
لەمیانەی دوو هەفتەدا.. بەیەکجار دەرکران..؟

ئەلبانی:

گەورەم.. مەسەلە چییە..؟

لیر:

(ڕوو دەکاتە گۆنریل)
بەتۆ دەڵێم.. سوێند بەمەرگ و ژیان..
من شەرم دامدەگرێ کە توانیت دەماری پیاوەتیم ببەزێنی
ئەم فرمێسکە گەرمانەش کە بێ ویستی خۆم..
لە چاوانم دەباری
وا دەکەن تۆ شایستەیان بیت
دەبا تەم و گەردەلوول لوولت کەن
دەبا چی دەردی بێ دەرمانی لەعنەتی.. باوکایەتییە داتگرێ
دەبا چی هەست و نەستی تیاتا هەیە بمرێ
ئەی چاوانی پر حەماقەت.. گەر جارێکی تر بۆ ئەم حاڵە..
بگری

دەرت دێنم و لەگەڵ ئەو تۆزە ئاوەی دەیبارێنی فڕێت دەدەم
تووڕت دەدەم تا ئەو خۆڵە تەڕکەی
... ئا.. وای لێ هات..؟
دەبا وابێ من باوکی کچێکی ترم
کە دڵنیام دڵکراوە و ئارام بەخشە
گەر ئەم قسانەی لە تۆ گوێ لێ بێ..
هەر بەنینۆک ئەو دەموچاوە گورگانییەت دادەماڵێ
بەو چاوانەی خۆت دەیبینی
چۆن دەبمەوە ئەو زاتەی کە وای بۆ چوویت
تا ئەبەد لە بەرگی هاتوومەتە دەرێ.
(لیر، کێنت و دەستوپێوەند دەچنە دەرێ)

گۆنریل:

دەبینی چ حاڵێکە؟

ئەلبانی:

گۆنریل.. ناتوانم بەلای تۆدا بیشکێنمەوە..
گەرچی ئەوینێکی مەزن وا لە دڵما

گۆنریل:

تکایە.. با بەس بێ. ئۆو.. ئۆزواڵد تۆ لە کوێی..؟
(ڕوو دەکاتە باڵووڵ)
تۆ کابرا.. ئەی زۆڵتر لەوەی کە باڵووڵ بیت فریای ئاغاکەت کەوە.



باڵووڵ:

مامە.. مامە لیر، چاوەڕێکە.. باڵووڵ–یش لەگەڵ خۆت بەرە
ڕێوییەکەو.. وا ڕاو کرا.
کچێکیش ئەمە حاڵی بێ
هەقە بۆ قەسابخانە ببرێ
گەر ئەم کڵاوەی من بکڕێت و بۆی بکەی بە پەتی سێدارە
ئەوە باڵووڵ لەگەڵتایە و.. بەدواتەوەیە وەک پەتیارە.

گۆنریل:

سەد سوار.. ئەوەی وای بۆ داناوە چاکی بۆ چووە..؟
ئەوپەڕی وت و وریاییە سەد سواری چەکداری لە دەور بێ
بەڵێ.. تاکو بۆ هەر ترە خەونێک
یا دەنگۆیەک، هیچترین خەیاڵ، یا سووکترین گلەیی و ناڕەزایی
سەد سوارەکە بێنێتە مەیدان تاکو ببنە پاڵپشتی
خرف بوون و شێتایەتی
تا ئێمەش بەبوون و نەبوون بکەوینە ژێر دەستی
ئۆزواڵد.. تۆ لە کوێی...؟

ئەلبانی:

تۆ زیاد لە پێویست دەترسیت.

گۆنریل:

چاکترە لەوەی زیاد لە پێویست دڵنیا بم

وا چاکترە ئەو زیانەی لێی دەترسێم لە خۆمی دوورخەمەوە
نەک لەوە بترسێم کەی دەمخاتە قۆرتەوە
من دەزانم چی لە دڵایە.
هەرچییەکی وت بۆ خوشکەکەم نووسیوە
گەر بتوانێ خۆی و سەد سوارەکەی ڕابگرێ
بۆشم نووسیوە کە زەحمەتە چارەی بکرێ.
(ئۆز واڵد سەرۆکی خزمەتکاران دێتە ژوورێ)
ها ئۆزواڵد.. ئەو نامەیەت نووسی بۆ خوشکەکەم..؟
ئۆزواڵد" سەرۆکی خزمەتکاران"
بەڵی خانمەکەم.

گۆنریل:

هەندێ زەلام لەگەڵ خۆت بەرە.. ئەسپەکان زین کەن
زۆر بەوردی لە چی دەترسێم پێی ڕاگەیەنن
ئێوەش لە لای خۆتانەوە هەندێکی بخەنە سەرێ
تا زیاتر باوەڕ بینێ.. دەی بڕۆن
زووش وەرنەوە
(ئۆزواڵد دەچێتە دەرێ)
نا.. نەخێر گەورەم....
ئەو شێوە شیرینەی ڕەفتاری تۆ
گەرچی تانووتی لێ ناگرم.. وەلێ لەگەڵ هێنانەوەی مەعزەرەت
دەبێتە مایەی پتری حەماقەت



نەک پیا هەڵدان بەنەرم و نیانیت کە پڕە لە ئەزیەت

ئەلبانی:

من نازانم چاوانی تۆ تا کوێ بڕ دەکەن
زۆر جاران نیاز وایە شتێ چاکەین..
کەچی پتر وێرانی دەکەین

گۆنریل: کەواتە......

ئەلبانی: دەی.. دەی... گرنگ ئەنجامە.

## دیمەنی پێنجەم

(بەرهەیوانی کۆشکی دۆق ئەلبانی. لیر و کێنت و دەستوپێوەند و باڵووڵ دێنە ژوورێ)

لیر:

پێشم کەوە بۆ "گلۆستر" و ئەم نامانە بگەیەنە،
ئەوەی دەیزانیت بەکچەکەم مەڵێ..
با خۆی چی دەوێ لە نامەکان هەڵیکرێنێ،
گەر زوو فریا نەکەویت ڕەنگە پێش تۆ لەوێ بم.

کێنت:

گەورەم ناخەوم تا نامەکەت نەگەیەنم.
(دەچێتە دەرێ)

باڵووڵ:

باشە گەر عەقڵی مرۆڤ لە پاژنەی پێیدا بێ
تۆ بڵێی لە قەڵشتنی نەترسێ..؟

لیر:

بەڵێ ڕۆڵە.

باڵووڵ:

کەواتە.. تکایە کەیفخۆش بە..

چونکێ عەقڵی تۆ کەوشی ناوێ لە پێی کا.

لیر:

ها... ها... ها...

باڵووڵ:

دەبینی کچەکەی دیکەشت بەپێی خولقی خۆی مامەڵەت دەکا..

ئەویشیان لەمە دەچی...

هەروەک چۆن سێوێک لە سێوێکی تر دەچێ،

گەرچی دەتوانم ئەوە بڵێم کە دەیزانم.

لیر:

باشە ڕۆڵە... دەتەوێ چی بڵێی...؟

باڵووڵ:

تامی ئەویشیان وەکو ئەمەیان دەبێ،

هەروەک چۆن ترشە سێوێک لە ترشە سێوێکی دیکە دەچێ،

باشە تۆ دەزانی بۆچی لووت کەوتۆتە ناوەڕاستی دەموچاو...؟

لیر:

نەخێر.

باڵووڵ:

تاکو لەسەر هەر دیوێکی لووتی چاوێکی هەبێ،



تا بۆی بکرێ لەوە ڕابمێنێ کە ناتوانێ بۆنی بکا.

لیر:

من غەدرم لەو ئافرەتە کرد....

باڵووڵ:

تۆ دەزانی هێلکە شەیتانۆکە چۆن قەپێلکەکەی دروست دەکات...؟

لیر:

نەخێر.

باڵووڵ:

منیش نایزانم...

بەڵام دەزانم بۆ چەقچەقۆکە قەپێلک بۆ خۆی دروست دەکا.

لیر:

بۆچی..؟

باڵووڵ:

تا سەری خۆی تیا بشارێتەوە و نەیخاتە بەردەستی کچەکانی،

ناشیەوێ شاخەکانی لەو گۆڕە بێ.

لیر:

من کە باوکێکی دڵنەرم بووم..

واز لەو تەبیعەتەی خۆم دێنم...

ئەسپەکەی منتان زین کرد..؟

باڵووڵ:

کەرەکانی تۆ؟ وا خەریکن...

بەڵام بۆ حەوت پێروو لە ئاسمان هەن و زیاتر نین،

هۆیەکی بەجێی خۆی هەیە.

لیر:

چونکە هەشت پێروو نین.

باڵووڵ:

ئەرێ وەڵڵاهی...

گەر بتەوێ چاکترین باڵووڵی.

لیر:

دیسانەوە بەزۆر دەیسێنیت... ئەی دڕندەی سپڵە.

باڵووڵ:

مامە...

گـەر تۆ باڵـووڵی من بـوویتـایە فـەرمـانم دەدا بەوەی دارکـاری بکرێی لەبەرئەوەی زوو پیر بوویت.

لیر:

ئەمەیان چۆن..؟

باڵووڵ:

دەبوایە تۆ پیر نەبیت تا عاقڵ دەبوویت.

لیر:

وام لێ مەکە شێت بم...

ئەی خودایە گیان با شێت نەبم...

فریام کەوە با لەسەرخۆ بم، نامەوێ شێت بم



(یەکێ لە دەستوپێوەندەکان دێتە ژوورێ)

ها ئێستا چۆن... ئەسپەکانتان ئامادە کرد..؟

پیاوەکە:

ئامادەیە گەورەم.

لیر:

بەدوام کەوە ڕۆڵە.

باڵووڵ:

ئەوەی لە ئێوە تا ئێستا کچێکی پاکیزەیە و...

وای بۆ دەچێ لە ڕێ لامداوە و...

پێکەنینی دێ با ئەوە بزانێ ئەم کچێنییەی تا سەر نابێ مەگەر تەنها بەوەی شتەکان لە کورتییەوە بنبڕ بێ..!

# پەردەی دووەم

## دیمەنی یەکەم

(ناو قـەڵای ئیـرل گلۆسـتـر.. ئیـدمـۆند–ی زۆڵ و پاشـان "کێرن" دێنە ژوورێ، یەک لە دوای یەک)

ئیدمۆند:

سڵاو.. کێرن.

کێرن:

سڵاو گەورەم.. هەر ئێستا لەگەڵ باوکت بووم و پێم ڕاگەیاند کە "دۆق کۆرنۆڵ و ریگن"ی خێزانی هەر ئەمشەو دەبنە میوانی.

ئێدمۆند:

ئەمەیان چۆن ساز بوو..؟

کێرن:

نازانم.. گوێت لەو قسە و قسەڵۆکەی خەڵکی بووە؟ مەبەستم ئەو فستە فستەیە.. گەرچی تا ئێستا هەر قسەیە و هیچی تر.

ئێدمۆند:

نەخێر.. تکایە دەڵێن چی..؟

کێرن:

گوێت لەوە نەبووە کە ڕەنگە شەڕێک لە نێوان دۆق کۆرنۆڵ و دۆق ئەلبانیدا هەڵگیرسێ..؟

ئێدمۆند:

نەء.. بڵێی یەک وشەش.



کێرن:

کەواتە لەوانەیە بەم زووانە بیبیستی.. ماڵئاوا گەورەم.

(دەچێتە دەرێ)

ئێدمۆند:

ئەمشەو کۆرنۆڵ لێرە دەبێ..؟ ئەی کە چاکە ئەوەیان هەر بۆ خۆی ڕێکە لەگەڵ نیازی من.. باوکیشم یاساوڵێکی داناوە تا براکەم بگرێ.. گەرەکە منیش زۆر وت و وریا بم. دەبێ دەست بوەشێنم.. ئەی چارەنووس.. بەپەلە لەگەڵما یار بە.

(ئێدگار دێتە ژوورێ)

براکەم.. وشەیەک.. من دەڵێم براکەم دابەزە

باوکم لە پەناوە سەیرت دەکا و.. لێرە مەمێنە

زانیویەتی لە کوێ خۆت شاردۆتەوە

شەوت لە بەردەمە و کەڵکی لێ وەرگرە

باشە تۆ قسەت بەدۆق کۆرنۆڵ نەوتووە؟

هەر ئەمشەو ، زۆر بەپەلە، دەگاتە ئێرە

لەگەڵ ریگن–ی ژنی، خۆ لای ئەو دژ بەدۆق ئەلبانی قسەیەکی خەراپت نەکردووە؟

چاک بیری لێ بکەرەوە

ئێدگار:

من دڵنیام کە هیچم نەوتووە.

ئێدمۆند:

گوێم لێیە.. ئەوا باوکم هات.. بمبوورە: بەفێڵ وای دەنوێنم کە

شمشێرم لە ڕووی تۆدا هەڵکێشاوە
تۆش شمشێرەکەت لە کالان دەربێنە
وای بنوێنە کە بەرگری لە خۆت دەکەی..
دەی جوان بیهێنی.
(بەدەم هاوارەوە)
چەک فرێ دە.. دەی وەرە بەردەمی باوکم ڕووناکی خەڵکینە
(بەچرپەوە)
ڕاکە براکەم.. ڕاکە
(بەدەم هاوارەوە) شاپلیتە.. شاپلیتە خەڵکینە
(بەچرپەوە) ڕاکە.. خواحافیزت بێ (ئێدگار دەچێتە دەرێ)
(باسکی خۆی بریندار دەکا)
بەم تۆزە خوێنە وا دێتە بەرچاو
کە مێرانە جەنگا بم، من سەرخۆشی وام دیوە
گەمەی لەوە قورستریان کردووە.. باوکە..
باوکە.. بوەستن... بوەستن... ئەوە کەس نییە یارمەتیم بدا..؟
(گلۆستر و خزمەتکاران بەخۆ و بەشاپلیتەوە دێنە ژوورێ)

گلۆستر:

ها ئیدمۆند.. ئەو حەرامزادە وا لە کوێ..؟

ئێدمۆند:

لێرە لەم تاریکییە خۆی حەشار دابوو
شمشێری تیژی لە کالان دەرهانی بوو



لە ژێر لێوەوە سیحری سەرشانی دەخوێند
لە مانگ دەپاڕایەوە بەخت و چارەنووس لەگەڵیا یار بێ.

گلۆستر:

بەڵام چوو بۆ کوێ..؟

ئێدمۆند:

سەیرکە گەورەم.. چۆن خوێنم لی دەتکێ.

گلۆستر:

ئێدمۆند.. من دەڵێم ئەو حەرامزادەیە وا لە کوێ؟

ئێدمۆند:

لێرەوە ڕایکرد.. چونکە نەیتوانی
(هەندێ لە خزمەتکاران دەچنە دەرێ)

گلۆستر:

بکەونە دوای.. نەهێڵن دەرچی.. ها وتت "چونکە نەیتوانی" چی نەتوانی..؟

ئێدمۆند:

نەیتوانی قایلم کا بەوەی تۆ بکوژم... گەورەم وەلێ من پێم وت کە هەر کەسێک باوکی خۆی بکوژێ
بەر برووسکی خوداوەندە تۆڵەسێنەکان دەکەوێ.
باسی گەلێ پەیوەندی پتەو و پیرۆز کە فەرزەند بەباوکەوە دەبەستێ.
گەورەم کە زانی من وا بەجەرگەوە بە ڕوویدا وەستاوم
بە ڕووی نیازی چەپەڵ و ناجۆری... دڵڕەقانە بە ڕوومدا

هەڵشاخا
شمشێرەکەی لە کالان دەرهێنا و...
پەلاماری دام
منێکی بێ بەرگری.. قۆڵی زامار کردم:
کە زانی مێرانە بە ڕوویدا دەجەنگم
بۆ سەرخستنی هەق نەترسانە لە شەڕدام
یا لەو نەعرەتەی من زەندەقی چوو
کتوپڕ نەما و بۆی دەرچوو.
گلۆستر:
با بڕوا.. تا ئەو شوێنەی بۆی دەکرێ
تا سەر لەسەر ئەم زەوییە سەربەست نابێ
هەرکە دۆزیتەوە.. لە ناوی بەرە..
ئەمشەویش دۆقی گەورەم.. پشت و پەنام لێرە میوانە
هەر بەپشت و پەناهی ئەویش ڕایدەگەیەنم
کە جێی شانازی ئێمەیە هەر کەسێک بیدۆزێتەوە
بتوانێ ئەو پیاوکوژە ترسنۆکە دەستبەسەرکا
مەرگیش بۆ ئەو کەسەی بیشارێتەوە.
ئێدمۆند:
کاتێکیش ویستم لەو نیازە پەشیمانی کەمەوە
بینیم زۆر سوورە لەسەر ڕای خۆی
بەتوندی هەڕەشەم لێ کرد کە ڕسوای دەکەم
وەڵامی دامەوە "زۆڵی لە برسا مردوو.. تۆ وا تێ دەگەی



گەر من بە ڕووتدا وەستام..
تۆ ئەو بڕوا و جوامێری و یا لێوەشاوەییە
لە خۆتدا بەدی دەکەی کە خەڵکی بڕوات پێ بکەن..؟
نەخێر.. ئەوەی نکووڵی لێ دەکەم..
هی ئەوەیە کە دەبێ نکووڵی لێ بکەم..
هەتا گەرچی کردوومە بخەیتە بەرچاوی خەڵکی..
هەمووی دەخەمەوە پاڵ پیلان و کودەتا و سووربوونت لەسەر فێڵە چەپەڵەکانت
هەقی خۆتە هەر هەموو خەڵکی بەگەلحۆ بزانیت
گەر لە مەرگی من خێر و خۆشی تۆ نەبینن
خێر و خۆشییەک ئەوەندە زۆر کە وات لێ بکا
سوور بیت لەسەر مردنی من."
(سەدای شەیپوور لە ناوەوە)
گلۆستر:
ئای لە زۆڵی کەللەڕەق.. وەی لەو سەیر و سەمەرەیە حاشا لە نامەی خۆی دەکا.. وای وت..؟
(سەدای شەیپوور لە ناوەوە)
گوێ بگرە... سەدای شەیپووری دۆقە.. من تێناگەم بۆ هاتووە؟
چی دەروازە هەیە دایدەخەم ، نابێ ئەو حەرامزادەیە دەرباز بێ
هەقی خۆیەتی دۆق ڕێگەی ئەوەم بدا.. جگە لەوەش وێنەکەش دەنێرم بۆ هەموو لایەک.. دوور و نزیک تاکو هەموو کەسێک لە مەملەکەت بیناسنەوە.. بەڵام سەبارەت بەزەویوزارەکانم.. ئەی

ڕۆڵەی بێ وەفا و شەرعیم هەموو شتێک مەیسەر دەکەم تا
هەقی خۆت بەرکەوێ
(کۆرنۆڵ و ریگن و دەستوپێوەندەکان دێنە ژوورێ)

کۆرنۆڵ:

سڵاو ئەی هاوڕێی شکۆمەندم.. لە وەتەی هاتوومەتە ئێرە.
(کە دەتوانم بڵێم هەر ئێستا گەیشتم)
گەلێ هەواڵی سەیرم بیست.

ریگن:

گەر ئەوە ڕاست بێ... هەرچییەکی بەسەر پیاوی خەراپدا بێ
دەبێ هێشتا هەر کەم بێ.. گەورەم تۆ چۆنیت..؟

گلۆستر:

ئۆه. خانمەکەم.. دڵی کەنەفتم شەقی برد.. شەقی برد..

ریگن:

مەسەلە چییە.. ئەو کوڕی کە باوکم هەڵیگرتەوە و ناوی لێ نا..
تینووی خوێنی تۆیە.. ئێدگارێک کە کوڕی خۆتە..!

گلۆستر:

ئۆه.. خانمەکەم.. من لە شەرمانا ئەو شتە دەشارمەوە.

ریگن:

باشە ئەم هاوڕێی سوارە ئاژاوەگێڕەکان نەبوو، ئەوانەی
خزمەتی باوکمیان دەکرد..؟

گلۆستر:

نازانم خانمەکەم.. شوورەییە.. شوورەیی.



ریگن:

کەواتە سەیر نییە گەر خیانەتی کردبێ
هەر ئەوانیش هانیان داوە ئەو پیرە بکوژێ
تا دەست بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا بگرن.
بەڕاست و چەپدا و بەکەیفی خۆیان خەرجی کەن
هەر ئەو ئێوارەیە نامەیەکی خوشکەکەم پێ گەیشتووە
لە ڕەفتاری ئەوان حاڵیم دەکا... وەئاگام دێنێ
کە ئەگەر ئەوان هاتنە نێو ماڵەکەم..
وا چاکە من دەرچم و لەوێ نەمێنم.

کۆرنۆڵ:

هەروا منیش ریگن.. دڵنیات دەکەم
ئیدمۆند پێی وتم ئەوەی تۆ بۆ باوکت کردووە
کوڕیش بوویتایە هەر ئەوەندەت پێ دەکرا...

ئیدمۆند:

ئەوەیان ئەرکی سەرشانمە..گەورەم.

گلۆستر:

فێڵ و پیلانە چەپەڵەکەی ئاشکرا کرد
کە ویستی قۆڵبەستی ئەم زاماری کرد
ئەو زامەی کە دەیبینن.

کۆرنۆڵ:

باشە ئێستا بەدوایەوەن..؟

گلۆستر:

بەڵێ گەورەم.

کۆرنۆڵ:

گەر بکەوێتەوە بەردەست... پێویست ناکا
کەس لەوە بترسێ
ئەم بتوانێ زەرەر بەخەڵکی بگەیەنێ
بەناوی منەوە بڕیاری خۆت بدە..
لەسەر هەر کارێک کە خۆت مەبەستتە
ئێدمۆند سەبارەت بەتۆش
چاکی و گوێڕایەڵی ئێستات
تۆی خستۆتە بەردڵمان..
ئیتر تۆ یەکێکی لە خۆمان
کەسانی وەک تۆ بەوەفا..
زۆرمان پێویستی پێ دەبێ
تۆ یەکەم کەس دەبیت کە دەمانەوێ.

ئێدمۆند:

گەورەم من بەدڵ لە خزمەتدام.. هەر چۆنێک بێ.

گلۆستر:

من لەبری ئەویش سوپاستان دەکەم.

کۆرنۆڵ:

تۆ نازانیت ئێمە بۆ هاتووینەتە لاتان؟



ریگن:

گەرچی هاتنێکی ناوەختە... وەک دەزوویەک
بەنێو دڵی شەودا
بەڵام مەسەلەکە ئەوە دەهێنێ... ئەی گلۆستری شکۆمەند
ئەوە دەهێنێ گوێ لە ڕاوێژی تۆ بگرین
باوکم بۆی نووسیوم هەروەها خوشکەکەشم
دەربارەی هەندێ ناکۆکی کە من بەچاکم زانی
دوور لە ماڵی خۆمان لێی بدوێم
ئەو چەند پەیامنێرەشمان لەسەر سەفەرن کە بڕۆن
ئەی هاوڕێی چاک و دێرینمان دەبا ئاسوودە بیت
دڵکراوە بیت لەگەڵمان.. پێمانی بەخشە
چی ئامۆژگاری پێویستت لایە بۆ ئەم کارەمان
ئەو کارەی هەر ئێستا بەجێهێنانی دەوێ لێمان.

گلۆستر:

خانمەکەم... من ئەوەتام لە بەردەستتان
یا خوا بەخێربێن سەرسەرمان..

(سەدای شەیپوور و پاشان دەچنە دەرێ)

**دیمەنی دووەم**

(نزیک بەقەڵای گلۆستر، کینت و ئێزواڵد کە سەرۆکی خزمەتکارانە هەریەکە و لە لایەکەوە دێنە ژوورێ)

ئێزواڵد:

سپێدەو باش هاورێ.. تۆ یەکێکی لەم ماڵە..؟

کێنت:

ئا..

ئێزواڵد:

ئەم ئەسپانە لە کوێ ڕابگرین..؟

کێنت:

لە نێو قوڕ و چڵپاو..

ئێزواڵد:

کەواتە منیش چارەی تۆم ناوێ.

کێنت:

بەڵام کە چنگم لی گیر کردیت وات لێ دەکەم کە چارەی منت بوێ.

ئێزواڵد:

بۆ بەم شێوەیە مامەڵەم دەکەی..؟ خۆ من تۆ ناناسم.

کێنت:

بەڵام کابرا من تۆ دەناسم.

ئێزواڵد:

سەبارەت بە من چی دەزانی..؟



کێنت:

تۆ سووک و نامەردیت، چڵکاوخۆر، هیچوپووچ، فشەکەر، ساویلکە، ملکەچ... لەو سواڵکەرانەی کە گۆرەوی هەلا هەلای خووری لە پێ دەکەن، ترسنۆک و تەڵەکەبازیت، حەرامزادە و چاو لە دەست و کاسەلێس.. بەڕەڵڵا.. خۆهەڵکێش.. چەند حەزت بەوەیە لە ئاوێنە سەیری خۆت بکەی.. تۆ کۆیلەی.. خاوەنی تەنها جانتایەک.. دەربەستیش نیت گەوادی بۆ گەورەکان بکەی، تۆ تەنها تێکەڵێکیت لە نامەردێک و سواڵکەرێک و ترسنۆک و گەوادێک، تۆ هەی کوڕی دێڵە سەگ گەر نکووڵی لەم سیفەتانەی خۆت بکەی ئەوەندەت تێ هەڵدەدەم تاکو دەوەڕی.

ئێزواڵد:

ئای کە دڕندەی.. گاڵتە بەزەلامێک دەکەی کە نە دەیناسی و نەدەتناسێ.

کێنت:

ئای کە خزمەتکارێکی بێ شەرم و شکۆی... نکووڵی لەوە دەکەی بمناسیت..؟ باشە.. هەر تەنها دوو ڕۆژ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە کە پاشقولم لێ گرتیت و لە بەردەم پاشادا دارکاریم کردیت..؟ شمشێرەکەت هەڵکێشە، گەرچی شەویشە، بەڵام مانگەشەوە.. هەر ئەمشەو لەتوپەتت دەکەم.. تۆ ئەی کوڕی فاحیشە.. چەپەڵ.. هەمیشە لە بەردەمی سەرتاشخانەکاندا کەوتوویت، شمشێرەکەت دەرکێشە.

ئێزواڵد:

لێم دوورکەوە.. هیچ پەیوەندییەکم بەتۆوە نییە.

کێنت:

شمشێرەکەت دەرکێشە نامەرد.. دژ بەپادشا نامە دەهێنێت.. پشتی ئەو بووکەشووشە فوو تێکراوە دەگریت، دژ بەدەستەڵاتی باوکە دەوەستی.. شمشێرەکەت هەی چەپەڵ.. ئەگینا قاچ و قولت لەت و کوت دەکەم... ناکەس شمشێرەکەت دەرکێشە.. وەرە پێشێ.

ئێزواڵد:

فریام کەون خەڵکینە.. دەمکوژێ.. فریام کەون.

کێنت:

دەست بکەرەوە کۆیلە. بوەستە نامەرد... بوەستە هەی کۆیلەی پۆشتە و پەرداخ.. دەست بکەرەوە.

ئێزواڵد:

هاوارە فریام کەون دەمکوژێ.. دەمکوژێ.

(ئیدمۆند و کۆرنۆڵ و ریگن و گلۆستر و دەستوپێوەندەکان دێنە ژوورێ)

ئیدمۆند:

ئەوە چییە..؟ شەڕی چیتانە..؟ دەست لە یەخەی یەکدی بکەنەوە.

کێنت:

ئەوە تۆی کوڕی چاک.. وەرە پێشێ تکایە.. با حیسابێ بکەین بەیەکەوە..

گلۆستر:

ئەوە چییە.. ئەم هەموو شیر و تیرە.. ئەو هەموو چەک و



چەکبارە.. ئەوە چی قەوماوە لێرە..؟

کۆرنۆڵ:

ژیانی خۆتان لە دەست مەدەن.. ئەوەی دەست بکاتەوە دەیکوژم.. چیتانە..؟

ریگن:

ئەم دوو پەیامنێرە لە لای خوشکم و پادشاوە هاتوون.

کۆرنۆڵ:

لەسەر چی شەڕتانە؟ قسە بکەن.

ئێزواڵد:

گەورەم هەناسەم بۆ نادرێ... خەریکە بخنکێم.

کێنت:

شتێکی سەیر نییە، زیاد لە پێویست غیرەتت جووڵاوە، تۆ فڕت بەسەر بنیادەمەوە نییە ترسنۆک.. تۆ چیت جگە لە دەستکردی بەرگدرووییەک.

کۆرنۆڵ:

کابرایەکی سەیریت.. تۆ هیچ بەرگدرووییەکت دیوە بنیادەم دروست بکا..؟

کێنت:

بەرگدروو گەورەم.. نەک پەیکەرتاش و وێنەکێش، چونکە ئەگەر ئەم دووانە دروستیان بکردایە وا ناشرین نەدەبوو.. هەتا گەر دوو ساڵیش بەسەر پیشەکەیاندا تێنەپەڕی بووایە.

کۆرنۆڵ:

قسە بکەن.. ئەم شەڕەتان لەسەر چی بوو..؟

ئێزواڵد:

گەورەم.. ئەم پیرە دڕندەیەی کە لەبەر ڕیشە سپییەکەی نەمکوشت..

کێنت:

کوڕی فاحیشە، بێ قیمەت، ئەی پیتیکی بێ کەڵک، گەورەم گەر ڕێگەم بدەی ئەم نامەردە بخەمە ژێر دەست و پێم و لە قوڕ و چڵپاوی وەردەم، لێم گەڕێ با دیواری ئاودەستخانەیەکی پێ سواغ بدەم.. لەبەر ڕیشی سپیم سکت بەمن سووتا.. کلک لەقێن؟

کۆرنۆڵ:

بەسە کابرا.. دڕندەی پیس.. تۆ ڕێزی کەست لا نییە.

کێنت:

هەمە گەورەم.. بەڵام کە پیاو تووڕە بوو هەموو شتێک دەڵێ.

کۆرنۆڵ:

جا تۆ بۆ تووڕەی..؟

کێنت:

چونکە کۆیلەیەک وەک ئەم شمشێر هەڵدەگرێ
بێ ئەوەی شەرەفی ئەوەی هەبێ
ئەو بەدنیهادە دەم بەخەندانەی وەک ئەم لە تەبیعەتی مشکدان..
زۆر کات پەیوەندییە پیرۆزەکان دەقرتێنن
گەرچی لەوەش توندترن کە بقرتێن
هەر هەست و سۆزێکیش لە دڵی گەورەکانیان داگیرسێ



ئەوان زوو دایدەمرکێننەوە
نەوتی هەموو گڕێکن.. سەهۆڵی هەموو خولقێکی سارد
تاوێ نکووڵی و تاوێ پشتگیری،
بەپێی وەخت و گۆڕانی گەورەکان ئەوانیش دەگۆڕێن
لە ملکەچی و کلکە لەقێ زیاتر نازانن
(ڕوو دەکاتە ئێزواڵد)
بەلەعنەت بێ ئەو چارە گرژەت
پێکەنینت بەم قسانە دێ... وا تێدەگەی من باڵووڵم..؟
دەڵێی قازی..
وەڵڵاهی گەر لە پێدەشتی"ساروم"یشدا بتبینم
ڕات دەدەم تا لە "کاملۆت" بەدەم قیڕە قیڕەوە
دەتخەمەوە کۆلیتەکەت.

کۆرنۆڵ:

ئەوە چیتە؟ شێت بووی پیرەمێرد..؟

گلۆستر:

بۆ بەشەڕ هاتن..؟ قسە بکە.

کێنت:

ئەو ڕقەی لە نێوان من و ئەو هیچەدایە لە نێوان هیچ دوژمنانێکدا نییە.

کۆرنۆڵ:

بۆ بەهیچوپووچی دادەنێی..؟ چ تاوانێکی کردووە..؟

کێنت:

حەز لە چارەی ناکەم.

کۆرنۆڵ:

ڕەنگە حەز لە چارەی منیش نەکەی، نە هی ئەویش و نە هی ئەم ئافرەتەش.

کێنت:

گەورەم.. خولقی من ئەوەیە لە ڕاستی لانەدەم من لە ژیانما گەلێ چارەی شیرینترم دیوە لەو چرۆچاوانەی کە لەم ساتەدا.. وان لە بەرچاوم.

کۆرنۆڵ:

ئەمە پیاوێکە.. بێ تام ڕاستگۆ بووە.. هەر بۆیە ستایش کراوە
تا وای لێ هاتووە بەڕەفتاری ناشیرین خۆی بنوێنێ
هەموو قسەیەک بشێوێنێ و قەت وەکو خۆی نەیدرکێنێ
گوایە ئەفەندی مامە حەمەیی نازانێ..
بەوەفا و ڕاستگۆیە قسەی ڕاست دەکا و مەرایی نازانێ
دیارە خەڵکیش ئەم قسانەی بەڕاست لێ دەکرن
ئەگینا ئەم ڕاستگۆیە و هیچی تر
من ئەم جۆرە بێ شەڕەفانە چاک دەناسم
لە ژێر پەردەی ئەو ڕاستییەدا
فێڵ و فڕ و نیازی وا پیس دەشارنەوە
کە بەبیست خزمەتکاری هیچ و ملکەچ ناکرێ
ئەوانەی زۆر ورد کاری خۆیان دەچن.



کێنت:

گەورەم.. سوێند بەئیمانی ساغ،
ڕاستی پیرۆز
دوای ڕوخسەت لە بەردەم سیمای پاک و پیرۆزتان
کە چارەنووس وەک تاجی گڕی
دەوری تەوێڵی سووتاوی "ئەپۆلۆ" دەبەخشێتەوە..

کۆرنۆڵ:

مەبەستت چییە لەم قسانە..؟

کێنت:

مەبەستم.. گەر من بەزمانی خۆم قسەم نەکردبێ
کە تۆ بۆ ئەوە تەواوێ سەرزەنشتت کردم،
گەورەم من دەزانم کە قەت ناشێ من کابرایەکی دووڕوو بم،
ئەوەشی کە بەزمانێکی ڕەوان فێڵی لێ کردوویت
دیارە کە چ چەپەڵ و نامەردێکە،
کە من حەز ناکەم ئەو کەسە بم...
گەرچی لەوانەیە لێم دڵگیر بیت بپارێمەوە کە بەیەکێ لەوانم حسێب بکەی.

کۆرنۆڵ:

باشە تۆ چ تاوانێکت لەگەڵدا کردووە..؟

ئێزواڵد:

هیچ.. من هیچم نەبووە لەگەڵی: ئەوە نەبێ

بەم دواییە پاشا وای لێ خۆش هات کە گوایە من تاوانبارم و
دەبێ ئەو بێ و دارکاریم بکا
.. ئەمیش بەوەوە نووسا و ئەم ڕقەی پاشای بەهەل زانی و ئیتر
پاشقولی لێ گرتم،
کە کەوتم، پتر شکاندمی و سووکایەتی پێ کردم
خۆی لە بەرگێکی پیاوانەدا نواند
بەرگێک کە بهێنێ...
پاشاش ستایشی کرد بەوەی کە هێرشی هێناوەتە سەر
کەسێک کە هەر خۆی ملی بەخۆی کەچ کردبێ
ئیتر کە بۆی ڕەخسا زیاتر و ترسناکانە سەرپێچیکا
هاتەوە و بۆ دووبارە شمشێرەکەی لە من هەڵکێشا.

کێنت:

هەیەکێ لەو چەپەڵ و ترسنۆکانە
دەتوانێ پاڵەوانێکی وەک "ئایاز" کەر بکا.

کۆرنۆڵ:

ئەو سندمە بێنە با بیبەستمەوە
پیری شەڕانگێز و چەپەڵ.. دەبێ دەرسێکی وات دادەم
کە تەمبێ بیت.. هەی پیری بەکەش و فش.

کێنت:

گەورەم..، تازە من لەوە پیرترم کە فێربم
کۆت و پێوەندم بۆ مەهێنە..
من کە پیاوی پادشام



لەسەر فەرمانی ئەوە هاتووم و پەیامێکم پێیە بۆ تۆ
کەچی تۆ ڕێزێکی کەم و ڕقێکی ئەستوور
بە ڕووی هەیبەت و مەقامی پادشاکەم دەردەبڕی
گەر تۆ بێت و بەپەیامنێرەکەی سندم کەی.

کۆرنۆڵ:

وتم ئەو سندمە بێنن
سوێند بێ بە ژیان بە شەڕەفم
دەبێ تا نیوەڕۆ سندمی کەم و بیبەستمەوە.

ریگن:

تا نیوەڕۆ..؟ بڵێ تا شەو دادێ گەورەم
بەدرێژایی شەوەکەش با هەر وابێ.

کێنت:

خانمەکەم.. گەر من سەگی باوکت بوومایە
ئاوا مامەڵەت نەدەکردم.

ریگن:

قوربان، لەبەرئەوەی تۆ پیاوی ئەویت
بۆیە مامەڵەی وات لەگەڵدا دەکەم.
(سندمەکە ئامادە دەکەن)

کۆرنۆڵ:

ئەوە هەمان پیاوە.. کە خوشکەکەمان باسی دەکا..
دەی زوو کەن ئەو سندمە بێنن.

گلۆستر:

گەورەکان.. بەخشندەییتان دەخوازم... تکایە وای لێ مەکەن.
(گوناهەکەی گەلێ گەورەیە) و پاشای میهرەبانیش کە
گەورەیەتی... لەسەر ئەوە سەرزەنشتی دەکا
ئەگەریش ئێوە نیازتانە وا سووک تەمبێی کەن
ئەوە ئەو تەمبێکردنە بۆ هیچترین و سووکترین زەلامە
کە لەسەر وردە دزی و سووکە نابەجێی سزا دەدرێن
دیارە پادشا بەوە سەغڵەت دەبێ.
گەر بزانێ پەیامنێرەکەی سووکایەتی وای پێ دەکرێ
چونکە سووککردنی پەیامنێر سووکایەتی ئەمە.

کۆرنۆڵ:

لەوەدا من خۆم بەرپرسیارم.

ریگن:

دیارە خوشکەکەشم بەوە زۆر سەغڵەت دەبێ
گەر بزانێ ئەو پیاوەی کە جێی بڕوایەتی
وا سووک دەکرێ و... هێرشی بۆ دەبرێ
لە کاتێکدا کە کابرا بەکاری ئەم هەڵدەستێ
ئا هەردوو قاچی سندم کەن.
(کێنت سندم دەکرێ)
دەی با ئێستا بڕۆین گەورەم.
(هەموویان دەچنە دەرێ.. تەنها گلۆستر و کێنت دەمێننەوە)



گلۆستر:

من بۆت بەداخەوەم هاوڕێ..
ئەمەیان ئارەزووی دۆق خۆیەتی
هەموو دونیاش دەزانێ کە ئارەزووی ئەم نەرەت دەکرێتەوە و نە پێشێل دەکرێ
بەڵێن بێ بۆ تۆ لێی بپاڕێمەوە.

کێنت:

تکایە وازی لێ بێنە.. من ماندووی خەوم و زۆریش بەپێ ڕۆیشتووم
بۆ خۆم سەرخەوێ دەشکێنم و
ئەوەکەی تر دەست دەکەم بەفیکە لێدان
دیارە بەختی پیاوی باش ڕووی لە لێژییە
بڕۆ و پێت دەڵێم ئەم کاتەت باش.

گلۆستر:

نا.. بۆ ئەمەیان دۆق جێی گلەیی لێکردنە.. کەسیش لێی ڕازی نابێ.
(دەچێتە دەرێ)

کێنت:

ئەی پاشای میهرەبانم.. ئەم حاڵەی تیام ئەو پەندەیە کە دەڵێ:
"بۆ ڕیش چووم سمێڵیشم لەسەر دانا"
ئەی ئەو خۆرەی سەر زەمین ڕۆشن دەکەیتەوە نزیک بەرەوە

تا لە ژێر پرشنگی هەتاوت بتوانم ئەم نامەیە بخوێنمەوە
دیارە تەنها نەگبەتەکان بەهای موعجیزە دەزانن
دەشزانم کە لە "کۆردیلیا"وەیە
خۆش بەحاڵم کە پێم وتووە چۆن خۆم دەگۆڕم و نیازم چییە
ئەویش ئا لەو بارە ناهەموارەدا کاتی ئەوەی دەبێ
هەرچییەکی کە لە دەست داوە سەرلەنوێ بیگەڕێنێتەوە
ئەی چاوانی ماندوو.. خەو تێ شکاو.. چەند خەواڵووی
پێڵوەکانت لێک نێ و با ئەم حاڵە پڕ لە شەرمەزارییە نەبینیت..
شەوت شاد دیسانەوە پێکەنە...
دەی تۆش زەمانە با چەرخ و فەلەکەکەت بسووڕێ.
(دەخەوێ)

## دیمەنی سێیەم

(ئێدگار دێتە ژوورێ)

ئێدگار:

گوێم لێ بوو بانگیان دەکردم..
ڕاویان دەنام..
لێم خۆش هات و لە نێو کلۆری درەختێکدا خۆم شاردەوە.
ئاوا توانیم قوتار بم بێ لە دەستیان
بەندەرێک نییە حەسحەسی لێ نەبێ
هەر شوێنێک دەچم پڕە لە سیخوڕ و یاساوڵ
دوو چاویان هەیە و دەشیان قەرز کردووە و



بەدوامدا دەگەڕێن تا بمگرن و بمبەن
وەلی مادامەکێ هەڵاتووم تا سەر خۆم دەپارێزم
بیریشم لەوە کردۆتەوە خۆم لە پەڕپوترین بەرگدا بنوێنم.
زۆر برسی و ڕووت
بەڕادەیەک کە سووکایەتی بێ بۆ مرۆڤ
دابەزم تا ئاستی ئاژەڵێک
دەموچاوم سواغ دەدەم
پاشەڵیشم پینە پینە. قژیشم بژ و ئاڵۆزکاو
سینە و بەرۆکی لێ ڕووت دەکەم
بەڕووی "با" و زوڵمی ئاسمان
گەلێ نموونەی شێت و سواڵکەر و گەلحۆشم لە یادە
ئەوانەی وان لە گوندەکان و دەیکەن بەهاتوهاوار
بەدەرزیلە و تەلاشی دار و بزمار و دڕک و داڵ
لە قۆڵ و باسکی ڕووتی خۆیان دەدەن
کە ئازاریان ناگا چونکێ سڕ بووینە
ئا بەم حاڵە زۆر ناجۆر و ناشیرینە
لە باخچە و کێڵگە بێ خێرەکاندا
لە گوندە پڕ برسی و هەژارەکاندا
لە نێو تەویلە و ئاشەکاندا
تاوێ بەدەم جنێوی شێتانەوە... تاوێک دەست بەدوعاوە......
منیش لەگەڵیانا هاوار دەکەم:
"من دەروێشێکی پەتیارەم... منم "تۆما"ی بەستەزمان

هیچ نەبێ ئەوەیان شتێکە.. بەڵام لەوەی کە ئێدگارم.. یانێ
هیچ.

(دەچێتە دەرێ)

### دیمەنی چوارەم

(شا لیر و باڵووڵ و دەستو پێوەندەکان دێنە ژوورێ و
کێنت-یش پێی هەروا لە سندمدایە)

لیر:

سەیرە هەردووکیان ماڵەکەیان وا جێ هێشتووە
بێ ئەوەی پایامنێرەکانم بۆ بگێڕنەوە.

پیاوێک:

وەک من ئاگام لێ بووبێ
هەتا شەوێک لەمەوبەریش
شتی وایان لە خەیاڵدا نەبووە کە ئێرە جێ بێڵن.

کێنت:

خۆش هاتن خاوەن شکۆ
خۆش هاتن گەورەم.

لیر:

ها..؟ ئەوە تۆ ئەم سووکایەتییەت لێ خۆش هاتووە..؟

کێنت:

نەخێر گەورەم.

باڵووڵ:

ها...ها... زۆر توند هەردوو قاچیان بەستۆتەوە، ئەسپەکان



ڕەشمەیان لەسەر دەنێن و دەیانبەستنەوە، سەگ و ورچەکانیش لە ملەوە، مەیمونەکانیش لە کلکەوە، پیاوانیش لە قاچەوە... بەتایبەتی گەر زۆر بجووڵێن و حەجمانیان نەبێ.. دیارە ئەوساش گۆرەوی دارینیان لە پێ دەکرێ.

لیر:

کێیە ئەو کەسەی مەقامی تۆی نەزانیوە و..
زاتی ئەوەی کردووە ئەوە بەشیاوی تۆ بزانێ.؟

کێنت:

هەردووکیان... ئەم و ئەو... زاوا و کچەکەت.

لیر:

نابێ وابێ.

کێنت:

بەڵێ وایە.

لیر:

من دەڵێم نا.

کێنت:

منیش دەڵێم با.

لیر:

نا...نا... ئەوان شتی وا ناکەن.

کێنت:

بەڵێ کردیشیان.

لیر:

سوێند بە"جوبیتەر"ی خوداوەند ئەوان شتی وا ناکەن.

کێنت:

سوێند بێ "جۆنۆ"ی خوداوەند ئەمان شتی وایان لە دەست دێ.

لیر:

نەخێر.. ئەوان ناوێرن..
ناتوانن و ناشیکەن........ لە کوشتن پیسترە لەگەڵ خاوەن
مەقامێکدا وا دڕندانە ڕەفتار بکەن
زوو وەڵامم بەرەوە... تۆ کەی شایستەی ئەم ڕەفتارەی..
ئەوان زاتیان کرد ئاوا مامەڵەت بکەن. بەتایبەتی کە تۆ
پەیامنێرێکی ئێمەیت...؟

کێنت:

گەورەم کە لە ماڵێ خۆیان
نامەکەی بەڕێزتانم دانێ
بەر لەوەی لەو شوێنە بجووڵێم کە دەستە و نەزەر...
لەسەر ئەژنۆ فەرمانی خۆم بەجێ گەیاند
پەیامنێرێکی تر لە ئارەق شەلاڵ.. چ بۆنێکی لێ دەهات زۆر
بەپەلە و هەر بەغار هات..
هەناسە سوار.. هەر بەدەم ئەو هەناسەسوارییەوە
سڵاوی خانمەکەی "گۆنریل خان"ی بەجەماعەت گەیاند
هەندێ نامەی دانێ و منیش هەروا چاوەڕێم و وەستاوم
دەرحاڵ خوێندییەوە: بەپێی ناوەڕۆکەکەی
چی خزمەتکار و دەستوپێوەند هەن بانگ کران
دەستبەجێ سواری ئەسپەکانیان بوون



فەرمانیان پێ کردم بەدوایان کەوم و چاوەڕێی وەڵامیانم بم
تا ئەو حەلەی دەرفەتی وەڵامیان دەبێ..
بێ باکانە سەیریان کردم:
کە لێرەش ڕووبەڕووی پەیامنێرەکەی تر بوومەوە
دیارە کە هاتنی ئەو پەیامەکەی منی شێواند
منیش کە هەمان ئەو کەسە بووم..
لەم دواییەدا لە بەردەم بەڕێزتان بێ شەرمیم نواند
واشدەزانم غیرەتی پیاوەتیم لە عەقڵم پترە
جا بۆیە کە شمشێرم لێ هەڵکێشا
بەدەم هاوار و نەعرەتەی نامەردانەوە
خەریکبوو ماڵەکە بڕمێنێ.
زاوا و کچەکەشت ئەمەیان بەبێ ئەدەبی لە قەڵەم دا
لە سزای ئەوە ئەم سووکایەتییەیان پێ کردم کە دەیبینی.

باڵوول:

گەر قاز و قولینگی کێویت دی بەو ئاسمانەوە
ئەوە بزانە زستان هێشتا ماویەتی
گەر باوکان پەڕپووت بوون... جلی هەلا هەلایان کردە بەر
فەرزندەکانی سەغڵەتن و بەدەم ئۆفەوە دەم هەڵدێنن
وەلێ گەر جۆرکیان پڕ پارە بوو
ئەوسا ڕۆڵەکان سۆز دەنوێنن
ئەی فەلەک... تۆ سۆزانییەکی چەپەڵیت

هەرگیز ڕوو لە هەژار و بێ دەرەتان ناکەیت
وەلێ سەرەڕای ئەوەش.. کچەکانت ئەوەندە خەمت دەدەنێ.
کە وەک پارە بەدرێژایی ساڵ نەتوانیت بیژمێریت.

لیر:

ئاه... خەریکە دڵم بکەوێتە دەمم و بخنکێم
"هیستریکا پاسیۆ" ئەی خەمی هەڵچوو دامرکێ
با قەرارت بێ.. ئەی کوانێ کچەکەم..؟

کێنت:

لەگەڵ دۆق گلۆستر–ە گەورەم
وا لە ژوورەوە.

لیر:

نەیەن بەدوامدا.. لێرە چاوڕێم کەن.
(دەچێتە دەرێ)

پیاوێک:

لەوەی وتت.. چ هەڵەیەکی تر بووە..؟

کێنت:

هەرگیز.. باشە ئەی پادشا بەم ژمارە کەمەوە هاتووە؟

باڵووڵ:

گەر لەسەر ئەم پرسیارە پێت لە کۆت و زنجیر نێن..
دیارە کە سزایەکی هەق و بەجێیە.

کێنت:

بۆچی باڵووڵ..؟



باڵووڵ:

ئێمە تۆ دەنێرینە قوتابخانەیەک تا لای مێروولەیەک دەرس بخوێنیت تا فێرت بکا زستان وەرزی کار نییە. هەر کەسێک دوای لووتی خۆی کەوێ چاوانی ڕێنمایی دەکا.. تەنها کوێرەکان نەبێ.. لە نێو بیست لووتیشدا لووتێک نییە بۆنی پیاوی گەنیو نەکا. گەر چەرخێکی گەورەت دی بەگردێکدا غل دەبێتەوە دەستی لێ بەردە.. چونکێ ئەوەی دوای بکەوێ ملی دەشکێ. بەڵام گەر چەرخێکی تری ئاوا گەورەت بینی بەسەر گردێکدا هەڵدەگەرێ دوای کەوە، با سەرت بخا، گەر هۆشمەندێک ئامۆژگارییەکی باشتری کردیت ئەوەی خۆم بەرەوە، نامەوێ جگە لە نامەردەکان کەسی تر دوای بکەوێ... مادامەکێ خاوەن ئامۆژگاری باڵووڵە. گەورەم.. ئەو کەسەش کە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی خزمەتت دەکا. یان لە پێناو پایە و پلە بەدواتا ڕادەکا ئەو کاتەش کە باران دایکرد ئەم بارگە و بنەی تێک دەنێ لە نێو تۆف و زریاندا بەتەنیا جێت دەهێڵێ
بەڵام من دەمێنمەوە.. باڵووڵ لە کەس ڕانەکا
ئەو کاتەی کە هەموو کەسێکی عاقڵ پشتت تێ دەکا
دیارە نامەرد ئەو باڵووڵەیە کە هەڵدێ
وەلێ باڵووڵ قەت نامەرد نابێ.
(شا لیر و گلۆستر دێنە ژوورێ)

کێنت:

ئەم قسانە لە کوێ فێر بوویت باڵووڵ..؟

باڵووڵ:

دیارە لەو شوێنەدا نا کە سندم کرابم.. باڵووڵ..

شا لیر:

نایانەوێ قسەم لەگەڵدا بکەن

شەکەت و ماندوو.. هەردوو نەخۆشن

بەدرێژایی شەو بەڕێوە بوون..

وەڵڵاهی ئەمەیان فێڵ و تەڵەیە

هەمووی نیشانەی شۆڕش و هەڵگەڕانەوەیە

دەی تۆ... وەڵامێکی دروستم بدەرەوە.

گلۆستر:

گەورەم ئازیزم ئێوە خۆتان تەبیعەتی توندی دۆق شارەزان

ئەگەر ڕێگەیەکی گرتە بەر... لێی لانادا و...

قەتیش لێی پاشگەز نابێتـەوە

لیر:

ڕق و تۆڵەیە ، تاعونە، مەرگە، ئاژاوە و هەرا

توندوتیژ.. گڕاوی... ئەمە چ تەبیعەتێکە...؟

گلۆستر.. گلۆستر... دەمەوێ... قسە لەگەڵ دۆق کۆرنۆل و ژنەکەیدا بکەم.

گلۆستر:

چاکە گەورەم. من ئەوەم پێ ڕاگەیاندن

لیر:

تێم گەیاندن؟ تۆ لە من دەگەی کابرا؟

گلۆستر:

بەڵی.. گەورەم



لیر:

پاشا دەیەوێ قسە لەگەڵ کۆرنۆڵدا بکا

باوکی ئازیز، دەیەوێ لەگەڵ کچەکەی خۆی بدوێ

فەرمانە و دەیەوێ خزمەتێک بکا

تۆ ئەوەت پێ ڕاگەیاندوون؟

بەڕۆح و خوێنم بەو گڕاوییە؟

دۆقی ئاگرین..؟ بەو دۆقە گڕاوییە بڵێ کەوا – نەخێر... واز بێنە وەختی نییە، ڕەنگە ناساغ بێ.

دیارە نەخۆشیش هەموو فەرمانێک فەرامۆش دەکا

کە ساغەکان بەسەریدا دەیسەپێنن، ئێمەش نابین بەخۆمان

کاتێ لە ژێر باردا دەنقێنین.. ئەوسا بەم پێیە

عەقڵیش لەگەڵ لەشدا دەتلێتەوە... دەبێ خۆم بگرم

سەرزەنشتی ئەو ویستە شێتانەیەی خۆم دەکەم

کە بەچاوی پیاوێکی ساغ سەیری نەخۆشێک بکەم

بڕووخێ تەخت و تاراجم.

(سەیری کێنت دەکا)

کێ تۆی لێرە بەستۆتەوە..؟ ئەم ڕەفتارە قەناعەتی پێ کردم

کە ئەم خۆ دزینەوەی دۆق و کچەکەم

جگە لە فڕوفێڵ هیچی تر نییە،...

ئا ئەو خزمەتکارەم بانگ کە

بڕۆ بەدۆق و ژنەکەی بڵێ دەمەوێ

قسەیان لەگەڵدا بکەم

هەر ئێستا فەرمانیان پێ بکە بێنە ئێرە و
گوێم لێ بگرن
ئەگینا لە پشت دەرگای ژوورەکان تەپڵ دەکوترێ
تا بانگەشەی مەرگ بۆ هەموو نوستوویەک دەکرێ.

گلۆستر:

ئاشتی نێوانتان ئاواتمە.
(دەچێتە دەرێ)

لیر:

وەی لە دڵەکەم.... دڵەی شێتم... دە ئارامت بێ.

باڵووڵ :

بەسەریا هاوار کە مامە... وەک ئەو ژنەی بەسەر ئەو ماسییانەدا هاواری دەکرد کە لە ناو ڕۆندا بەزیندوویی سووری دەکردنەوە، بەداریش لە تەوقە سەری دەدان و هاواری دەکرد "مت بن بێ شەرمینە.. مت بن..." براکەشی گوایە سکی بەئەسپەکەی خۆی دەسووتێ.. بۆیە لەگەڵ ئالیک کەرەی خستبووە بەردەمی.
(دۆق کۆرنۆڵ و ریگنی ژنی و لەگەڵ گلۆستەر و دەستوپێوەندەکان دێنە ژوورێ)

لیر:

بەیانی باش لە هەردووکتان

کۆرنۆڵ:

سڵاو لە ئێوەش خاوەن شکۆ
(لێرەدا کێنت ئازاد دەکرێ)



ریگن:

بە دیدەنی بەڕێزتان خۆشحاڵم

لیر:

ریگن... منیش لەو بڕوایە دام کەوا بێت، هۆیەکەشی دەزانم
ئەو هۆیەی وام لێ دەکا بڕوا بێنم ئەگەر خۆشحاڵ نەبیت.
وام لێ دەکەی لە گۆڕی دایکت نزیک نەبمەوە
دەبێ بڵێم ئەمەیان گۆڕی ئافرەتێکی فاحیشەیە
(ڕوو دەکاتە کێنت)
ئاه... ئەوە وازیان لێ هێنایت..؟
کاتێکی تر باسی ئەوە دەکەین
(کێنت دەچێتە دەرێ)
ریگن گیانەکەم
دەزانی خوشکەکەت چەند هیچە
ئۆه ... ریگن... چ تیغێکی لە دڵمدا
وەک هەڵۆ چنگی لێرە گیر کرد
(ئاماژە بۆ دڵی دەکا)
لەوە دەچێ نەتوانم قسە بکەم... بڕوام پێ ناکەی
چ ڕەفتارێکی سووک لەو.... ئاه... ریگن.

ریگن:

تکایە گەورەم.. ئارامت بێ... هیوادارم مەسەلەکە وابێ کە تۆ
هێشتا ئەوت باش نەناسیبێ
نەک وا تێبگەی لە فەرمانت دەرچووبێ.

لير:

پێم بڵێ.. چۆن...؟

ريگن:

قەت بڕوا ناکەم خوشکەکەی من لەوانە بێ
کە ئەرکی سەرشانی بەجێ نەگەیەنێ...
گـــەر واش بێ بزانە کـــە ویســـتـــوویەتی زرمـــە زلیی دەستوپێوەندەکان ڕابگرێ
بۆیە بەم پێـیـە و لەبەر نیـاز پاکی خـۆی هـەق نیـیـە کـەس سەرزەنشتی بکا.

لير:

نەفرەتی منی لێ بێ

ريگن:

ئۆهـ ... گەورەم.. تۆ پیر بوویت
لە ڕەوتی سروشتی خۆشت لات داوە
جا بۆیە وا چاکە جڵەوی خۆت بدەیتە دەست هۆشمەندێک
کە چاکتر لە خۆت بەو حاڵەی تۆ بزانێت
جا بۆیە تکات لێ دەکەم، بگەڕێیتەوە لای خوشکەکەم و
پێشی بڵێیت کە تۆ زوڵمت لێ کردووە.

لير:

من داوای لێبووردنی لێ بکەم..؟
تۆ ئەوە بەشیاو دەزانیت لە نێو ماڵی ئێمەدا..؟



کچە خۆشەویستەکەم من دانی پیا دەنێم کە پیر بوویمە
تەمەن مەسەلەیەک نییە... من لە بەردەمتا دێمە سەرچۆک.
(چۆک دادەدا)
لێت دەپاڕێمەوە... کە پۆشاک و پێخەف و نانم پێ ببەخشیت.

ريگن:

گەورەم... واز لەوە بێنە... ئەمیان فڕوفێڵێکی سووکە
هەوڵ دە بگەڕێیتەوە لای خوشکەکەم

لير:

(هەڵدەستێتەوە) هەرگیز ریگن نیوەی دەستوپێوەندەکەی لێ سەندمەوە
زۆر بەناشرینی سەیری کردم... وەکو مار
زمانی دەرهێنا و بەنێو دڵی وەدام
دەبا چی نەفرەتی لە ئاسمانان هەیە
بڕژێ بەسەر ئەو ڕۆحە سپڵەیەی
دەی"با"کانیش با هەڵکەن و بیدەن لە ئێسقانی ناسک و گۆجی کەن.

کۆرنۆڵ:

شوورەیییە.. گەورەم.. شوورەیی

لير:

ئەی چەخماخەی برووسکەکان گڕی کوێرانەتان ڕەوان کەن
ڕووەو چاوە نەگریسەکانی... دەبا جوانییەکەی بشێوێ

ئەی تـەمی ســـەر زۆنگاوەکـــان... ئـەو تەمـــەی تینـی خـــۆرێک هەڵیدەمژێ
دەبا لوولی دەیت و هەموو لەشی گەڕ بێ.

ریگن:

ئەی خوداوەندە بەخشندەکان...
دیارە هەر دوعای واش لە من دەکەی
کاتێ بەتەواوی پەست دەبیت و دەتگرێ.

لیر:

نەخێر ریگن... تۆ قەت بەر نەفرەتی من ناکەویت
ئەو خولقە ناسک و جوانەی تۆ قەت وا ناکات
تۆ وەک ئەم دڵڕەق و بێ بەزەیی بیت
چاوەکانی ئەم شـەڕانگێزن، چاوەکانی تۆ دڵنەواییم دەدەنێ و نامسووتێنن
لە تەبیعەتی تۆدا نییە حەز بەخۆشیم نەکەیت
دەستوپێوەندەکانم کەم کەیتەوە
قسەی ناشرینم لە ڕوودا بکەی... پارە و خەرجیم کەم کەیتەوە
لە کۆتاییشدا دەرگاکەتم لە ڕوو داخەی
نەهێڵیت بێمە ژوورەوە
تۆ لەوە چاکتر لە دابونەریت دەزانیت...
پەیوەندی باوک و فەرزەندی
دەمودووکردن و لەبزی شیرین... ئەرکی ئەمەک و وەفاداری
بیرت نەچووە کە نیوەی مەملەکەت هی خۆت بووە



کە من خۆم پێم بەخشیبوویت.

ریگن:

گەورەم... تکایە... مەسەلەکە چییە؟
(سەدای شەیپوور لە ناوەوە)

لیر:

کێ پەیامنێرەکەی منی سندم کردبوو...؟
(سەرۆکی خزمەتکاران ئیزواڵد دێـتە ژوورێ)

کۆرنۆڵ:

سەدای ئەم شەیپوورە بۆ چییە..؟

ریگن:

دەیناسمەوە... سەدای شەیپووری خوشکەکەم
دەیەوێ بڵێ کە بەم زووانە دێتە ئێرە..
ها... ئەو خانمەت گەیشت..؟

لیر:

ئەو کۆیلەیە...
زۆر بەئاسانی ئەو ڕۆحە زلەی خۆی
لە لاف و گەزافی ناشرین و دەمە دەمی ئەم وەردەگرێ
کە هەمیشە وەک سێبەر دوای دەکەوێ
نامەرد... لاچۆ... لە بەرچاوم.

کۆرنۆڵ:

بەڕێزتان مەبەستی چییە..؟ (گۆنریل دێـتە ژوورێ)

لیر:

وتم کێ پەیامنێرەکەی سندم کردووە؟

ریگن هیوادارم کە تۆ بەمەت نەزانیبێ...

ئەوە کێیە هات...؟

ئۆهـ... خوایەکە گەر تۆ پیر و کەنەفتەکانت خۆش دەوێ

گەر حوکمی دروستی تۆ قبووڵی ئەو ملکەچییە دەکا

گەر تۆش وەک من پیر و کەنەفتیت

دەبا ئەو حاڵەی من حاڵی تۆ بێت.. وەرە و دابەزە

تۆ لە جێگەی من دانیشە

ئەوە تۆ شەرم ناکەی سەیری ئەم ڕیشەم دەکەی..؟

ئاهـ.. ریگن... ئەوە دەست دەخەیتە نێو دەستی..؟

گۆنریل:

جا بۆ تەوقە نەکەین گەورەم..؟

چ تاوانێکم کردووە؟

تاوان نییە.. مادامەکێ پیاوێکی خرف و سەرشێت بەتاوانی دادەنێ.

لیر:

ئۆهـ... هەردوو کەلەکەم.. چ بەرگە گرن

چۆن شەق نابەن..؟ ئەی ئێوە چۆن وێراتان پەیامنێرەکەم کۆت و زنجیر کەن..؟

کۆرنۆڵ:

گەورەم.. من سندمم کرد،



بەڵام لە چاو ئەو هەرایەی ئەینایەوە

هێشتا هیچمان پێ نەکردووە

لیر:

تۆ..؟ تۆ وات لێ کردووە؟

ریگن:

تکایە باوکە تۆ لاوازیت.. هەوڵ دە هەرواش خۆ بنوێنیت

گەر بشگەڕێیتەوە لای خوشکەکەم

تا مانگەکە تەواو دەکەی لەوێ دانیشیت

چاو لە نیوەی دەستوپێوەندەکەشت بپۆشێ

دوای ئەوە منیش ڕێگەت دەدەم لام دانیشیت

ئێستا من لە ماڵی خۆم نابم و ئەوەندەشم ئازووقە نییە کە بەشی تۆ و میوانەکانت بکا

لیر:

بگەڕێمەوە لای..؟ دوای ئەوەی کە پەنجا پیاوی دەرکردم..؟

نەخێر.. گەلێ چاکترە.. هیچ بانێک بەسەر سەرمەوە نەبێ.

ڕووبەڕووی با و بۆران ببمەوە..

مەترسی سروشت

ببمە هاوڕێی بایە قووش و گەلەگورگان

بکەومە ژێر گازی بەئازاری نەهامەتی و پێویستی

لەوەی کە بگەڕێمەوە لای..؟

خۆ ئەوەتا پادشا خوێن گەرمەکەی فەرەنسا

ئەوەی کچە چکۆلانەکەمی بێ مارەیی برد
گەلێ چاکترە لە بەردەم عەرشەکەی ئەو بکەومە سەرچۆک
وەک هەر سوارێک کە تەنها داوای لوقمە نانێک بکا و...
بیەوێ خانەنشین بکرێ
لەوەی کە بچمەوە ئەوێ
نا... کەواتە هەر ڕازیم بەوەی ببمە کۆیلەی ئەوان
هێستری ئەو مەیتەرە ناشرین و بێزەوەرە.

گۆنریل:

چۆنی حەز دەکەی با وابێ گەورەم.

لیر:

تکات لێ دەکەم کچەکەم.. شێتم مەکە
ماڵئاوا ڕۆڵەکەم.. چی تر سەغڵەتت ناکەم
لەمڕۆ بەدواوە یەکدی نابینین.. بەیەک ناگەین.
بەڵام کچەکەم تۆ هێشتا هەر خوێن و گۆشتی منی
بەڵکو تۆ عیللەتێکی لە لەشما
کە نەتوانم لە خۆمی کەمەوە
تۆ دوومەڵیت، برینی تاعونێک.. سندانێ..
گرێیەکی هەڵتۆقیو لە خوێنی پیسما
بەڵام هەر سەرزەنشتت ناکەم
دەبا شوورەیی خۆی داباریێ.. من داوات ناکەم
بەخـــوداوەندی برووسکەیش نـاڵێم گـرێی خـــۆیمان تێگرێ لای
جوپیتەر–ی خوداوەندیش... دادەوەری گەورە زمانت لێ نادەم



کەی توانیت هەوڵ بدە خۆت چاک بکەی..
باشترە کە بتوانیت...... من دەتوانم ئارام بگرم.. دەشتوانم لای
ریگن بمێنمەوە..
خۆم و هەر سەد سوارەکەم.

ریگن:

نا.. نەک بەم شێوەیەش
من هێشتا بەتەمای تۆ نەبووم.. ئامادەش نیم
بتوانم وەک پێویست میوانداریت بکەم
گەورەم تۆ گوێ بۆ خوشکەکەم شل کە
هەرکەسێ عەقڵی هەبێ بەم هەڵچوون و داچوونەوە تۆ ببینێ
دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە تۆ پیر و لێکەوتوویت
جا بۆیە...
بەڵام خوشکەکەم خۆی دەزانێ چی دەکا.

لیر:

ئەم قسانە لە دڵتەوەیە..؟

ریگن:

بەڵکو زۆر بەڕاستیشمە..
باشە تۆ بۆ چیتە...؟
پەنجا سوار بەس نییە؟ لەوە زیاترت بۆ چییە؟
یا هەتا ئەو ژمارەیەش... بۆ چیتە..؟
مادامەکێ مەترسی و مەسئولیەت ئەو ژمارە زۆرە ناخوازن
پاشان ئەو هەموو خەڵکە چۆن تەبا دەبن...

گەر لە یەک ماڵدا و لە ژێر ئومرەتی دوو گەورەدا بن..؟
ئەوەیان قورسە.. بەڵکو مەحاڵە...!

گۆنریل:

پاشان گەورەم چی تیایە گەر خزمەتکاری هەردوو لامان..
چی هی من و چ هی خوشکەکەم
بەیەکەوە ئاگادارت بن و چاودێریت بکەن.

ریگن:

بۆ نا گەورەم..؟ گەر ئەوساش
کەمتەرخەمیان کرد دەربارەت
دەتوانین خۆمان چاریان بکەین
"ئێستا من بۆنی مەترسییەک دەکەم"
چونکێ گەر نیازتە بێیتە لام..
تکایە لە بیست و پێنج سوار زیاتر مەهێنە
لەوە پتر بێت، نە جێگەی هەیە و نە چاوم لێی دەبێ.

لیر:

من هەموو شتێکم پێ بەخشین.

ریگن:

دەقاودەق لە وەختی خۆیشی پێت بەخشین.

لیر:

هەردووکتانم کرد بەسەروەر و خەزنەداری حاڵ و ماڵم
تەنها مەرجیشم ژمارەیەک بوو لە دەستوپێوەندان
کە بەدوامەوە بن... ئەوە چییە.. تۆ وتت دەبێ



تەنها بیست و پێنج پیاو زیاترم نەبێ..؟
ریگن... بەڕاست.. تۆ وات وت...؟

ریگن:

گەورەم... دیسانەوە دەیڵێمەوە.. لەوە زیاتر قبووڵ ناکەم.

لیر:

لەوە دەچێ شەڕخوازەکان هێشتا خێرخواز دەرکەون
بەتایبەتی کە کەسانی تر لەوان شەڕخوازتر بن
کە یەکێکیش لە هەموو کەسێک خەراپتر نەبێ
دیارە جێی ستایشە
(ڕوو دەکاتە گۆنریل)
من لەگەڵ تۆ دێم
مادامەکێ پەنجاکەی تۆ دوو قاتی بیست و پێنجە
کەواتە موحیبەتیشت دووجار بەقەد موحیبەتی ئەوە.

گۆنریل:

گوێم لێ بگرە گەورەم.
تۆ ئەو بیست و پێنج کەسەت بۆ چییە..؟
دە.. یا هەتا پێنج..؟
لە ماڵێکدا بەدواتەوە بن کە دوو ئەوەندەی تیایە و
فەرمانیشیان پێ کراوە خزمەتت بکەن..؟

ریگن:

تۆ بڵێ یەک کەس.. پێویست پێی چییە؟

لیر:

ئۆه... نەکەی باسی پێویستی بکەی
سووکترین سواڵکەرمان
لە هیچترین شت کە لایەتی دەست بلاوە
کە سروشت لە پێویستی خۆی زیاتری نەبووایە
ئەوسا ژیانی بنیادەم وەک هی ئاژەڵ بێ بەها دەبوو
تۆ کە خانمێکیت..
گەر تەنها بوونەوە بۆ جوانی بووایە
سروشت ناڵێ ئەم جلە جوانانە لەبەرکە
جلێک کە هەر بەحاڵیش گەرمت ناکاتەوە
وەلێ پێویستی ڕاستەقینە..
ئۆو.. خوایەکە ئارامم پێ ببەخشە..
ئارامی تەنها پێویستی منە
ئەی خوداوەندەکان ئێوە من دەبینن..
پیرێکی کەنەفت و بەستەزمان
بەقەد ڕۆژانی تەمەنم بەخەم و دەردەوە گرانە شانم
بەهەردووکیان، خەم و تەمەن، مەینەتبارم
گەر ئێوە ئەم دوو کچەم لێ هار دەکەن
کە بە ڕووی باوکیاندا هەڵشاخێن
بەڵام وا مەکەن دەبەنگ و گەلحۆ تێم بڕوانن
با ملکەچی ئەو هەموو بارە نەبم



دەبا مەردانە تووڕە بم
لێ نەگەڕێی چەکی ئافرەتانە.. دڵۆپە فرمێسکەکان
ڕوومەتی پیاوانەم پیس بکەن..
نەخێر ئەی کچانی لە ڕێ لادە رو شەڕانگێزم
دەبێ تۆڵەیەکی وا لە هەردووکتان بکەمەوە
کە هەموو دونیا.... دەبێ کاری وا بکەم
ئەو کارانە چین.. جارێ نازانم..
بەڵام دەبێ ترسناکترین کاری سەر ئەم زەمینە بێ
ئێوە وا دەزانن تۆزێکی تر من دەگریم
نەخێر.. هەرگیز ناگریم... گەرچی سەدەها هۆ هەیە بۆ گرینم
(گڤەی ڕەشەبا و زریان لە دوورەوە)
بەڵام ئەو دڵەی من دەبێ بەهەزار پارچە و بەر لەوەی کە بگریم..
هۆ باڵووڵ... من تێکدەچم
(شا لیر و گلۆستر و باڵووڵ و دەستوپێوەندەکان دەچنە دەرێ)

کۆرنۆڵ:

با بکشێینەوە.. ڕەشەبایەک هەڵیدەکا.

ریگن:

ئەم ماڵە بچووکە.. جێی ئەم پیرە و پیاوەکانی نابێتەوە.

کۆرنۆڵ:

گلەیی خۆی لەسەر خۆی، بەدەستی خۆی حاڵی خۆی شێواند..
دەبا بیچێژێ
ئەوەیە ئەنجامی بێ عەقڵی.

ریگن:

سەبارەت بەخۆی.. خۆشحاڵم کە داڵدەی بدەم..

بەڵام جێی یەک پیاوی ناکەمەوە.

گۆنریل:

منیش هەروام بڕیار داوە

کوا لۆرد گلۆستر..؟ (گلۆستر دێتە ژوورێ)

کۆرنۆڵ:

بەدوای پیرە کەوت.. وا گەڕایەوە

گلۆستر:

پادشا تووڕەیە و ئاگر دەکاتەوە

کۆرنۆڵ:

نیازی کوێی هەیە؟

گلۆستر:

داوای ئەسپ دەکا.. بەڵام نازانم نیازی کوێی هەیە...؟

کۆرنۆڵ:

وا چاکە ڕێی لێ نەگیرێ.. چونکە سوورە لەسەر بڕیاری خۆی.

گۆنریل:

گەورەم.. داوای لێ مەکە بمێنێتەوە.

گلۆستر:

ئۆە.. ئەفسووس.. ئەوا شەو هات

چ تۆف و زریانێک وا هەڵی کرد



لە هەموو لایەکەوە تا چاو بڕ دەکا..

بگرە پنجێکیش دیار نییە.

ریگن:

ئۆو و.. گەورەم.. ئەوانەی مل نادەن و کەللە ڕەقن..

چی ئەشکەنجە و دەرد و بەڵا هەیە کە بۆ خۆیانی دروست دەکەن

دەبێ لەم دونیایەدا ببن بەمامۆستایان و فێریان بکەن

توند دەرگاکان داخە..

ئەم لەگەڵ پیاوە سەرشێتەکانی وا هاتن

ئەوان تێکڕا هانی دەدەن..

ڕووەو ئاکامێک

ئەمیش کە ملکەچە و بگرە خۆی فێڵ لە خۆی دەکا

حیکمەت لەوەدایە لەم ئەنجامە بترسین و.. ئاگادار بین

کۆرنۆڵ:

گەورەم دەرگاکان داخە..

شەوێکی بەتۆف و زریانە

ریگن–ی ئازیز چاکی پێ وتووی:

خۆ بپارێزە لەو ڕەشەبایە...!

## پەردەی سێیەم

### دیمەنی یەکەم

(تۆف و زریانە، کێنت و یەکێ لە خزمەتکارەکان بەجیا دێنە ژوورێ)

کێنت:

جگە لەم تۆف و زریانە لەعنەتییە کێ لەوێیە..؟

خزمەتکار:

یەکێک کە لە دڵ و دەروونیا تۆف و زریانە و ئارامی نییە.

کێنت:

دەتناسم.. ئەی کوا پادشا..؟

خزمەتکار:

ڕووبەڕووی هەموو ڕەگەزە شەڕانگێزەکان دەجەنگێ
فەرمان بەڕەشەبا دەکا ئەم زەوییە فڕێ داتە نێو زەریا
یا زەریا هەڵچێت و شەپۆڵەکانی ئەم خاکە بزرکا
بەڵکو ئەوە خوایە شتەکان بگۆڕێن یا بوەستن
چنگ لە قژە سپییەکەی خۆی گیر دەکا.
لە هەموو لایەکەوەش بای سەرشێت و تووڕە کوێرانە
توند دەستەویەخەی دەبێ و بەبای دەکا
لە نێو جیهانی چکۆلەی مرۆڤدا کەوتۆتە ململانێ
تا گرەو لە کێشەی ڕەشەبا و بارانیش بەرێتەوە
ئەمشەو کە بێچووە ورچیش خۆی مات داوە





شێر و.. بگرە ئەو گورگەش کە برسییەتی چنگ لە هەناوی گیر دەکا
مت بووینە و خۆیان تەڕ ناکەن
کەچی ئەم سەری کۆتە و غار دەدا
پڕ بەقوڕگی هاوار دەکا "دەبا هەموو شتێک بدۆڕێنم."

کێنت:

بەڵام کێی لەگەڵدایە..؟

خزمەتکار:

کەس.. بێجگە لە باڵووڵ کە دەیەوێ بەنوکتەکانی خەمی دڵە بریندارەکەی بڕەوێنێتەوە.

کێنت:

گەورەم.. من چاکت دەناسم
بەوەی کە لە تۆم دی وام لێ دەکا نەترسێم و
بتکەم بەشایەتی نهێنییەکی گەورە
گێچەڵی ناکۆکییەک لە ئارادا هەیە
گەرچی تا ئێستا لە لایەن هەردوو بەرەکە
فێڵبازانە پەردەی بەسەردا دراوەتەوە
ناکۆکییەکەش لە نێوان ئەلبانی و کۆرنۆڵدایە
هەردووکیان کە خاوەن دەستوپێوەند و خزمەتکارن
دیارە ئەوەش چارەنووسی هەموو کەسێکە
کە ئەستێرەی بەختی هەڵکشێ و بگاتە سەر عەرشێک
خزمەتکارن.. لە خزمەتکار دەچن.

بەڵام سیخوڕ و چاوی نهێنی فەرەنسان لە حاڵی ئێمە
ئاگاداریان دەکەن هەرچییەکی کە دیویانە
هەر لە شەڕ و پیلان و کودەتای نێوان هەردوو دۆقەکە
یان ئەو کۆتوپێوەندە توندەی کردوویانەتە دەست و پێی
پادشای پیر و بەخشندە..
یا لەوەش خەراپتر لەوانەشە ئەوانە هەمووی بڕ و بیانوو بن.
هەر چۆنێک بێ... ئەوەی ڕاستی بێ سوپایەک لە فەرەنساوە
هاتووە
بۆ ئەم وڵاتە لەت و پەت کراوە... گەر بەکەمتەرخەمی ئێمە بزانن
بەدزییەوە دێن و لە بەندە هەرە باشەکانمان خۆ جێگیر دەکەن
ئێستاش ئامادەیە ئاڵاکانی بەئاسماندا بەرزکاتەوە.
ئێستاش گەر تۆ : تا ئەوپەڕێ متمانەم پێ دەکەیت و ناترسیت
بەپەلە خۆت بگەیەنە بەندەری "دۆڤەر" لەوێ دەبینی
کەسێک هەیە گەلێ سوپاست دەکا بۆ ئەو پەیامەی هەڵیدەگری
تێت دەگەیەنێ کە پادشا هەقی بەدەستە گلەیی لە بەختی خۆی
بکا
چونکێ خەمێکی وا کوشندە دایگرتووە کە خەریکە شێتی بکا
من جوامێرێکم خاوەنی ئەسڵ و فەسڵ
ئاگام لە هەموو شتێکە و دڵنیام لەوەی دەبێ
بۆیە ئەم ئەرکەت دەخەمە ئەستۆ.

خزمەتکار:

دەمەوێ زیاتر لەگەڵتا بدوێم



کێنت:

نا... تکایە...
بۆ ئەوەی بیسەلمێنم من تەنها ئەوە نیم
کە تۆ دەمبینیت.. ئەم جۆرکە بکەرەوە و ئەوەی کە تیایەتی
بیبە..
ئەگەریش کۆردیلیا-ت بینی (کە دڵنیاشم دەیبینی)..
ئەم ئەنگوستیلەیەی نیشان دە
ئەوسا ئەو پێت دەڵێ ئەم پیاوەی بەردەمت کێیە
کە تۆ تا ئێستا نایناسیت..
وای نەفرەت لەم ڕەشەبایە
با بڕۆم و بەدوای پادشادا بگەڕێم.

خزمەتکار:

دەستت بێنە... هیچی ترت نییە بیڵێی..؟

کێنت:

چەند وشەیەکی تر.. بەڵام لە هەموو ئەو قسانە گەورەترن کە
وتم:
ئەویش ئەوەیە کە پادشامان دۆزییەوە
بۆیە تۆ ئەم ڕێگەیە بگرە و منیش ئەوی تریان
ئەوەی یەکەم جار بینی با هاواری ئەویترمان بکات
(لەمبەر و ئەوبەر دەچنە دەرێ)

## دیمەنی دووەم

(هێشتا هەر تۆف و زریانە.. شا لیر و باڵووڵ دێنە ژوورێ)

شا لیر:

دەی با و بۆران و ڕەشەباکان هەڵیکەن..
دەبا لالغاوەتان هەڵزڕێ
ئەی تۆف و زریان.. ئاوی ئاسمانان دەداکەن
با سەرتۆپی باڵەخانە بەرزەکان و گومەزەکانیش نقوم بن
تۆش ئەی ئاگری کبریت کە فیکر ئاسا هەموو شوێنێک دەتەنیت
ئێوەش ئەی ئەو برووسک و چەخماخەی دار بەڕووەکان لەتوپەت دەکەن
دەی ئەم سەر و ڕیشە سپییەم ئاگر دەن
تۆش ئەی گەواڵەی بەتاو و لەرزە
بازنەیی ئەم دونیا پڕە تەخت کە
چی قاڵبی سروشت هەیە تێکی بشکێنە
هەموو تۆوێکیش بە"با" کە کە مرۆڤی سپڵە دروست کا

باڵووڵ:

هۆ مامە... ئەو ئاوی ڕیاکارییەی نێو کۆشکی وشکت
گەلێ بەخێرترە لەو باراناوەی کە وا دەڕژێ لە دەرەوە
توخوا کەی مامە.. وەرە ژوورێ..
داوای بەخشندەیی لە کچەکانت بکە..



ئەمشەو شەوێکە بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە..
نە عاقڵەکان و نە باڵووڵەکان.

شا لیر:

دەی"با"کان با پڕ بەسکتان بگرمێنن
دەی با گڕ ببارێ و با بەفر و بارانیش داکا
نە باران و نە"با"و نە برووسکە و نە ئاگر..
هیچیان کچی من نین
ئەی ڕەگەزەکانی سروشت من بەدڵڕەق ناوتان نابەم
من هیچ مەملەکەتێکم بەئێوە نەبەخشیوە
بەفەرزەندەی خۆم نەزانیون... هیچتان قەرزاری منیش نین
کەواتە با داباریێن.. لەزەتە ترسناکەکانتان
من لێرە وەک کۆیلەیەکی ئێوە وەستاوم
پیرێکی بەستەزمان، نەخۆش و لاواز... تەنیا و تەریک
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم کۆمەڵێ شتی دەستکرد و زەلیلن
ئێوەش دەچنە پاڵ ئەو دوو کچە نەگریسەم
خۆتان و ئەو هێزانەی کە لە ئاسماندا دەخولقێن
دژی پیرێکی سەر سپی وەک من دەوەستن
ئۆە.. لەو چەپەڵییە.

باڵووڵ :

هەر کەسێک ماڵێکی هەبێ سەری خۆی تیا کز بگرێ..
دیارە کڵاوی سەلامەتی لەسەر ناوە

ئەوەی بیەوێ لەگەڵ ژنێکدا بنوێ
بەر لەوەی سەربانێک بەسەر سەرییەوە بێ
دیارە جگە لە ڕشک و ئەسپێ هیچی تر لە سەر و لەشی خۆیاندا نابینن
هەر بۆیەشە سواڵکەران زوو زوو ژن دێنن
ئەوەشی کە لە بری دڵ هاواری کەڵەمووستی پێی بکا
دیارە جگە لە مەینەتی هیچ پەیدا ناکا
هەڵبەت خەویش لە خۆی حەرام دەکا. هیچ ئافرەتێکی شۆخیش نییە لە ئاوێنەدا
سەدان ڕوو نەگۆڕی.
(کێنت دێتە ژوورێ)

شا لیر:

نەخێر... دەبمە نموونەی ئارامی جوان.. هیچ ناڵێم.

کێنت:

کێ لەوێیە...؟

باڵووڵ:

لێرەدا بەیەک گەیشتین.. شکۆمەندی و پۆشاکی عەورەتە...
ئەوەتا هۆشمەندێک و باڵووڵێک.

کێنت:

ئەفسووس گەورەم.. ئەوە تۆ لێرەی..؟ ئەوانەی کە عاشقی شەویشن
حەز بەشەوانی ئاوا ناکەن..



ئاسمانە مڕ و مۆچەکان
بوونەوەرە وەئاگاکانی نێو تاریکاییش دەتۆقێنن
وا دەکا لە کون و هێلانەکانیان نەیەنە دەرەوە
لە وەتەی گەنجم بیرم نایە ئاگربارانی وام دیبێ
نە چەخماخەی وا ترسناک
نە با و بۆران.. نە تۆف و زریانی وا
قەت مرۆڤ ناتوانێ بە ڕووی بەڵا و کارەسات و مەترسی وا گەورە بوەستێ
هەرگیز دەرۆستی نایە.

شا لیر:

دەبا خوداوەندە مەزنەکان بچن
کە هەرایەکی ترسناکیان بەسەر سەری ئێمەوە بەرپا کردووە
با بچن ئێستا بەدوای دوژمنەکانیاندا بگەڕێن
بلەرزە نەگبەت.. ئەی ئەو کەسەی چەندەها تاوانت لە دڵدا شاردۆتەوە
بێ ئەوەی دەستی عەدالەتت بگاتێ
تۆ ئەی دەستی خوێناوی خۆت بشارەوە
تۆش ئەی ئەو کەسەی بەدرۆ سوێندت خوارد
تۆش دەمامکی فریشتەت لەسەر نا
تۆ کە خولیای کاری فاحیشەی.. حەز بەحەرام دەکەی
قوڕ بەسەر.. بلەرزە.. دەی داڕزێ
تۆ کە لە ژێر پەردە و دەمامکی درۆ و ڕیاکاری

خیانەتت لە ژیانی بنیادەمێک کرد
ئەی تاوانە زۆر پیس و بەسەر یەکدا پەستراوەکان
دەی با دەرکەون و پەردەی درۆ دامالّن
دەی داوای بەزەیی لەوانە بکەن
کە بۆ دادوەری ترسناک بانگی تاوانبارەکان دەکەن
سەبارەت بەخۆشم... من تاوانم دەرهەق کراوە پتر لەوەی تاوانم کردبێ.

کێنت:

ئەی کە بەداخەوەم بۆت.. ئاوا سەرکۆت گەورەم.؟.
بەخشندە.. هەر لەم نزیکە کوختێک هەیە
شوێنێکی چاکە و لە تۆف و زریان دەتپارێزێ
لەوێ بسرەوە تا دێمەوە ئەم ماڵە دڵڕەقە
دڵڕەقتر لەو بەردانەی کە دیوارەکانی هەڵچنیوە
هەر ئێستا کە لە تۆم پرسی
نەیانهێشت بێمە ژوورەوە
دەگەڕێمەوە بەڵکو ئەوە خوایە خێرێکی کەمیشیان لێ ببینم.

شا لیر:

خەریکە سەرم لێ دەشێوێ.
وەرە ڕۆڵە.. ئێستا چۆنیت..؟ ئەوە سەرماتە..؟
من خۆشم سەرمامە.. ئەوە کوانێ ئەو سووکە..؟ هێی کابرا..؟
هونەری پێویستییەکان هونەرێکی سەیرە
هەموو شتێکی هەرزان گران دەکا...



دەی برۆ کوختەکەت باڵووڵی بەستەزمان..
هەتیو درزێ وا لە دڵما بۆ تۆ خوێنی لێ دەڕژێ.

باڵووڵ:

ئەوەی کە عەقڵی کەم بێ
دەی با و بۆران.. دەی باران
دەبێ بەبەشی خۆی ڕازی بێ
گەرچی بارانیش هەموو ڕۆژێک دەبارێ.

شا لیر:

ڕاستە لاوچاک.. دەی وەرە و بمانبە کوختەکە.
(شا لیر و کێنت دەچنە دەرێ)

باڵووڵ:

ئەمشەو شەوێکە کە گڕی ناو دڵی هەموو سۆزانییەک دادەمرکێنێ.
بەر لەوەی برۆم پێشبینییەک هەیە دەیڵێم
کاتێ قەشەکان قسەیان زۆرتر بێ لە مەبەست
مەیفرۆشانیش ئاو تێکەڵ ئارەق کەن بەدەستی ئەنقەست
کاتێ پیاو ماقووڵان دەبنە مامۆستای بەرگدرووەکانیان
گیرۆدەی باوەشی ئافرەتان دەسووتێ و نەک کافرەکان
کاتێ هەر مەسەلەیەکی یاسا ڕاست دەردەچێ
نە هیچ گەورەیەک قەرزارە و نە هیچ سوارێکیش هەژار دەبێ
ئەو کاتەی خەڵکی بەخەراپە ناوی یەکدی ناهێنن
گیرفان بڕەکانیش واز لە قەڵەباڵغی دەهێنن

کاتێ سووخۆران لە بەرچاوی خەڵکی ئاڵتوون دەژمێرن و هەڵیدەخەن

کاتێ گەواد و سۆزانییەکان کڵێسا دروست دەکەن

ئەو کاتەی لە وڵاتی ئەلبیۆندا

دەبێ بەهەرا و ئاژاوە و زەنا

زەمانێکی وادێ.. ئەوەی بژی دەیبینێ

کە خەڵکی بەپێی خۆی بەڕێوە دەڕوا

ئەم پێشبینییە "میرلین" بەجێی دێنێ

چونکە من لە پێش سەردەمی ئەودا دەژیم.

(دەچێتە دەرێ)

**دیمەنی سێیەم**

(ژوورێک لە قەڵای گلۆستر، گلۆستر و ئیدمۆند دێنە ژوورێ و هەریەکە و شاپڵێتەیەکی پێیە.)

گلۆستر:

ئەفسووس ئیدمۆند.. ئەفسووس.. ئەم ڕەفتارە ناشرینەم زۆر لا ناخۆشە، کاتێ داوای ئەوەم لێکردن ڕێگەم بدەن داڵدەی بدەم و چاودێری بکەم.. کەچی لە ماڵەکەی خۆم وەدەریان نام، فەرمانیان پێ کردم کە قسەی لەگەڵ نەکەم، بەتکاوە نەچمە بەردەمی ، بەهیچ شێوەیەک گوێی پێ نەدەم، هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردم کە تا ئەبەد دەکەومە بەر غەزەبی ئەوان.

ئیدمۆند:

ئای کە دڕندە و بەدڕەفتارن.



گلۆستر:

نا.. تۆ هیچ مەڵێ. لە نێو دۆقەکاندا ناکۆکی هەر هەیە، بەڵکو لەوەش خەراپتر، ئەمشەو نامەیەکم بەدەست گەیشت، ترسناکە بزانرێ چی تیا نووسراوە، لە قاسەکەی خۆمدا شاردوومەتەوە، ئێستا پادشا بەرگەی هەموو ستەم و خەراپەکارییەک دەگرێ، بەڵام ڕۆژێ دێ تۆڵە لە هەموویان بکاتەوە، بەشێک لە سوپاکەمان جێگیر بووە، دەبێ پشتی پادشا بەر نەدەین، بەدوایدا دەگەڕێم و لە ژێرەوە یارمەتی دەدەم. تۆ بڕۆ و بەقسە دۆق غافڵ کە و با بەم کارە چاکەم نەزانێ. گەر لێشی پرسیم بڵێ نەخۆشە و لە جێدا کەوتووە، هەتا گەر لەم ڕێیەدا بشمرم "گەرچی سووکترین هەڕەشەیان مەرگ بووە بۆ من" دەبێ یارمەتی پادشاکەم بدەم.. سەرداری جارانم.. ئیدمۆند.. هەندێ شتی سەیر وا بەڕێوە.. تکایە ئاگات لە خۆت بێ.

(دەچێتە دەرێ)

ئیدمۆند:

ئەو خێرەی لە تۆ قەدەغە کرا.. هەر ئێستا دۆق پێی دەزانێ.. ناوەڕۆکی ئەو نامەیەش لە پاداشتی ئەوەش من خێر دەبینم. ئەوەی کە باوکیشم لە کیسی دەچێ دەبێتە بەشی من هیچ شتێکیش نە کەم دەکا و نە دەگۆڕێ گەر گەنجێک ڕاست بێتەوە لەو شوێنەی پیرێک دەکەوێ.

(دەچێتە دەرێ)

## دیمەنی چوارەم

(شوێنێکی بەربڵاو، لە بەردەم کوختێکی داڕماو، شا لیر و کێنت و باڵووڵ دێنە ژووریّ)

کێنت:

ئەوەیە شوێنەکە گەورەم.. وەرە ژووریّ پادشای بەخشندەم
ستەم و دڵڕەقی دەرەوە ئەمشەو لەوە قورسترە کە سروشت بەرگەی بگریّ

(ڕەشەبا بەردەوامە)

شا لیر:

لێم گەڕیّ با بەتەنیا بم.

کێنت:

گەورەم.. وەرە ژووریّ

شا لیر:

دەتەویّ دڵم دەربێنی؟

کێنت:

خوا نەکا.. یا خوا دڵی خۆم شەق بەریّ.. تۆ وەرە ژوورەوە گەورەم

شا لیر:

تۆ وا دەزانی ئەم ڕەشەبا لەعنەتییە
کە تا ئێسقان کارمان تیّ دەکا



تۆ وا دەزانی زۆرمان پیّ دەکا
مەگەر سەبارەت بەتۆ وابێت وەلیّ نا..
کە پیاو دەردی گەورەی هەبوو خەمە سووکەکان کاری تیّ ناکا
تۆ دەتوانی خۆت لە ورچێک وەلادەی
بەڵام کە بەپیر دەریایەکی سەرشێتەوە چوویت
ئەوە لووتت دەبیّ بەلووتییەوە
کە مێشک بەتاڵ بیّ.. لەشیش سووک و چرووک دەبیّ
من ڕەشەبایەک ئەوەتا لە ناخما..
لە مێشکما
چی هەست و سۆزی هەمە ڕایدەفڕێنیّ
تەنها ئەو هەستە نەبیّ کە لە ناوەوە لە دڵم دەدا و دەیجۆشێنیّ..
ئەویش سپڵەیی ڕۆڵەکانمە
تۆ هەست ناکەی ئەو دەستەی خۆراک بۆ دەمم دێنیّ لالغاوەم لێک دەترازێنیّ..؟
بەڵام دەبیّ تۆڵەی خۆم بکەمەوە
نا.. نەخێر.. چی تر ناگریم... من لە شەوێکی وادا دەربکرێم..؟
ئەی تۆف و زریان داباریّ.. من بەرگە دەگرم
لە شەوێکی ئاوا تووشدا..؟
ئاه.. ریگن.. ئۆف گۆنریل باوکە پیر و بەسۆزەکەتان..
ئەو دڵە پاکەی کە هەموو شتێکی پیّ بەخشین

ئۆف ئەم ڕێگەیە ڕوو لە شێتییە.. دەبا پیا نەڕۆم دەبا لێی لا
دەم.

کێنت:

گەورەم.. وتم وەرە ژوورێ..

شا لیر:

تکایە... خۆت بڕۆ ژوورێ..
بسرەوە ئەم ڕەشەبایە لێم ناگەڕێ ڕامێنم و بیر بکەمەوە
لە هەندێ مەسەلە کە تا دێ ئازارم دەدەن..
بەڵام دێمە ژوورێ.
(ڕوو دەکاتە باڵووڵ)
ڕۆڵە.. تۆ یەکەمجار بڕۆ.. تۆ ئەی هەژاری بی ماڵ و حاڵ
ئا.. بڕۆ دەی.. من نوێژێک دەکەم و پاشان دەنووم
(باڵووڵ دەچێتە ژوورێ – نێو کوختەکە)
ئەی نەگبەتانی ڕەش و ڕووت.. کە لە هەر کوێیەک بن ئەی
ئەوانەی بەڕووی ستەمی ئەم ڕەشەبایە دەوەستن
ئێوە چۆن بەرگەی زوڵمی وەرزەکان دەگرن
ئێوە کە سەربانێک بەسەر سەرتانەوە نییە..
بێ نان و ئاو ئەی ئەوانەی بەرگ و سیپاڵتان هەلا هەلایە..؟
ئاه.. چەند کەمتەرخەم بووم سەبارەت بەوانە
هۆ.. کەش و فش.. دەرمانەکەت هەڵقوڕێنە
دەی تۆش خۆت بخەرە بەردەم ستەمی ڕۆژگار
تا هەست بەهەمان مەینەتی چەوساوەکان بکەی



تا چیت لێ زیادە لێت بکەوێ
تا وەکو ئاسمان پتر هەق دۆست و دادپەروەر بێ.

ئێدگار:

(لە ناوەوە) بەژنێک و نیو.. بەژنێک.. نیو... تۆما–ی بەستەزمان
(باڵووڵ لە کوختەکەی بەتەنگەتاو دێتە ژوورێ)

باڵووڵ:

نەیەیتە ژوورەوە مامە.. جنۆکەی لێیە فریام کەوە... فریام کەوە.

کێنت:

دەستت بێنە.. کێ لەوێیە..؟

باڵووڵ:

جنۆکە.. جنۆکە.. دەڵێ ناوم تۆما–ی بەستەزمانە.

کێنت:

ئەوە کێیە لەوێ.. لە ناو ئەو کایە هاتوهاوارییەتی..؟ وەرە دەرێ

ئێدگار:

دوور کەونەوە.. شەیتانی لەعنەتی بەدوامەوەیە.. لە نێو دڕک و داڵ و تووترکەکانەوە "با" دێ.. ئمم.. بڕۆ ناو پێخەف و خۆت گەرم کەوە.

شا لیر:

تۆش هەر چیت هەبووە بەخشیوتە بە کچەکانت..؟ بۆیە حاڵت بەم حاڵە گەیشتووە.

ئێدگار:

کێ خێرێک بەتۆما–ی بەستەزمان دەکا..؟ ئەو کەسەی کە

شەیتانی لەعنەتیی بەنێو گڕ و ئاگردا دەستی گرت و هێنای.. بەنێو گێژەڵووکەی جۆگە و ڕووباردا.. بەنێو قوڕ و چڵپاو و زۆنگاودا، ئەو کەسەی لە تارمەی خانووەکەیدا پەتی هەڵواسیوە لە ژێر سەرینەکەیدا چەقۆی شاردەوە، ژەهری مشکیان خستە ناو شۆرباکەی، دڵی خۆی پڕ کرد لە فیز و بەسواری ئەسپێکی بەڵەک بەسەر ئەو پردەدا پەڕیەوە کە پانتایی تەنها چوار گرێیە، ڕاوی خەیاڵی خۆی دەنا وای دەزانی خیانەتکارە.. دوعا بۆ هەر پێنج هەستەکەت بکە.. تۆما سەرمایەتی.. ئۆ... دو.. دی.. دوو.. دی.. دو.. دی.. خوا بتپارێزێ لە شەڕی تۆف و با و بۆران.. لە پەتا.. لە هەڵنەهاتنی ئەستێرەی بەخت.. خێرێک بەتۆماـــی بەستەزمان بکەن کە شەیتانی لەعنەتی وازی لێ ناهێنێ.. ئا ئەوەتا دەیگرم.. ئەوەتا لەوێ.. ئەها.. هات.. ئێرە.. دیسانەوە چۆوە ئەوێ.

(ڕەشەبا بەردەوامە)

شا لیر:

سەیرە... ئەوە کچەکانی ئاوا شێتیان کردووە
نەتتوانی شتێک بۆ خۆت گل بدەیتەوە..؟
تۆش هەموو شتێکت پێ بەخشین..؟

باڵووڵ:

نەخێر.. بەتانییەکی بۆ خۆی گل داوەتەوە...
ئەگەر نا هەموومانی خەجاڵەت دەکرد.

شا لیر:

ئەی ئەو دەردانەی وان لە ئاسمان کە چارەنووسی مرۆڤە





گوناهبارەکانن.. داباڕێن بەسەر کچەکانیدا.

کێنت:

گەورەم.. ئەم کابرایە کچی نییە.

شا لیر:

مەرگ.. ئەی خیانەتکار..
هیچ شتێک ناتوانێ بنیادەم وا سووک بکا تەنها کچە سپڵەکانی نەبێ.
تۆ بڵێی وابێ. کاتێ باوکان ترۆ دەکرێن
هیچ بەزەییەک لە گیانیاندا نامێنێ
سزایەکی هەقە.. ئەوە ئەو خوێن و گۆشتەیە
کە ئەم کچە سپڵانەمی لێ بووە
دەڵێی ئەو بێچووە ماسیگرانەن
خوێنی دایک و باوکیان دەخۆن.

ئێدگار:

بێچووە ماسیگرە لەسەر گردۆلکەیەک هەڵنیشتوو تری لەلا.. تر لەیلی.

باڵووڵ:

ئەم شەوە ساردە هەموومان شێت و وێت دەکا.

ئێدگار:

خۆت لادە لە شەیتانی پیس..
گوێڕایەڵی دایک و باوکت بە..
لە قسەکانت ڕاست و دروست بە،

سوێند مەخۆ، حەڵاڵی هیچ پیاوێکی تر پیس نەکەی..
خۆت لە ناو سیپاڵی جواندا بامەدە.. تۆما سەرمایەتی.

لیر:

تۆ چی بوویت..؟

ئێدگار:

هاودەم و پێش خزمەت.. زەلامێکی دڵڕەق و مێشک گرژ، قژم لوول دەکەم و لە ناو شەفقەکەما دەستکێش دەشارمەوە.. ئاگر لە دڵی دۆستەکەم بەر دەدەم.. ئەوەی تاریکی پێی دەکا من پێی دەکەم.. بەقەد ئەو وشانەی لە دەمم دەکەون ئەوەندەم سوێند دەخوارد.. کەچی لە بەردەم ساماڵی خۆشی ئاسمانی سوێندەکانم دەشکاندن، دەنووستم و پیلانم بۆ خەراپە و کاری ناشەرعی دادەنا و لە خەو ڕادەبووم، ئافرەتیش هەر مەپرسە..
لە سوڵتانێک پتر دۆستم گرت: دڵێکی پر خیانەت، دەستێکی خوێناوی، گوێ سووک بۆ قسە هێنان و بردن، تەمبەڵ وەک بەراز، لە دزین و شت ڕافڕاندن ڕێوی ئاسام، برسی چۆن گورگ، هار وەک سەگ، بۆ نێچیریش پەلاماری شێرم، لەبەر جیرەی بابووج و ورشەی کراسی ئاوریشم نەکەی دڵی خۆت بدەی بە ئافرەت.. پێت نەخەیتە ناو تیاترۆخانە، دەست نەخەیتە درزی کراسان، قەڵەمیش لە ناو دەفتەری قەرزان، بە ڕووی شەیتانی لەعنەتی بوەستە، هێشتا بای سارد لە ناو تووتڕکانەوە هەڵدەکا، دەلوورێنێ و دەڵێ سووم، مون، موونی..
ڕۆڵە.. دۆڵفی.. دەی ڕۆڵە.. یەڵڵا.. لێی گەڕێ با بڕوا..
(ڕەشەبا هەر بەردەوامە)



لیر:

گەلێ چاکتر بوو لە گۆڕدا بیت لەوەی بە ڕووت و قووتی خۆت بدەیتە بەر زەبری ئاسمان.. باشە بنیادەم هەر ئەوەیە؟ چاک تێی ڕامێنن، تۆ نە بەئاوریشم قەرزاری کرمی ئاوریشمیت.. نە بەچەرم و قایشیش قەرزاری هیچ مەڕێکی، نە بەعەتریش قەرزاری پشیلەیەک.. ها..؟ ئەوەتا ئێمە هەرسێکمان فێڵمان لێ کراوە و خۆمان لێ گۆڕیوە. تۆ تەنها تۆ شتێکی ڕاستەقینەی.
مرۆڤی ڕووت و قووت هیچ نییە جگە لە ئاژەڵێکی کە دوو لەت بووبێ.. ڕووت و بەستەزمان وەک تۆ.. بەدوور بن،.، بەدوور بن لێم ئەی خوازە و لێکچوونەکان.. وەرەو ئەم قۆپچانە بترازێنە.
(جل لەبەر خۆی دادەڕێ)

باڵووڵ:

تکایە مامە.. ڕازی بە.. ئەمشەو شەوی مەلەکردن نییە.
ئێستاش ئەو تۆزە بڵێسەیە لەم دەشتە کتومت لە دڵی پیرێکی بێ حەیا و حورمەت دەچێ:
کڵپەیەکی کز و کەم... ئەوی تر سەرتاپا جەستەیەکی ساردوسڕە. سەیر کەن ئەوەتا ئاگرێک شاڵاو دێنێ.
(گلۆستر دێتە ژووری شاپڵیتەی پێیە)

ئێدگار:

ئەوەش " فلیبەر تیگیت" شەیتانی پیس.. کە چراکان تێکڕا خامۆش دەبن ئەم دەست بەکاری خۆی دەکا.. تا کەڵەشێری

بەیانی بانگ دەدا ئەم دێت و دەچێ، ئاوی چاوان دادێنێ و
خێلیان دەکا، لێوان لەت دەکا، دەغڵ و دان ژەهراوی دەکا..
ئازاری مەخلوقاتە بێ دەستەڵاتەکانی سەر ئەم خاکە دەدا.

"ویزۆڵد"ی پیرە ئەهریمەن سێ جاران هات و چوو
لە ڕێگا تووشی شمڵی شەڕ و نۆ خێوی تر بوو
هەر هەمووشیان لەو دارستانە سواربوون
ویزۆڵد–ی ئەهریمەن فەرمانی بەشمڵی شەڕ کرد کە دابەزێ
دابەزێ و سوێندی بۆ بخوا کە پەیمان نەشکێنێ
پاشان پێی وت:
دە وەلبە لە بەرچاوم هەی شمڵی شەڕ
وەل بە هەی سیحرباز.

کێنت:

گەورەم.. ئێستا چۆنیت..؟

لیر:

تۆ کێی..؟

کێنت:

ئەوە کێیە لەوێ..؟ بەدوای چیدا دەگەڕێی؟

گلۆستر:

ئەی ئێوە کێن..؟ ناوتان چییە..؟

ئێدگار:

تۆما–ی بەستەزمان.. ئەوەی بۆقی نێو ئاو و نێو قوڕ و چڵپاویش دەخوا، مارمێلکەی نێو ئاو و سەر دیواریش، گەر



شەیتانی پیس خۆی شێت کا و دڵم گەرم بێ لەبری زەڵاتە تەپاڵەش دەخۆم، جرج و توولەی نێو زێرابەکانیش.. قەوزەی سەر زۆنگاوەکانیش هەڵدەلووشم.. من ئەو کەسەم هەر بەجەڵدە لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە ڕاووم دەنێن.. سزام دەدەن... کۆت و زنجیر لە پێ.. بەندم دەکەن.. سێ پارچە سیپاڵ بۆ پشتم و شەش کراسیش بۆ هەموو لەشم. ئەسپێکیش تا سواری بم.. چەکیش تا بیکەمە شانم.. بەڵام مشک و جرج و ئەم شتە چکۆلە و پیسانەش خۆراک بوون بۆ تۆما–ی بەستەزمان.. منم حەوت ساڵی دوورودرێژ ئەوەبوو حاڵم، عفریتەکەم وریای خۆت بە.. بێ دەنگ "سمولکن".. خێوی بەد.. ئارامت بێ شەیتانی چەپەڵ.

گلۆستر:

سەیرە.. ئەوە بەڕێزتان هاودەم و هاوڕێیەکی لەوە چاکترتان دەست ناکەوێ..؟

ئێدگار:

شازادەی تاریکستانە و پیاوێکی بەجەرگە، پێی دەڵێن "مۆدۆ" جگە لە ماهوو...

گلۆستر:

گەورەم.. دیارە خوێن و گۆشتمان ئەوەندە پیس بووە.. بۆیە ئەوەی لە ئێمەش دەبێ ڕقی لێمانە.

ئێدگار:

تۆمای بەستەزمان سەرمایەتی.

گلۆستر:

وەرە لەگەڵما.. ئەرکی من ئەوە نییە هەموو دەم ملکەچی هەموو فەرمانێکی دڵڕەقانەی کچەکانت بم گەرچی پێیان وتووم دەرگای ماڵەکەمت لە ڕوودا داخەم.. ئا ئەم شەوە ستەمکارە حەشری خۆیت پێ بکا کەچی پێم لە جەرگی خۆم ناو هاتم بەدواتا تا بتبەمە شوێنێک کە ئاگر و نانی تیا بێ.

لیر:

لێم گەڕێ با یەکەمجار قسەیەک لەگەڵ ئەو فەیلەسووفە بکەم.. هۆی بوونی برووسک چییە..؟

کێنت:

گەورەم.. بەخشندە.. چۆنی پێ وتیت وا بکە.. بڕۆ ماڵەکەی.

لیر:

یەک پرسیاری تر لەم زانای "تیب"ە دەکەم. تۆ لە چ شتێکدا شارەزای..؟

ئێدگار:

ڕەتدانەوەی شەیتان و کوشتنی هەموو شتێکی پیس و مشەخۆر

لیر:

با لە لاوە و بەتەنیا پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم.

کێنت:

گەورەم دیسانەوە.. سوور بە کە لەگەڵتا بێت.. خەریکە عەقڵی تێک دەچێت



گلۆستر:

جا بۆ گلەیی لێ دەکەی..؟

(ڕەشەبا بەردەوامە)

کچەکانی خوا خوایانە بمرێ... ئای کێنت یادت بەخێر.. پێشبینی ئیمڕۆی کرد.. بەستەزمان.. تا ئەمرۆش تڕۆ کراوە تۆ دەڵێی پادشا خەریکە شێت.. بێ.. دەبا منیش بەتۆ بڵێم کاکی برا... نەک هەر ئەو... منیش خەریکە شێت بم، کوڕێکم هەبوو من ئێستا لێی بێ بەریم.. دەیویست خوێنم بکاتە کاسەوە هەر لەم دواییەدا ، ئەوەندە نابێ، منێک کە خۆشم ویست هاوڕێ... کە هیچ باوکێک ئاوا کوڕی خۆی خۆش نەوێ لێت ناشارمەوە... خەریک بوو خەم شێتم بکا وای لەم شەوە تووشە تکات لێ دەکەم گەورەم.

لیر:

ئۆو.. ببوورە قوربان ئەو فەیلەسووفە ئەسڵ زادەیە.. لەگەڵمایە

ئێدگار:

تۆما سەرمایەتی

گلۆستر:

بڕۆ ژوورەوە.. بڕۆ ناو کوختەکە و خۆت گەرم کەوە.

لیر:

دەی با هەموومان بچینە ژوورێ.

کێنت:

لێرەوە گەورەم

لیر:

لەگەڵ ئەو.. حەز دەکەم هەمیشە لەگەڵ ئەو هاوڕێ فەیلەسووفەم بم.

کێنت:

گەورەم بەخشندە.. تۆزێ ئاگات لێ بێ.. با ئەو گەنجە لەگەڵ خۆیدا بەرێ

گلۆستر:

تۆ خۆت بیبە

کێنت:

ئا کوڕی باش.. دەی.. وەرە لەگەڵمان.

لیر:

وەرە.. ئەی "ئەسینی" چاک.

گلۆستر:

بێ دەنگ.. بێ دەنگ.. هش.

ئێدگار:

رۆلان–ی لاوچاک گەیشتە قەڵای ڕەش.. لەبەر خۆیەوە دەڵێ فای.. فوو.. فووم من بۆنی کابرایەکی ئینگلیزی دەکەم خۆی شاردبێتەوە.

(دەچنە دەرێ)



## دیمەنی پێنجەم

(ژوورێک لە قەڵاکەی گلۆستر، کۆرنۆڵ و ئیدمۆند دێنە ژوورێ)

کۆرنۆڵ:

بەر لەوەی لەو ماڵە بچمە دەری تۆڵەی خۆم دەکەمەوە.

ئیدمۆند:

ئۆه.. گەورەم.. لەوانەیە سەرزەنشت بکرێم کە چۆن ئاوا تەبیعەتی من ملکەچ دەکا بەڕووی وەفادا.. ئەمەیان شتێکە کە بیری لێ دەکەمەوە زەندەقم دەچێ.

کۆرنۆڵ:

ئێستا تێگەیشتم کە باوکتان بەهیچ و خۆڕایی نەیویستووە براکەت بکوژێ، هەر تەنها لەبەرئەوەی نیاز پیس و نەگریسە.. نەخێر بەڵکو دیارە کارێکی وا نابەجێی کردووە کە مستەهەقی ئەو مەرگە بێ.. کارێک کە باوکتی هار کردبێ.

ئیدمۆند:

ئای لە خۆم بەخت ڕەشێ.. من دەبێ پەشیمان ببمەوە لەو هەقپەرستی و ڕاست بێژییەم. ئەوەیە ئەو پەیامەی براکەم هەڵیگرتبوو. ئەو پەیامەی کە بەڵگەی ئەوەیە ئەم سیخوڕی فەرەنسایە. ئۆه.. خوایەکە.. خۆزگە ئەم خیانەتە قەت نەبووایە و.. ئەوەشی کە درکاندی من نەبوومایە.

کۆرنۆڵ:

وەرە لەگەڵما با بچینە لای شازادە.

ئیدمۆند:

گەر ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ڕاست بێ.. ئەوە تۆ کارێکی گەورەت بەدەستەوە دەبێ.

کۆرنۆڵ:

ڕاست بێ یان درۆ، گرنگ ئەوەیە لە پای ئەوە تۆ بوویت بەیەکێ لە گەورەپیاوانی ناوچەی "گلۆستر" بگەڕێ بەدوای باوکت دا و با ئامادە بێ بۆ کۆت و زنجیر.

ئیدمۆند:

(لە لاوە) گەر بیبینم دڵی پادشا بداتەوە.. ئەمەیان دەبێتە مایەی گومانی پتر (بەدەنگی بەرز) من لە ڕێی وەفا لانادەم گەرچی لە دڵما گرانە بەخوێنی یەکدی تینوو بین.

کۆرنۆڵ: لەمەودوا تۆ جێی متمانەی منیت.. وەک باوکێکی چاک خۆشەویستیم دەڕژێ بەسەرتا.

(دەچنە دەرێ)

**دیمەنی شەشەم**

(ژوورێک لە یەکێ لە ماڵەکانی سەر مەزرا و کێڵگە و نزیک بە قەڵاکە.. کێنت و گلۆستر دێنە ژوورێ)

گلۆستر:

ئێرە باشترە لەو دەشتە چۆڵە، بە سوپاسەوە قبووڵی بکە؛ هەرچییەکی ترمان پێویست بێ ئامادەی دەکەم.. زۆرم پێ ناچێ و هەر ئێستا دێمەوە.

(دەچێنە دەرێ)



کێنت:

ئارامی نەما و عەقڵی جوانی لە دەست دا خوا پاداشتی ئەو هەموو چاکەیەت بداتەوە.

(شا لیر و ئێدگار و باڵووڵ دێنە ژوورێ)

ئێدگار:

فراتیرتۆ بانگم دەکا و دەڵێ: "نیرۆن" لە "دەریاچەی تاریکی" خەریکی ماسیگرتنە هەمیشە دڵپاک بە و.. لە شەیتانی لەعنەتیش بەدوور بە.

باڵووڵ:

تکایە.. مامە... ئەم شێتە لە پیاوماقووڵانە یان لە خەڵکی عەوامە..؟

لیر:

پادشایە.. پادشا

باڵووڵ:

نەخێر.. خۆی لە عەوامە کە دەکرێ کوڕەکەی لە پیاوماقووڵان بێ: چونکە تەنها شێت بەر لە خۆی کوڕەکەی خۆی بەپیاو ماقووڵ دەزانێ.

لیر:

دەبێ وا بکەم هەزار پیاو بەخۆیان و بەشیشی داخکراوەوە ڕاوەدووی هەردووکیان بنێن.. بەدەنگ و هەراوە.

ئێدگار:

شەیتانی لەعنەتی پشتم دەگەزێ.

باڵووڵ:

شێتە ئەو کەسەی بڕوا بە ئولفەتی گورگ بکا، یان تەندروستی ئەسپێک، ئەوینی جحێڵێک، یا سوێندی سۆزانییەک.

لیر:

ئاوی لێ ناخۆمەوە.. دەستبەجێ هەردووکیان حوکم دەدەم.

(ڕوو دەکاتە ئێدگار)

وەرە لێرە دانیشە ئەی دادوەری زانا.

(ڕوو دەکاتە باڵووڵ)

تۆش ئاغای حەکیم و دانا وەرە لێرە دانیشە تۆ نا.. ئەو دوو ڕێوییە مێینەیە.

ئێدگار:

سەیری کەن چۆن وەستاوە دیقەت دەدا و ئەبڵەق بووە.. دەتەوێ سەیری ئەو دادوەرییە بکەیت و بزانی کێ ئامادەیە خانمەکەم..؟ تۆ ئەی ئەو کەسەی لە ڕۆخانەی ڕووباری "بێسی" وەستاوی وەرە

باڵووڵ:

(بەدەم گۆرانی وتنەوە)

بەلەمەکەی کونی تێ بووە

نابێ بدوێ و لە قسەش بووە

بۆیە ناتوانێ بێتە لاتەوە.

ئێدگار:

شەیتانی لەعنەتی لە دڵمایە و بەئاوازی بولبول دەچریکێنێ.



هوپدانس لە ناو سکی تۆما-ی بەستەزماندا بۆ دوو ماسی سپی دەزریکێنێ. قیڕەت نەیە ئەی فریشتەی ڕەش.. هیچ خۆراکێکم لا نییە بۆ تۆ.

کێنت:

چۆنیت گەورەم..؟ ئاوا مەوەستە بەسەرسامی: پاڵ کەوە و لەسەر پشتی و سەرینەکانت بسرەوە.

لیر:

یەکەمجار دەمەوێ حوکمیان بدەم با شایەتەکان ئامادە بن.

(ڕوو دەکاتە ئێدگار)

تۆ ئەی عەبا بەشانی دادوەر.. شوێنی خۆت بگرە

(ڕوو دەکاتە باڵووڵ)

تۆش ئەی هاوڕێی ئەو لە دادوەری.. لە تەکیا دانیشە.

(ڕوو دەکاتە کێنت)

تۆش ئەندامی لەو کۆمەڵەیە.. تکایە تۆش ڕوونیش

ئێدگار:

با حوکمێکی دادوەرانە بێ

ئەی شەوانی بەزمگێڕ تۆش خەوتوویت یا وەئاگایت..؟

مەڕەکانت کەتوونەتە ناو ئەو دەغڵە..

خۆ فیکەیەک لەم دەمە جوانە

ناشێ مەڕەکان ئازار بدا

پڕ.. پڕڕڕڕ.. پشیلە بەڵەکەکە

لیر:

ئەوەتا گۆنریل.. یەکەمجار حوکمی ئەو بکەن.. من لێرەدا لە بەردەم ئەو بەڕێزانە سوێند دەخۆم کە ئەم بەلەقە لە پادشای بەستەزمانی هەڵدا کە باوکی خۆیەتی.

باڵووڵ:

وەرە پێشێ خانم.. تۆ ناوت گۆنریل–ە..؟

لیر:

ناتوانێ نکووڵی لێ بکا.

باڵووڵ:

داوای لێبووردنت لێ دەکەم... وامزانی کورسیت.

لیر:

ئەوەتا یەکێکی تر.. دەموچاوە تێک ترشاوەکەی دەری دەخات کە دڵی لە چ مەعدەنێ دروست بووە.. نەهێڵن بڕوات.. دەست دەنە چەکەکانتان.. چەک... شیر و تیر.. ئاگر... هەموو شوێنێک پیس بووە...! ئەی دادوەری درۆزن بۆ هێشتت ئەو ئافرەتە ڕابکات..؟

ئێدگار:

ئەی بژی هەر پێنج بەهرەکەت.

کێنت:

ئۆه.. گەورەم.. کوا ئەو ئارام و حەوسەڵەی جارانت کە هەمیشە شانازیت پێوە دەکرد..؟

ئێدگار:

(لە لاوە)



وام لێ هات کە فرمێسکی بۆ هەڵڕێژم بەڕادەیەک کە خەریکە دەمامکم لێ بکەوێ و ئاشکرا بم.

لیر:

هەتا توولە بچکۆلەکانیشم.. هەر هەموویان.. ترای.. بلانس.. خۆشەویست.. ببین هەر هەموویان پێم دەوەڕن.

ئێدگار:

تۆما.. هەر بەکەللە تێیان هەڵدەدا
ئەی توولە سەگینە دوور کەونەوە
گەر ئێوە دەمتان ڕەش بێ یا سپی..
گەر کەلبەتان ژەهراوی بێ کە کەسی دەگەزن
سەگی ڕاو.. تانجی.. یان هەوشار بن
دڕ و کێوی یان ماڵی بن...
یان سەگی دوو ڕەگ بن
هار یاخود ئولفەتگر بن
کلک بڕاو.. یا لە دووی خۆتانی بخشێن
دەبا تۆما واتان لێ بکا بەواڕە واڕەوە
گەر هەر ئاوا.. سەر ڕاوەشێنم
هەرچی سەگە کلک دەخاتە نێوگەڵی و دەقوچێنێ
دۆ.. دی... دی... دی... یەڵڵادەی مل نێن
بۆ ئەو شوێنانەی پرسەی تیایە
نێو هەرای بازاڕەکان..
نێو کڕیار و فرۆشیاران

تۆما–ی بەستەزمان تۆش قوتیلەی سواڵت هیچی تیا نەماوە.

لیر:

دەی کەواتە با ناو هەناوی ریگن هەڵدڕن..

با ببینن ئاخۆ چی لە دڵدا جێگرە و چی دروست دەبێ.

پێم ناڵێی بۆ چ هۆیەک ســـــروشت ئەم جـــــۆرە دڵڕەقـــانە دەخولقێنێ..؟

(ڕوو دەکاتە ئێدگار)

تۆش.. گەورەم

من وەک یەکێ لەو سەد پیاوەم کارت پێ دەسپێرم..

بەڵام جۆری جلەکەتم بەدڵ نییە..

لەوانەیە بڵێی مۆدەیەکی فارسییە... بەڵام من پێت دەڵێم بیگۆڕە.

کێنت:

گەورەم.. بەخشندە.. لێرە پاڵ کەوە و بسرەوە.

لیر:

مەیکەن بەهەرا.. مەیکەن بەهەرا.. پەردەکان دادەنەوە.. ئاوا..

ئاوا.. سەرلەبەیانی نانی شێوان دەخۆین.

باڵوول:

منیش وەختی نیوەڕۆ دەخەوم.

(گلۆستر دێتە ژووری)

گلۆستەر:

ئا هاوڕێم وەرە! کوا پادشای گەورەم؟



کێنت:

لێرەیە گەورەم.. بەڵام مەیوروژێنە.. چونکێ هۆشی لە دەست داوە.

گلۆستەر:

تکایە.. هاوڕێی باش... هەوڵدە بیگریتە باوەش

گوێم لێیان بوو.. پیلانێکە و دەیانەوێ بیکوژن

تەختێکمان لایە و پاڵی خەن تیا

رایفڕێنن تا "دۆڤەر" هاوڕێ

دەبینن لەوێ چۆن پێشوازی هەردووکتان دەکرێ

ناهێڵن هیچ مەترسییەک توخنتان کەوێ

دەی بەرزی کەنەوە ئەو گەورەیە.

گەر نیو سەعاتی تر دوای بخەن.. ژیانی ئەو ژیانی تۆ.. ژیانی هەر کەسێک بەرگری لێ بکا

دەبێ دڵنیا بیت کە لە هیچ و خۆڕاییی دەڕوا

بەرزی کەرەوە.. بەرزی کەرەوە دوام کەوە.. بەپەلە دەتگەیەنمە شوێنێ

کە تۆزێ ئارەزووت دەست کەوێ.

کێنت:

سروشتی ماندوو خەوی لێ کەوت.

لەوەیە ئەم خامۆشییە هەتوانێک بێت بۆ کەللەی کاست

کە ئەگەر نەهێڵێت ئارام بسرەوێ

لە پای چاکبوونێک ڕەنگە داهێزرێ.

(ڕوو دەکاتە باڵووڵ)

وەرەو یارمەتیم بدە.. با پادشاکەمان هەڵبگرین

نامەوێ تۆ لێرە جێ بێڵین

گلۆستر:

دەی... دەی با بڕۆین.

(بێجگە لە ئێدگار هەر هەموویان دەچنە دەرێ)

ئێدگار:

ئێمە کە گەورە و خێرخوازانی خۆمان دەبینین

بۆ نەگبەتی ئێمە دەتلێنەوە

وامان لێ دێ چی کارەساتی هەمانە بەمەینەتی خۆمانی نەخوێنینەوە.

ئەو کەسەش کە بەتەنیا ئازار دەچێژێ

ئەوەیە کە لە ناخدا دەتلێتەوە

چی بەزم و خۆشی دونیا هەیە فەرامۆشی دەکا و...

لای لێ ناکاتەوە

بەڵام چی ئازار هەیە ڕۆح بەرگەی دەگرێ

هەر بەتەنها گەر دۆستی خەمخۆر شک بەرێ

ئێستا چ سووک ئازاری خۆم دێتە بەرچاو کە دەبینم

ئەوەی کە شانی من قورس دەکا

پشتی پادشا دەچەمێنێ.

ئەو مناڵ و من گەورە بوومەوە..



تۆش تۆما.. ڕاکە..

ئاگات لەو هەرایە بێ وا بەسەر سەرتەوە

چی دەزانی بیدرکێنە.. خۆت بەتاڵ کە

ئەو کاتەی بەقسە و قسەڵۆکی درۆ.. بەبیری چەوتی ئەوان

تۆ گلاو بوویت.

کاتێ هەموو ئەو شتانەش بەسەر دەچن

چونکێ تۆ ڕاست و دروست و ڕاشکاو بوویت

ئەم شەویش هەرچییەکی کە لەوەش ناخۆشترە بقەومێ

دەبا پادشامان سەلامەت بێ تۆش خۆت وەشێرە.. زوو کە و خۆت وەشێرە

(دەچێتە دەرێ)

### دیمەنی حەوتەم

(ژوورێک لە قەڵاکەی گلۆستر، کۆرنۆڵ و ریگن و گۆنریل
و ئیدمۆند و خزمەتکاران دێنە ژوورێ)

کۆرنۆڵ:

(ڕوو دەکاتە گۆنریل) پەلە کە و لێخورە بۆ لای لۆرد.. مێردەکەت، ئەم نامەیەی بخەرە بەردەست.. با بزانێ کە سوپای فەرەنسییەکان وان لە خاکی ئێمەدا.. بەدوای گلۆستر- ی خیانەتکاریشدا بگەڕێن.

(یەکێ لە خزمەتکاران دەچێتە دەرێ)

ریگن:

یەکسەر هەڵیواسن

گۆنریل:

هەردوو چاوی دەربێنن.

کۆرنۆل:

لەو گەڕێن بۆ غەزەبی من.. ئێدمۆند.. تۆش هاودەمی ئەو خوشکەمان بە و لەگەڵیا برۆ. ئەو تۆڵە قورسەی کە لە باوکە خائینەکەتی دەکەینەوە کەڵکی ئەوەی نییە تۆ بیبینی، ئاگاداری ئەو دۆقە بە کە دەچێت بۆ لای با خۆی چاک ئامادە بکا.. کە ئێمەش وەک ئەو تەیار و ئامادەین.. با هەمیشە قاسید و پەیامنێری خێرا و هەگبە پڕ هەواڵ لە بەیندا بێ. ماڵئاوا خوشکە ئازیزەکەمان..ماڵئاوا ئەی لۆردی گلۆستر.

(ئیزواڵد-سەرۆکی خزمەتکاران دێتە ژوورێ)

ها ئێستا چۆنە ئەی کوا پادشامان..؟



ئیزواڵد:

لۆردی گەورەم.. گلۆستر ئا لێرە گواستییەوە
نزیکە سی و پێنج تا سی و شەش لە سوار چاکانی خۆی
کە بەگەرمی بەدوای دەگەڕان.. لە بەردەرگا تووشی بوون
لەگەڵ هەندێ لە پیاوانی لۆرد.
رووەو "دۆڤەر" ملیان نا
دیاربوو خۆیان بەوە هەڵدەدایەوە
کە کۆمەڵێ لە هاوڕێی خۆیان بەچەک و چەکباری چاکەوە لەوێ
چاوەڕێن.

کۆرنۆڵ:

دەی بۆ خانمەکەتان ئەسپ زین کەن

گۆنریل:

ماڵئاوا.. ئەی لۆردی خۆشەویست... ماڵئاوا.... خوشکی ئازیز.

(گۆنریل و ئیدمۆند و ئیزواڵد دەچنە دەرێ)

کۆرنۆڵ:

ماڵئاوا ئیدمۆند.. بڕۆن بگەڕێن بەدوای گلۆستری خیانەتکاردا
قۆڵ بەستی کەن دز ئاسا..
پاشان بیهێننە بەردەممان
(هەندێ لە خزمەتکاران دەچنە دەرێ)
ڕەنگە نەتوانین، بەبێ چەند و چوونی دادوەری
هیچ حوکمێکی بەسەردا بدەین..

بەڵام هەرچی هێز و دەستەڵات هەیە

ملکەچە لە بەردەم ئاگری غەزەبمان

کە ڕەنگە خەڵکی لەسەر ئەوە بکەن لۆمەمان

بەڵام ناتوانن.. بێ دەست تێوەردان

(هەندێ لە خزمەتکاران گلۆستر بە بەندکراوی دێننە ژوورێ)

ئەوە کێیە لەوێ..؟ هۆ.. خیانەتکار..؟

ریگن:

خۆیەتی.. ڕێوی سپڵە.

کۆرنۆڵ:

هەردوو باسکە باریکەکەی توند ببەستنەوە.

گلۆستر:

ئەوە چییە بەڕێزان؟ هاوڕێیان بیرتان نەچی ئێوە لێرە میوانی منن

ناکرێ پەیمان شکێن بن.. برادەران

(خزمەتکاران دەیبەستنەوە)

کۆرنۆڵ:

من وتم بیبەستنەوە

ریگن:

توندتر.. توندتر.. خیانەتکاری چەپەڵ

گلۆستر:

خانم تۆ لەوەش دڵڕەقتر بیت.. بەڵام من ئەوە نیم



کۆرنۆڵ:

بیبەستن بەو کورسییەوە

ناکەس.. خۆت دەبینی

(ریگن تاڵە سوورەکانی ڕیشی ڕادەتەکێنێ)

گلۆستر:

لە ڕاهی خوداوەندە بەخشندەکان گەلێ شەرمە تۆ ڕیشی دەردێنی.

ریگن:

ڕەنگ زەردی.. هەی خیانەتکار

گلۆستر:

ئەی خانمی شەڕانگێز

ئەو تاڵە مووانەی لە چەناگەمی دەکەیتەوە

دەژێینەوە و تاوانبارت دەکەن.. ئاخر من میوانی تۆم

تۆ چۆن بەو دەستانە کە لە دەستی دز دەچێ

گەمە بەدەموچاوی میوانی خۆت دەکەی..؟

پێم ناڵێی ئێوە چیتان نیازە..؟

کۆرنۆڵ:

قسە بکە کابرا.. لەم دواییەدا لە فەرەنساوە چ نامەیەکت پێ گەیشتووە..؟

ریگن:

ڕاست و ڕەوان قسە بکە.. چونکە خۆمان هەموو شتێک دەزانین.

کۆرنۆڵ:

چ پیلانێکیشت بەدەستەوەیە لەگەڵ ئەو خیانەتکارانەی کە لەم دواییەدا هاتوون و مەملەکەتیان گلاو کردووە..؟

ریگن:

ئەو پادشا شێتەت ناردە لای کێ.. قسە بکە..

گلۆستر:

هەر بەمەزەندە و تەخمین نامەیەکم نووسی
لە دڵێکەوە هاتە دەر بێ لایەن
نەک دژ و بەرهەڵستکەر

کۆرنۆڵ:

تەڵەکەباز

ریگن:

ساختەچی.. درۆزن

کۆرنۆڵ:

پادشات بۆ کوێ نارد..؟

گلۆستر:

بۆ "دۆڤەر"

ریگن:

باشە بۆ "دۆڤەر"؟ ئەی ئێمە هەڕەشەمان لێ نەکردیت.. نەترسایت..؟

کۆرنۆڵ:

بۆچی "دۆڤەر"؟ لێی گەڕێ با وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.



گلۆستر:

من هەردوو پێم وا لە سندم دا، کەچی دەبێ بەرگەی ئەم سەگوەڕە بگرم.

ریگن:

بۆچی دۆڤەر..؟

گلۆستر:

چونکێ من دڵم بەروەستی نەدەدا.
ببینم بەنینۆکی بێ بەزەیی چاوە کزەکانی ئەو بەستەزمانە دەربێنێ..
یا خوشکە دڵڕەقەکەت کەڵبەی بەرازانەی لەو گۆشتە چەورکراوەی گیرکا.
دەریاش وەک کەللە سەری بێ تاجی ئەم
لە شەوێکی زۆر تاریک و دۆزەخ ئاسا
کەوتە سەر گێژەنە و شەپۆل بەیەکا دادان
ئەوەن هەڵچوو وەک بڵێی گڕی ئەستێرەکان بکوژێنێتەوە
وەلێ پیری بەستەزمان داوای دەکرد ئاسمان پتر دایکا
گەر لەو ئان و ساتە ترسناکە گەلەگورگیش بهاتبایە بەردەرگاکەت
ئەوسا دەتوت "ئەی دەرگاوانی چاک..
لێ گەڕێ بێنە ژوورەوە."
جگە لە تۆ هەموو دڵڕەقەکانی دونیا نەیات دەوت: نا
بەلام رۆژێ دێ ببینم چۆن تۆڵە باڵ بگرێ و بدا بەسەر

فەرزەندی وەک ئێوە.

کۆرنۆڵ:

هەرگیز.. تۆ قەت ئەوە نابینی..

هاورێیان کورسییەکە توند بگرن

با بەهەردوو پێ بچمە سەر چاوەکانی

(دەیەوێ یەکێ لە چاوەکانی بسمێ)

گلۆستر:

ئەوەی دەیەوێ خوا عومری درێژکا

بابێ فریام کەوێ... یارمەتیم بدا.. ئۆە.. خوایە گیان.. وای لەو دڵڕەقییە.

ریگن:

ئەم لایەیان گاڵتە بەوی تریان دەکا.. چاوەکەی تریشی

کۆرنۆڵ:

گەر دەتەوێ تۆڵە ببینیت

خزمەتکاری یەکەم:

گەورەم.. دەستی لێ بەردە

من لە مناڵییەوە خزمەتت دەکەم

بەڵام هیچ ڕۆژێک خزمەتێکی ئاوام نەکردووی

وەک ئێستا کە پێت دەڵێم دەستی لێ بەردە.

ریگن:

ئەوە دەڵێی چی.. سەگە..؟

خزمەتکاری یەکەم:



گەر لەسەر ئەو چەناگەیە تۆزێ ڕیشت هەبووایە.

لەم شەڕەدا ڕام دەکێشا

ریگن:

مەبەستت..؟

کۆرنۆڵ:

خزمەتکاری ناکەس.

(هەردووکیان شمشێر لێک هەڵدەکێشن)

خزمەتکاری یەکەم:

کەواتە وەرە پێشێ... ئەم تووڕەیییە بە هەل بزانە و سەرپێچی بکە.

ریگن:

(ڕوو دەکاتە یەکێ لەوانەی وەستاون)

ئەو شمشێرەتم بەرێ.. جووتیارێک و لێمان هەڵگەڕێتەوە..؟

(شمشێرەکە وەردەگرێ و لە پشتەوەڕا ڕایدەوەشێنی)

خزمەتکاری یەکەم:

ئاخ کوشتمت.. گەورەم هێشتا چاوێکت ماوە

ئەو سزایە ببینە کە ئەم دووچاری دەبێ.. ئاخ.

(دەمرێ)

کۆرنۆڵ:

تا لەوە زیاتری نەبینیەوە.. با نەهێڵم.. بڕۆ دەرەوە هەتیوی چەپەڵ.

(چاوەکەی دیکەی گلۆستر کوێر دەکا)

ئێستا کوا پڕشنگەکەت..؟

گلۆستر:

هەموو شوێنێ تاریکە و دوور لە دڵنەوایی

ئەی کوا ئێدمۆند–ی کوڕم..؟

ئێدمۆند.. هەرچییەکی لە سروشت گڕ دەگرێ.. دایگیرسێنە

بە ڕووی ئەم کارە بێ جێ و ترسناکە

ریگن:

بڕۆ دەرەوە.. چەپەڵی خیانەتکار

تۆ بانگی کەسێک دەکەی کە ڕقی لێتە..

ئەم خۆی پەردەی لەسەر خیانەتەکەی تۆ لادا

لەوە پیاوترە بەزەیی بەتۆدا بێتەوە.

گلۆستر:

وەی لە گێلیم.. کەواتە من زوڵمم لە ئێدگار کردووە

ئەی خوای بەخشندە بمبەخشە... دەستی ئەویش بگرە،

ریگن:

بڕۆ و فڕێی دە دەرەوە

با بۆن ڕووەو دۆڤەر ڕێی خۆی بدۆزێتەوە

(یەکێکیان لەگەڵ گلۆستر دەچێتە دەرێ)

مەسەلە چییە گەورەم.. ؟ تۆ چۆنیت..؟

کۆرنۆڵ:

من بریندارم.. خانمەکەم.. وەرە بەدوامدا



ئەم چەپەڵی کوێرە دەرکە.. ئەم کۆیلەیە فڕێیدەنە سەر زبڵخانە.

ریگن:

من خوێنێکی زۆرم لێ دەڕوا

ئەم برینە لە کاتی خۆی نەبوو.. دەست بەرە دەستم

(کۆرنۆڵ دەچێتە دەرێ، ریگن ڕێی پیشان دا)

خزمەتکاری دووەم:

گەر ئەم پیاوە خێری بێتە ڕێ

وەعد بێ منیش چی خەراپە بیکەم.

خزمەتکاری سێیەم:

گەر ئەو ئافرەتەش زۆر بژی

لە کۆتاییشدا وەک هەموو خەڵکی بمرێ

ئەوە دیارە هەموو ئافرەتان وەک دڕندەیان لێ دێ.

خزمەتکاری دووەم:

با بکەوینە دوای پیرە گلۆستر..

با تۆمای شێتیش کوێ حەز دەکا با بیبا:

لەبەرئەوەی شێت و دەربەدەرە

هەقی خۆیەتی هەر چییەکی بکا.

خزمەتکاری سێیەم:

تۆ بڕۆ.. من پارچە قوماشێکی کەتان و سپێنەی هێلکە دێنم

تا بیخەینە سەر چاوە بریندارەکانی.. خوا یارمەتی بدا

(هەریەکە و لە لایەکەوە دەچێتە دەرێ)

## پەردەی چوارەم

### دیمەنی یەکەم

(چۆڵەوانییە.. ئێدگار دەردەکەوێ)

ئێدگار:

چاکترە هەر وا بمێنمەوە..
گەرچی دەزانم لا تەریک و سووک سەیر دەکرێم
لەوەی کە حاڵم زۆر شڕ دەبێ...
سەر زارەکی بێن مەراییم بکەن
لە ژێرەوە بە کەم سەیرم بکەن
سووکترین زەلامە.. کە چەرخی چەپگەرد لێی دواوە
هەموو دەم هیوای بە دونیایە..
چی تر بەترسەوە ناژی
شکستی و تاڵیش ئەوەیە لە خۆشیی دابڕێی
بەڵای گەورە ئەوەیە کە بەپێکەنینت دێنێ..
کەواتە خۆش هاتی ئەی ئەو "با"یەی لە ئامێزی دەگرم و جەستەی نییە
ئەو نەگبەتەی کە تۆ فرێت دایە نێو مەینەتی
قەرزاری هیچ بەخششێکی تۆ نییە
(گلۆستر دێتە ژوورێ و پیرەمێردێک ڕایدەکێشێ)
بەڵام ئەوە کێیە هات..؟
پیرە باوکە و وا زەلیلانە ڕای دەکێشن؟



ئای دونیا.. دونیا.. دونیا
گەر ئەم گۆڕانە سەیرە تۆی لە بەردڵمان ناشیرین نەکردایە
دیارە ژیان قەت ئەوەندە درێژەی نەدەکێشا..
پیری تیا ببینێ

پیرەمێرد:

گەورەم.. بەخشندە دەچێ بۆ هەشتا ساڵ..
خزمەتی تۆ و هەم باوکیشتم کردووە.

گلۆستر:

لێم بەدوور بە.. هاوڕێکەم دڵنەوایی تۆ هیچ کەڵکێک بە من ناگەیەنێ
بەڵکو لەوەیە زیان بەخۆشت بگەیەنێ

پیرەمێرد:

بەڵام تۆ بەر پێی خۆت نابینی

گلۆستر:

هیچ ڕێگەیەکم لە بەردەمدا نییە و بۆیە پێویستم بەچاو نییە
کاتی خۆی کە چاوم دەیبینی ساتمەم دەکرد
ئای کە زۆر جار ئەوە دەبێن
خۆشگوزەرانی وای لێ کردم بێ باک لێخوڕم
بۆیە نەگبەتی دەبێتە مایەی خێرمان..
ئاه.. کوڕە خۆشەویستەکەم ئێدگار
ئەی خۆراکی غەزەبی باوکە فریو دراوەکەت

بەس نەمردمایە تا بەو دەستانە دەمبینیت
ئەوسا دەموت.. ئەوەتا بینایی چاوانم گەڕایەوە.
پیرەمێرد:
ئەوەچییە..؟ کێ لەوێیە..؟
ئێدگار:
(لەلاوە) ئەی خوداوەندەکان کێ دەتوانێ بڵێ:
من لەوپەڕی مەینەتیدام
لە وەتەی هەم ڕۆژی وام بەخۆمەوە نەدیوە.
پیرەمێرد:
بەستەزمان. تۆما—ی شێت
ئێدگار:
(لەلاوە)
لەوانەشە حاڵم شرتر بێ..
ئەمەشیان نەهامەتی نییە
مادامەکێ لەوەش خەراپتر هەیە.
پیرەمێرد:
هاوڕێ.. تۆ بۆ کوێ دەچیت..؟
گلۆستر:
ئەوە سواڵکەرە..؟
پیرەمێرد:
نەک هەر سواڵکەر.. شێتیشە.





گلۆستر:
هێشتا عەقڵی لە سەردا ماوە..
ئەگینا سواڵی نەدەکرد
لە نێو تۆف و زریانەکەی دوێشەودا کوڕێکی ئاوام دی
وای لێ کردم بڵێم بنیادەم کرمە
کەچی کوڕەکەی خۆمم بیر کەوتەوە..
گەرچی مەسەلەش نە بەزەیی بوو.. نە خۆشەویستی
لەوساوە یەکجار زۆرم بیست
منیش چۆنم لە بەردەست منالانی لاساردا
ئێمەش واین لە بەردەم خوادا
هەر بۆ هەوا و زەوقی خۆیان.. دەمانبڕن.. دەمانکوژن.
ئێدگار:
(لەلاوە) ئەمەیان چۆن دەبێ..؟
چ ناشرینە مرۆڤ خۆی لە گێلی بدا
لە کاتێکدا زۆر غەمگین بێ
نەک هەر خۆی.. بگرە خەڵکیش دڵگیرکا.
(بەدەنگێکی بەرز) خوا بتپارێزێ گەورەم.
گلۆستر:
ئەوە کابرا ڕووتەکەیە..؟
پیرەمێرد:
بەڵێ.. گەورەم.

گلۆستر:

ده کەواتە.. تکایە پێش کەوە..

هەتا گەر لەبەر خاتری منیش بێ

ئاوا یەک دوو میل بەگەڵمان کەوە

ڕووەو ڕێگەی دۆڤەر..

لە پێناو خۆشەویستی جارانمان

با پارچە پۆشاکێک بۆ ئەم بنیادمە بێنێت

کە بەتەمام لێی بپاڕێمەوە دەستم بگرێ

پیرەمێرد:

ئەفسووس گەورەم.. ئەم شێتە.

گلۆستر:

وەی لە بەڵای چەرخی چەپگەرد

کە شێتەکان دەستی کوێرەکان بگرن و ڕێیان پیشان دەن

چیم پێ وتیت جێبەجێی کە.. یا بەکەیفی خۆت بکە

بەڵام گەر بڕۆی.. چاکە.

پیرەمێرد:

جوانترین پۆشاکی لامە بۆی دەهێنم

چی دەبێ با ببێ

(دەچێتە دەرێ)

گلۆستر:

گوێ بگرە.. کابرای ڕووت



ئێدگار:

تۆما–ی بەستەزمان سەرمایەتی

(لە لاوە)

مردم.. لە وزەما نەما ئەوەندەی دەمامک بگۆڕم

گلۆستر:

وەرە ئێرە. کابرا.

ئێدگار:

(لە لاوە)

چارم نییە و دەبێ بچم

هەزار ڕەحمەت لە چاوانی جوانت

کە ئێستا خوێنیان لێ دەتکێ

گلۆستر:

ڕێی دۆڤەر شارەزایت..؟

ئێدگار:

هەمووی.. بەنێو دەروازە و سەر بەستەکان

ڕێی ئەسپ و ڕێی پیادە..

تۆما ترساوە و عەقڵی لە دەست دا..

کوڕی پیاو.. خوا دەتپارێزێ

لە شەڕی شەیتانی پیس و لەعنەتی بەیەکجار

پێنج شەیتان ڕۆحی تۆما–یان داگیرکرد،

ئۆبیدیکوت.. شەیتانی شەهوەت.

هۆبیدیدانس.. شازادەی لاڵەکان

ماهو.. شەیتانی دزی و گزی

مۆدۆ.. شەیتانی کوشتن و برین

فلیبر تیگیت.. شەیتانی گرژ و مۆنی..

ئەمەیان چی کارەکەر و گزیرەکان هەن.. هەر هەموویانی گرتەوە..

تۆ گەورەم خوا بتپارێزێ.. لە شەڕی ئەوانەت پاراستین.

گلۆستر:

ها.. ئەو جۆرکە پارەیە بگرە.. ئەی ئەو کەسەی بەڵای هەموو ئاسمانان بەسەرتا باری

ئەی خودا.. هەمیشە وامان ڕەفتار لەگەڵ بکە کە من نەگبەتم..

دەبا تۆ شادکا هەر کەسێک کە تێرە و لێی زیادە.. یا تەماع کوشتوویەتی

ئەوەی فەرمایشت بەچاکە و خەراپەت ناکا..

چونکە بێ هەستە و هیچ نابینێ.. ئەی خودا..

دەرحاڵ موعجیزەی خۆتی نیشان دە

بەڵکو وای دابەش کەیتەوە.. ئەوەی زۆری هەیە کەم بێتەوە

هەر کەسە و بەقەد پێویستی خۆی دەست کەوێ..

تۆ دۆڤەر شارەزایت..؟

ئێدگار:

بەڵی گەورەم.

گلۆستر:

ڕەوەزێک بەرز و بڵند.. لوتکە نەوی و کوڕ



کە بەترسەوە دەڕوانێتە زەریای دەورگیراو

بمگەیەنە تا سەر کەناری ئەو زەریایە

لەوێ باری شانت سووک دەکەم و لە مەینەتی ڕزگارت دەکەم

بەبەها و پاداشتیشتێکی سەنگین کەلامە و ئا لەوێدا..

من چیتر پێویستم بە کەسێک نابێ کە دەستم بگرێ

ئێدگار:

دەستت بێنە.. با تۆما-ی بەستەزمان ڕێ نیشاندەرت بێ

(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی دووەم

(لە بەردەم کۆشکی دۆقی ئەلبانی، گۆنریل و ئیدمۆند و ئیزواڵد سەرۆکی خزمەتکاران دێنە ژوورێ)

گۆنریل:

بەخێر بێی گەورەم.. بەلامەوە سەیرە مێردی دڵناسکمان نەهاتە پێشوازیمان

(ئیزواڵد دێتە ژوورێ)

ها.. کوا.. گەورەکەت..؟

ئیزواڵد:

لە ژوورەوەیە خانمەکەم.. بەڵام کەس وەک گۆڕانی ئەو ناگۆڕێ

پێم وت سوپای دوژمن لەسەر خاکمان دایان کوتاوە

پێم پێکەنی.. پێم ڕاگەیاند کە گوایە ئێوە وان بەڕێوە

وەڵامی دامەوە "خەراپتر لە پاشتر"

که خیانەتی گلۆستر و وەفای کوڕەکەیم لە لا درکاند

نەڕاندی بەسەرما و هاواری کرد..

کەرە پیاو پێی وتم کە من دەبێ شتەکان ئاوەژوو دەبینم

ئەو کارەی کە دەبێ دڵگیری کا.. لای ئەم مایەی خۆشییە

ئەوەشی کە مایەی خۆشییە دڵگیری دەکا.

گۆنریل:

(ڕوو دەکاتە ئیدمۆند)

کەواتە لە شوێنی خۆت مەجووڵێ

ترس وا کوشندە ڕۆحی زەلیل کردووە

کە نەوێرێ هیچ سەرپێچییەک بکا..

هەستیش بەوە ناکا سووکایەتی پێ کرابێ

بۆیە قڕوقەپ لێی دانیشتووە.

هەرچییەکی لە ڕێگا ئاواتمان پێ خواست

لەوەیە بێتە دی. ئیدمۆند.. بگەڕێوە لای مێردی خوشکەکەم

هانی دە سوپاکەی کۆکاتەوە.. تۆش ببە سوپاسالار

منیش دەبێ لەگەڵ مێردەکەمدا جێ بگۆڕینەوە

هەر ماوە داینێم تەشی بریسێ.. با ئەم خزمەتکارە گوێڕایەڵە

پەیامنێر بێ لە نێوانمان..

گەر بوێریت و بۆ بەرژەوەندی خۆت سەرپێچی بکەی

ئەوە بەم زووانە لە خانم و دۆستی خۆت گوێت لە فەرمایشتی

تازە دەبێت



ئەمە لەبەرکە و قسە مەکە.

(ملوانکەیەکی دەداتێ)

سەرت نەوی کە... ئەمەش ماچێک.. گەر بێتە قسە

ڕۆحت لەگەڵیا دەچێ بەبەرزایی ئاسماندا

ورد تێی ڕامێنە.. دە جارێ ماڵئاوا.

ئیدمۆند:

لە ڕیزی مەرگدا وەستاوم و هی تۆم

(دەچێتە دەرێ)

گۆنریل:

گلۆستر.. چەندە لام ئازیزی

ئای کە پیاو تا پیاو هەیە

تۆ شایستەی ئەوەی ئافرەت لە خزمەتدا بێ

کەچی ئەو مێردە گێلەی من جەستەم دیل دەکا

ئێزواڵد:

خانمەکەم ئەوە سەروەری گەورەمان هات

(دەچێتە دەرێ)

(پاش قەدەرێ ئەلبانی دێتە ژوورێ)

گۆنریل:

ئای کە نرخی پووشێکم لای تۆ نەبوو

ئەلبانی:

ئای گۆنریل

تۆ نرخی ئەو تۆزە شت نییە کە "با"ی بەزەبروزەنگ لە ڕووتدا
دایدەتەکێنێ... من لەو خولقەی تۆ دەترسێم
چونکە ئەو کەسەی لە ئەسڵی خۆی هەڵگەڕێتەوە ناتوانیت
بیگریت و لێی دڵنیا و ئارام بیت
ئەو ئافرەتەی لە خێزانەکەی دادەبڕێ..
لقێکە لە درەخت بێتەوە...
دیارە ئەوسا وشک دەکا و جگە لە سووتان بەکەڵکی هیچ نایە.

گۆنریل:

دەبەس.. بەس... قسەی هیچ.

ئەلبانی:

پاکی و حیکمەت لای کەسانی نەگریس هەر هیچە
دیارە پیسی جگە لە خۆی هیچ تام ناکا..
ئێوە بەجووتە چیتان کرد..؟
ئێوە ئەی جووتە پڵنگ.. نەک جووتێ کچ.. چیتان ئەنجام دا..؟
باوکێکی پیر و کەنەفت.. دڵنەرم و بەخشندە
هەتا ورچیش گەر بەگوێ ڕایکێشێ ڕێزی دەگرێ
کەچی ئێوە.. وەی لە دڕندەیی و چەپەڵیتان.. ئەوتان شێت کرد.

تۆ بڵێی مێردی ژن خوشکەکەم بەوە ڕازی بێ..؟
وەک پیاوێک.. شازادەیەک کە پادشا ئەو هەمووەی پێ بەخشیوە
گەر ئاسمانەکان بەپەلە ڕۆحە بەرجەستەکانیان نەنێرنە خوارێ



تا ئەو دڕندە و تاوانبارانە دەست بەسەر ماڵیان دابگرن
ئەوە دەبێ...
وەک دڕندەکانی نێو زەریا
مرۆڤایەتی هەر خۆی خۆی بخوا.

گۆنریل:

ئەی ترسنۆک.. جەرگ سپی
ڕووت وەردەگێڕی بۆ شەق.. سەریشت بۆ ستەم
گەرچی لە ژێر برۆکانتا ئەو چاوە شک نابەی
شەڕەف لە سووکیت جوێ کاتەوە..
ناشزانیت کە تەنها گێلەکان سکیان بەنامەردەکان دەسووتێ
کاتێ بەر لە تاوان سزا دەدرێن.. کوانێ تەپڵەکەت؟
پادشای فەرەنساش بەو خاکە خامۆشەدا
پیاوەکانی خۆی پەرت کردووە
بەکڵاوی ئاسنینی پەڕ لە سەرەوە هەڕەشە لە مەملەکەتەکەت دەکەن
کەچی تۆی گێل و فەلسەفەباز ناجووڵێیت و بێ دەنگی
هاوار دەکەی "ئەفسووس.. ئەم بۆ وا دەکا..؟"

ئەلبانی:

شەیتان.. لە خۆت بڕوانە:
ناشرینی ئاوا بێزەوەر مەگەر هەر لە ئافرەتدا
ئەگینا لە شەیتانیشدا بەدی ناکرێ

گۆنریل:

ئای گێلی لووت بەرز

ئەلبانی:

شەرم داتگرێ.. تۆ کە خۆت گۆڕیوە و لە بەرگی ئەهریمەن دای

هەر بەڕووکەش سیفەتی دڕندە مەنوێنە

گەر بۆم بلوایە.. ئەم دوو دەستەم فەرمایشتی خوێنمیان بەجێ
هێنایە

ئەوسا گۆشت و ئێسقانی لەشتیان لەتوپەت دەکرد

تا چ ئاستێک نەگریس و شەڕانی بیت

سیما و ڕەنگی ئافرەتانە دەتپارێزێ.

گۆنریل:

ئەی خوایە کە پیاوی.. میاو

(پەیامنێرێک دێتە ژوورێ)

ئەلبانی:

ها دونیا چ باسە..؟

پەیامنێر:

گەورەم.. بەخشندە.. دۆق کۆرنۆڵ مرد

خزمەتکارەکەی خۆی دەستی لێ وەشاند

لەو کاتەی دەیویست چاوەکەی دیکەی گلۆستر دەرێنێ

ئەلبانی:

چاوی گلۆستر



پەیامنێر:

خزمەتکارێک کە خۆی بەخێوی کردبوو

بەزەیی و سۆز هەژاندبووی

ئەم کارەی پێ ناشایستە بوو.. ویستبووی نەهێڵێ

بۆیە شمشێری بە ڕووی گەورەی خۆی هەڵکێشاوە

ئەمیش تووڕە و شێتگیر پەلاماری دابوو

لەو هەرایەدا ئەوی تیا چوو

بەڵام دوای ئەوەی کە تەواو زاماری کردبوو

هەر لە پای ئەوەش یەک تەختە کەوتبوو

ئەلبانی:

ئەمەیان بەڵگەیە کە ئێوە هەن.. وان لە سەرەوە

ئەی خوداوەندەکانی دادپەروەری..

کەوا دەستوبرد لەسەر تاوانەکانمان لەم دونیایە.. سزامان
دەدەن

بەڵام ئای بەستەزمان گلۆستر

یانێ ئێستا چاوێکی کوێرە

پەیامنێر:

هەردووکیان گەورەم

خانمەکەم ئەم نامەیە وەڵامی بەپەلەی گەرەکە

لە خوشکەکەی خۆتەوەیە.

(نامەکەی دەداتێ)

گۆنریل:

(لە لاوە)

لە لایەکەوە.. ئەوەیانم بەدڵە

بەڵام کە ئێستا ئەم بێوەژنە.. ئێدگار:ی ئازیزمی لەگەڵدایە

هەرچییەکی کە لە خەیاڵما بنیاتم نابوو

دەڕووخێ بەسەر ئەم ژیانە بێ تامەمدا:

لە لایەکی دیکەوە هەواڵەکە لە خۆش ناچێ

(بەدەنگی بەرز)

بەڵام هەر دەبێ بیخوێنمەوە.. وەڵامیشی بدەمەوە

(دەچێتە دەرێ)

ئەلبانی:

ئەی کوڕەکەی لە کوێ بوو کە چاویان دەرهانی...؟

پەیامنێر:

لەگەڵ خانمەکەم ڕووەو ئێرە دەهات.

ئەلبانی:

بەڵام لێرە دیار نییە.

پەیامنێر:

نا.. گەورەم.. من بینیم سەرلەنوێ کە ڕۆیشتمەوە.

ئەلبانی:

باشە بەم تاوانەی زانیوە..؟

پەیامنێر:

بەڵێ گەورەم.. هەر ئەم کوڕە زمانی لێدا



بەئەنقەستیش ماڵەکەی جێ هێشت..

تا بەکەیفی خۆیان سزای بدەن..

سەربەست و بێ پەروا.

ئەلبانی:

گلۆستر.. من کە دەژیم.. بۆ ئەوە دەژیم تا سوپاست بکەم

لە پای خۆشەویستیت بۆ پادشا

تا تۆڵەی چاوەکانی تۆ بکەمەوە..

وەرە هاوڕێم هەرچییەکی دەیزانی پێمی بڵێ.

(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی سێیەم

(پادگایەکی فەرەنسی دۆڤەر.. کێنت و یەکێ لە پیاوانی دێنە ژوورێ)

کێنت:

باشە نازانی بۆ پادشای فەرەنسا وا بەپەلە گەڕایەوە وڵاتی خۆی..؟

کابرای پێش خزمەت:

ڕەنگە ناتەواوییەک لە کاری دەوڵەتیدا هەبووبێ ، دوای ئەوەی هاتۆتە ئێرە بیری لێ کردۆتەوە، ڕەنگە بۆنی مەترسییەکی کردبێ... نەگبەتییەک کە دووچاری مەملەکەتەکەی بێ کە ناچاری کردبێ چوونەوەی خۆی بەپێویست بزانێ.

کێنت:

باشە لە جێی خۆی کێی کردووە بە سوپاسالار؟

پێش خزمەت:

مارشاڵی فەرەنسا.. مسیۆ لا.. ڤار.

کێنت:

باشە نامەکانت شتی وای تیا بوو کە شاژن وا غەمگین و نیگەران بکا..؟

پێش خزمەت:

بەڵی گەورەم.. وەری گرت و لە بەردەمما نامەکانی خوێندەوە

تاوێ نا تاوێ تنۆکی درشتی فرمێسک بەسەر ڕوومەتی جوانیدا دەهاتە خوارێ.. دیاربوو دەیویست بەسەر هەست و سۆزی خۆیدا زاڵ بێ.. وەک کەسێک هەڵگەڕێتەوە. مەبەستی بوو شاهانە دڵی خۆی بگرێ.

کێنت:

کەواتە نامەکە کاری خۆی کردووە.

پێش خزمەت:

نەک تا ئێستا تووڕە بوون.. لەسەر ڕووخساری خەم و ئارامی کەتبوونە سەر یەکدی.. بەوەی کامەیان وای لێ بکا شۆختر بنوێنێ

تۆ نەتدیوە هەتاو بێ و بارانیش ببارێ..؟

ئاوابوو زەردەخەنە و فرمێسکی سەر ڕووخساری

بەڵکو جوانتر وەک بڵێی بزەی خۆشی

لەسەر لێوە گەییوەکانی کە سەمایان دەکرد..

نەزانن چ میوانێک هاتۆتە ناو چاوانی..



کە دادەبارێن وەک دانەی گەوهەر و مرواری کە لە ئەڵماسێک بکەونە خوارێ

بەکورتی.. گەر خەم هەموو خەڵکی وا شیرین بکا

دەبێ بەشتێکی زۆر دەگمەن

زۆر خۆشەویست لای هەموو کەسێک.

کێنت:

باشە ئەو ئافرەتە هیچ قسەیەکی نەکرد..؟

پێش خزمەت:

لە ڕاستیدا، جارێک یان دوو، بەئاخ هەڵکێشانەوە وتی "باوکە..!" وەک یەکێ توند چنگ بگرێتە دڵی خۆی

هاواری کرد "خوشکێ.. خوشکێ.. ئەی بێ شەرمی هەموو ئافرەتان

هەی حەیابەری خوشکان

کێنت، باوکە، خوشکێ.. چی.. لە نێو تۆف و زریاندا.. لە شەودا..؟ وای لێهات ڕەحم و بەزەیی نەمێنێ"

ئا لێرەدا ئاوی موبارەک لە چاوە شینەکانی دەباری

چریکەی خەم فرمێسکی دەهانی..

پاشان ڕۆیشت و.. تەنیا و لاتەریک تا هەر خۆی دڵنەوایی خۆی بکا.

کێنت:

ئەستێرەکان.. هەمووی بەختە و وا پابەندە بەو ئەستێرانەی وا لەسەر سەرمان

هەموو ڕێوڕەسم و ڕەوشتێکمان

ئەگینا چۆن تەنها ژن و مێردێک دوو منداڵی ئاوا جیا دەنێنەوە..؟

دوای ئەو هیچ قسەیەکت لەگەڵ نەکرد..؟

پێش خزمەت:

نەخێر.

کێنت:

ئەمەیان بەر لە گەڕانەوەی پادشا بوو...؟

پێش خزمەت:

نەخێر.. دوای ئەوە.

کێنت:

چاکە قوربان.. بەڵام شا لیری بەستەزمان وا لە شار

هەندێ جار.. کە دێتەوە سەر خۆی

بیری دێتەوە کە ئێمە واین لە چ ماڵێکدا..

بەڵام ڕازی نییە بەوەی بەهیچ شێوەیەک کە کچەکەی ببینێ.

پێش خزمەت:

شەرمێکی زۆر کوشندە لێی ناگەڕێ:

چونکێ دڵڕەقییەکەی کە وای کرد کۆردیلیا لە سۆز و بەرەکەتی باوکایەتی بێ بەش بێ و لە دەرەوەی مەملەکەت بەختی خۆی تاقی بکاتەوە

چی هەق و هۆقی شایستەی خۆی بوو..

بوو بەهی هەردوو خوشکە ستەمکارەکەی..





ئا ئەم شتانە مێشکی دەکرۆژن..

وەک ژەهر لە دڵیا بگەڕێ شەرمێکی کوشندەش هەستی گڕ دەدا

شەرمێک کە ئەم و کۆردیلیا لێک دەکا.

پێش خزمەت:

ئای ئەفسووس بۆ ئەو پیاوە.

کێنت:

ئەی سەبارەت بەسوپای ئەلبانی و کۆرنۆڵ هیچت نەبیستووە..؟

پێش خزمەت:

بەڵێ.. هەروا دێ و دەکشێن.

کێنت:

چاکە قوربان.. من دەتبەمە لای "شا"مان.. لیر

لەوێ جێت دێڵم تا ئاگات لێی بێ..

فەرمانێکی زۆر گرنگ وام لێ دەکا ماوەیەک هەروا نهێنی و پەنهان بم

کاتێکیش بزانیت من کێم.. دڵنیا بە پەشیمان نابیت لەوەی کە منت ناسیوە..

تکات لێ دەکەم.. وەرە لەگەڵما.

(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی چوارەم

(هەمان پادگا، بەدەم تەپڵ ژەنینەوە کۆردیلیا و پزیشکێک و هەندێ لە سەربازان دێنە ژوورێ)

کۆردیلیا:

ئەفسووس. ئەوە خۆیەتی.. هەر ئێستا دیویانە شێت بووە.

وەک دەریای سەر بەکێژەن.. بەدەنگی بەرزیش گۆرانی دەچڕێ.

تاجێک لە دڕک و داڵ بەسەر سەرییەوە..

شاترە و تووتڕک و گەزگەزۆکە و زیوان و خاشخاش..

شەکرۆکە و جگە لەو گیاکەڵەی بیژۆک کە لە نێوان گوڵە گەنمە قەڵەوەکانمان بڵاو دەبنەوە

کۆمەڵێ سەرباز بنێرن لە نێو بێستانی چڕ و پڕدا هەموو دۆنمێکی بۆ بگەڕێن

بیهێننەوە تا چاومان پێی بکەوێ

(یەکێ لە ئەفسەرەکان دەچێتە دەرێ)

چ حیکمەتێکی ئادەمیزادانە دەتوانێ

عەقڵی شێواوی بێنێتەوە جێی خۆی..؟

کێ یارمەتی دەدا.. چیم هەیە لە دەرەوەی ئەم خودە پێی دەبەخشم

پزیشک:

خانمەکەم.. چارەی هەیە

ئارامگای سروشت.. دایکی دووەممان



ئەم پێویستی پێیەتی.. لەگەڵ چەند داوودەرمانێکی کاریگەر کە زیندووی دەکاتەوە

کە تینی چاوی ئازاری پێ دەنوقێنێ.

کۆردیلیا:

ئەی نهێنییە پیرۆزەکان

ئەی داوودەرمانی نادیاری نێو خاک

لەگەڵ فرمێسکەکاندا بتەقنەوە.. فریای کەون

ئەو پیاوە باشە لەو بەڵایە ڕزگار کەن

بگەڕێن.. بگەڕێن بەدوایدا

نەبا شێتگیری بێ پەروا گڕی عەشقی دامرکێنێ

کە ڕێی ژیانی بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

(پەیامنێر دێتە ژوورێ)

پەیامنێر:

هەواڵی تازە.. خانمەکەم

سەربازانی بریتانی ڕووەو ئێرە دێن.

کۆردیلیا:

زووتر ئاگامان لەوەیە.. سوپای ئێمەش ئامادەیە.. خۆیان بۆ بۆسە ناون.. ئۆە باوکی ئازیزمان.. من خۆم کاروباری تۆ دەگرمە ئەستۆ

جا لەبەرئەوەش پادشای مەزنی فەرەنسا بەزەیی بەمندا هاتەوە. بەناڵین و زار و فرمێسکی سەرکردووم

ئەوەی پڕ چەکمان دەکا تەماعی زۆر نییە

خۆشەویستییە.. خۆشەویستی گەورەمان.. هەقی باوکی پیرمان

ئاواتمە بەم زووانە گوێم لە دەنگی بێ و.. بیبینم.

(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی پێنجەم

(ژوورێک لە قەڵاکەی گلۆستر.. ریگن و ئیزواڵد دێنە ژوورێ)

ریگن:

بەڵام ئاخۆ سوپای مێردی خوشکەکەم هێرشی هێناوە.

ئیزواڵد:

بەڵێ.. خانمەکەم

ریگن:

خۆیشی لەوێیە..؟

ئیزواڵد:

خانمەکەم.. دوای مشتومڕێکی زۆر خوشکەکەی بەڕێزتان چاکترین سەربازە.

ریگن:

باشە لۆرد ئیدمۆند لە ماڵەکەدا قسەی لەگەڵ گەورەکەت نەکرد..؟

ئیزواڵد:

نازانم.. خانمەکەم.



ریگن:

باشە ناوەڕۆکی نامەی خوشکەکەم چی بووە کە بۆ ئەمی ناردبوو..؟

ئیزواڵد:

نازانم.. خانمەکەم.

ریگن:

هەڵبەت.. کارێکی گەورەی بەدەستەوەیە بۆیە وا بەپەلە بەجێی هێشتین:

ئێمە نەفام بووین..

چۆن چاوی گلۆسترمان دەرهانی و نەمانکوشت

بۆ هەر کوێیەک دەچی خەڵکمان لێ هان دەدا

من وای بۆ دەچم ئیدمۆند سکی پێ سووتابێ

بۆیە ڕۆیشتووە.. نەهامەتییەکەی دڵی ئازار دەدا.

بۆیە نیازی وایە لەو ژیانە تاڵەی ئازادی کا بەوەی بیکوژێ.

سەرەڕای ئەوەش دەیەوێ بزانێ هێزی دوژمن لە چ ئاستێکدایە.

ئیزواڵد:

خانمەکەم.. دەبێ ئەم نامەیەم بەرم و بکەومە دوای.

ریگن:

سوپاکانی ئێمەش بەیانی هێرش دەبەن.. بەجێمان مەهێڵە.. ڕێگا ترسناکە.

ئیزواڵد:

ناتوانم خانمەکەم.. خانمەکەم سوورە لەسەر ئەوەی ئەم ئەرکە
ئەنجام بدەم.

رێگن:

باشە چی وای لێ دەکا نامە بۆ ئیدمۆند بنووسێ؟
باشە نەتدەتوانی بەدەم ڕاسپاردەکەی پێ بڵێی..؟
لەوەیە شتێ هەبێ من نەزانم چییە
گەر لێم گەڕێی نامەکە هەڵپچڕێنم
لەبەر دڵم زۆر شیرین دەبیت

ئیزواڵد:

خانمەکەم.. حەزم دەکرد کە..

ریگن:

من دەزانم خانمەکەت مێردی خۆی خۆش ناوی..
بەڵکو من دڵنیام لەوە: دواجار کە لێرە بوون
لەگەڵ ئیدمۆندی نەجیبزادە نیگای سەیری دەگۆڕییەوە
بەچاو قسەیان دەکرد.. من دەزانم تۆ نهێنگیری ئەویت.

ئیزواڵد:

من.. خانمەکەم..؟

ریگن:

من بێ ئاگا نادوێم تۆ نهێنگیریت و من دەیزانم
جا لەبەرئەوە ئامۆژگاریت دەکەم.. قسەکانیشم لێ بکرە



گەورە و سەروەری من مرد.. من و ئیدمۆند قسەمان کرد
جا ئەو پتر بۆ من دەگونجێ
لەوەی کە بۆ خانمەکەت بسازێ
خۆشت دەتوانی پتری لێ هەڵکرێنیت
ئەگەریش بینیت.. تکایە ئەم شتەی[١] بەرێ
کە خانمەکەشت گوێی لەو هەموو قسەیەی تۆ گرت
ئەوسا تکای لێ بکە با بێتەوە هۆش خۆی
کەواتە خوات لەگەڵ و ماڵئاوا
گەریش بەڕێکەوت ئەو کوێری خیانەتکارەت بینی
ئەوە بزانە هەر کەسێک لە ناوی بەرێ
لای ئێمە پایەدارتر دەبێ

ئیزواڵد:

خۆزگە دەمدی خانمەکەم.. تا بیسەلمێنم بەدوای کام بەرەدا
دەکەوم

ریگن:

ماڵئاوا.

(دەچنە دەرێ)

(١) شت: کتێب یان هەر شتێک کە ڕەمزی پەیوەندی بێ.

## دیمەنی شەشەم

(ناوچەیەکی دێهاتی نزیک دۆڤەر، گلۆستر و ئێدگار کە جلی لادێیانەی لەبەر دێنە ژووری)

گلۆستر:

کەی دەگەمە سەر ترۆپکی ئەو گردە؟

ئێدگار:

ئەوەتا تۆ ئێستا بەسەریدا هەڵدەگەڕێی، نابینیت چ ئەرکێک دەکێشین

گلۆستر:

بەڵام من وای بۆ دەچم کە زەوییەکە تەخت بێ.

ئێدگار:

بەڵکو زۆر هەوراز و ڕکە. گوێ بگرە.. شڵپ و هوڕی دەریات دێتە گوێ..؟

گلۆستر:

ڕاستی.. نا...

ئێدگار:

کەواتە لەبەر ئازاری چاوت لەوە دەچی هەستەکانی دیکەشت کز بووبێ

گلۆستر:

لەوە دەچێ ڕاست بکەی

وا هەست دەکەم تۆش دەنگت گۆڕابێ

بەدەم و لەبزێکی چاترەوە دەدوێی



قسەکانیشت لە جاران بەبڕشترە.

ئێدگار:

زۆر دەستخەڕۆ بوویت... من هەرگیز نەگۆڕاوم مەگەر تەنها جلەکانم

گلۆستر:

بەڵام وا هەست دەکەم زمانت ڕەوانتر بووبێ

ئێدگار:

وەرە گەورەم.. ئەوەتا شوێنەکەیە.. مەجووڵێ چ ترسناکە..

مرۆڤ گێژ دەبێ کە سەیری ئەو خەرەندە دەکا

ئەو قەلەڕەش و قەلەباچکانەی لە نێو ئەو خەرەندە باڵ لێک دەدەن

هەر بەقەد قالۆنچەیەک دەبن.

لە نێوقەدی ئەو لێژییەوە کابرایەک خۆی هەڵواسیوە و قەوزە و گیای زەریا کۆ دەکاتەوە چ کارێکی ترسناکە..

باوەڕ ناکەم لە قەوارەی سەر خۆی گەورەتر بێ

ئەو ڕاوچییانەی لەسەر کەنار دێن و دەچن لێرەوە هەر بەقەد مشکێک دیارن..

ئەو گەمییە زلەی هۆ لەوێ لەنگەری گرتووە هەر بەقەد بەلەمێک دیارە..

بەلەمەکەش بەقەد کەڵەکێک ئەوەن بچووک بۆتەوە دیار نییە..

شەپۆلەکانیش بەوروژم ملیۆنەها بەردی کەوتووی سەرکەنار دەکوتن

لەم بەرزاییەوە مەحاڵە هیچ ببیستی..
چی تر سەیر ناکەم نەبا پتر لەوە گێژ بم..
چاوی ڕەشکەوپێشکە کردووم ڕووەو قوولایی خەرەندەکە هەڵمدا

گلۆستر:

بمبە ئەو شوێنەی لێی وەستاویت.

ئێدگار:

دەستت بێنە. ئێستا یەک پێ لە هەڵەمووتەکە دووریت
گەرچی لەسەر زەوی هەیە بمدەیتێ.. تۆزقاڵێ ناچمە سەرێ

گلۆستر:

دەستتم بەردە ها ئەوەش جۆرکێکی تر هاوڕێ... دانە گەوهەرێکی وا تیا
باشە بۆ هەژارێک وەریگرێ.. خێری لێ ببینێ
بەیارمەتی جنۆکە و خوداوەندەکان.. هێشتا لێم دوورکەوە
دەی جێم بێڵە.. با ببیستم کەی دەڕۆیت و دەڵێی ماڵئاوا.

ئێدگار:

ماڵئاوا.. گەورەم

گلۆستر:

لە دڵەوە دەیڵێم.. خوات لەگەڵ.

ئێدگار:

(لە لاوە) بۆ وا بەسوعبەت لەگەڵ ئەمێکی نا ئومێد مامەڵە دەکەم..؟



تا لەو بێ ئومێدییە ڕزگاری کەم

گلۆستر:

(دەکەوێتە سەر ئەژنۆ) ئەی خوداوەندە بەتواناکان
من ئەم دونیایە ڕەت دەکەمەوە،
لە بەرچاوی ئێوە نەبەزانە خەم و مەینەتی لە خۆم دادەتەکێنم
گەر بۆم بکرایە باری لەوە قورستر هەڵبگرم
بێ مشتومڕ سەر بۆ ویستی زاڵی ئێوە دانوێنم
ئەوسا دەتدی تا سەر ئێسقان چی لە تەبیعەتم دایە دەیسووتێنم
خوایەکە گەر ئێدگار زیندووە.. دەست بەباڵییەوە بگری
ئێستاش.. هاوڕێکەم... ماڵئاوا
(گلۆستر خۆی بۆ پێشەوە هەڵدەدا و دەکەوێتە سەر زەوی)

ئێدگار:

منیش دەڕۆم گەورەم.. ماڵئاوا. وێڕای ئەوەش من تێناگەم چۆن هەر بەخەیاڵ گەنجینەی ژیان دەدزرێ کە ژیان خۆی ڕێگەی دزینی ئاسان بێ... گەر بەڕاستی لەو شوێنە بووایە کە خۆی تەخمینی کردبوو.. ئەوسا تەخمینەکەی دەبوو بەکارێکی بەسەرچوو... ئاخۆ زیندووە یان مردووە؟ ها تۆ.. گەورەم.. هاوڕێ... گوێ بگرە... دە قسە بکە... کە لەوانەیە گیانی دابێ.. بەڵام هەر وەئاگا دێتەوە تۆ کێی گەورەم..؟

گلۆستر:

لێم بەدوور بە.. لێم گەڕێ با بمرم

ئێدگار:

گەر تۆ سووک.. وەک پەڕی فڕندە.. یان هەوا بوویتایە

لە بەرزایی چەند بەژنەوە کە دەکەوتیتە خوارەوە

وەکو هێلکە دەبووی بەدوو کەرتەوە

بەڵام ئەوەتا تۆ هەناسە دەدەی..

توندوتۆڵیت ساغ و سەلامەت..

نە زاماریت.. ئەوەتا قسەت بۆ دەکرێ

گەر دە بایەوان بەسەریەکەوە ببەستیت

ناگەنە ئەو شوێنە بەرزەی کە تۆ سەرا و سەر لێ کەوتیتە خوارەوە

ژیانی تۆ موعجیزەیە.. دەی دیسانەوە بدوێ.

گلۆستر:

بەڵام من کەتمە خوارێ یان نا؟

ئێدگار:

لەو هەڵەمووتە ترسناکەوە.. لە ڕۆخانەی ڕەوەزی گوێ دەریاوە ڕووەو بەرزایی بڕوانە..

هەتا کەلاو کورەی چریکە تیژ لەم دوورەوە نە دەبینرێ و نە چریکەی دەگاتە گوێ

تکایە سەر هەڵبڕە

گلۆستر:

ئەفسووس.. چاوانم نەماون تا ببینم

تۆ بڵێی مەینەتی ئەو هەقەشی نەبێ



کە بەمەرگ کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێ..؟

زەمانێ مایەی دڵنەوایی بوو کە مەینەتی دەیتوانی خۆی لە تووڕەیی ستەمکار بپارێزێ

لە ویستی بەزەبروزەنگی سارد کاتەوە.

ئێدگار:

دەستت بێنە.. هەستەوە.. ئاوا... ئێستا چۆنیت.. هەست بەقاچەکانی خۆت دەکەی..؟ ئەوەتا تۆ لەسەر پێی خۆت وەستاویت.

گلۆستر:

چاکم.. چاکترم.

ئێدگار:

لە هەمووی سەیرتر

کە لەسەر ئەو ترۆپکە بوویت.. ئەو شتە چی بوو کە لێت جیا بۆوە..؟

گلۆستر:

سواڵکەرێکی نەگبەت و بەستەزمان

ئێدگار:

کە لەوێ.. لە خوارەوە وەستا بووم..

وام هەست کرد چاوەکانی دوو مانگی لە چواردەن

خاوەنی هەزاران لووتیشە..

دەیەها شاخی بەپێچ و لوول وەک دەریای سەرشێت.

لەوە دەچێ ئەهریمەن بووبێ..

جا بۆیە.. باوکی دڵ گوشاد وای دانێ کە خوداوەندە پاکەکان
کە شکۆی خۆیان لەسەر حیسابی موعجیزە و شتە
مەحاڵەکانی بنیادەم وەدەست دێنن
وا بزانە ئەوان تۆیان پاراستووە.

گلۆستر:

ئێستا بیرم دێتەوە. لەم ساتە بەدوا چی مەینەتی هەیە بەرگەی دەگرم..
تا مەینەتی خۆی دەڵێ بەس..
دەبا بەس بێ و پاشان دەمرێ.
ئەو بوونەوەرەی تۆ لێی دەدوێی
من بەمرۆڤم لە قەڵەم دا..
هەمیشە دووبارەی دەکردەوەوە و دەیوت "شەیتان... شەیتان"
هەر ئەویش دەستی گرتم و بردمییە ئەوێ.

ئێدگار:

با بیرت سەربەست و خۆت ئارام بیت
(شا لیر شێتانە دێتە ژوورێ.. غەرقی ژێر گیا و گوڵە.)
بەڵام ئەوە کێیە لەوێ..؟ هۆش و ئاوەزی دروست هەرگیز وا نەبووە لەگەڵ خاوەنی خۆی.

شا لیر:

نا... ئەوان بەپارە و پوول نامگەنێ... من خۆ پادشام.

ئێدگار:

وای لەو دیمەنەی جەرگ کون دەکا.



شا لیر:

لەم ڕووەوە سروشت لە سەرووی هونەرەوەیە ها ئەوەتا خەزنەی پارەکەت.. ئەو کابرایەی تیروکەوانەکەی پێیە هەر لە دەهۆڵ دەکا.. ئا بۆمی بێنە.. یاردەی کوتاڵفرۆشێک.. سەیری.. سەیری.. ئەوەتا مشکێک.. بەس.. بەس.. ئەم پارچە پەنیرە سوورکراوە بەش دەکا. ها پەنجەوانە ئاسنینەکانم بەوەوە بەڕووی هەرە جەربەزەکانی دونیادا دەوەستم.. با بێن داس بەدەستە ئەسمەرەکان.. ئۆە.. ئەم مەلە چ جوانە فڕینی.. نیشانەی لێ بگرە،... نیشانەی لێ بگرە.. هیو بیدرکێنە.. وشەی نهێنی.

ئێدگار:

گیابەندی بۆنخۆش.

شا لیر:

ڕەتی کە.

گلۆستر:

ئەم دەنگە دەناسمەوە.

شا لیر:

ها گۆنریل بەڕیشێکی سپییەوە؟ وەک سەگ کلکە لەقێم بۆ دەکەن، پێیان وتم کە لە ڕیشما تاڵە مووی سپی هەبووە بەر لەوەی تاڵە ڕەشەکان سەر دەربێنن.. هەرچییەکەم دەوت.. دەیانوت "بەڵێ..!" یا "نەخێر..!" ئەو بەڵێ و نەخێرەش پەیوەندی بەهیچ شتێکی پیرۆزەوە نەبوو لای ئەوان جێی ڕێز بێ. کە بارانیش تەڕی کردم، کە داواشم لە گەرمەی گەواڵە و

بڕووسکیش کرد بوەستێ و گوێیان پێ نەدام.. ئەوسا و لەوێ من ئەوانم چاک ناسی.. هەر بەبۆن ئەوانم ناسییەوە.. دەی ئەوانە کەی خاوەنی قسەی خۆیان بوون.. پێیان وتم "تۆ هەموو شتێکی." تۆ.. درۆیەکی ناشیرینی.. من لەوانە نیم کە لەرزم لێ نەیەت.

گلۆستر:

نەغمەی ئەو دەنگەم چاک دێتەوە یاد. تۆ بڵێی ئەو پادشا نەبێ..؟

شا لیر:

ئا.. هەموو گرێیەک لە لەشمدا پادشایەکە بۆ خۆی. گەر سەیر دەکەم... دەبینم چۆن عەوام لە بەردەمما دەلەرزێ. من ژیانی ئەو کابرایە دەبەخشم و لێی خۆش دەبم. گوناهی تۆ چی بوو..؟ فاحیشە..؟ ناکوژرێیت.. لە پای هیچ نا.. لە پای فاحیشەدا بمریت.. نەخێر... بگرە کێچیش ئەوە دەکا.. هەتا مێشەزەردەش لە بەرچاوی مندا ئەو بێ ئەدەبییە دەنوێنن. دەبا تێکەڵ بوون بەرکەماڵ بێ، زۆڵە کوڕی گلۆستر گەلێ لەو کچانەی دڵسۆزتر بوو بۆ باوکی. ئەو کچانەی کە لەسەر پێخەف و نێو نوێنی شەرعیدا لە دایک بوون. دەی ئەی هەوەس ڕاست و چەپ خۆتی تێ هەڵکە.. دە.. دەی شەهوەت.. چونکێ من پێویستم بەسەربازە، سەیری ئەو کچە دەم بەخەندەیە، ڕووی لە نێو دەرزیلە و تەوقەکانی قژیدا بەفر دەنوێنێ. گوایە بەشەرم و حەیایە، کاتێ گوێی لە ناوی لەزەت دەبێ سەر دەلەقێنێ، نە سەگسار و نە ئەسپی تێر گیا پێی ڕازی دەبن.. چڵێسانە.. ئەوانە لە ناوک بەژێرەوە ئەسپن.. گەرچی لە ناوک بەسەرەوە





ژنن، بەڵام تەنها لە پژدێن بەسەرەوە هی خوداوەندەکانە.. ژێرەوەش هەمووی هی شەیتانە: دۆزەخ هەیە.. تاریکی.. چاڵی پڕ کبریت.. گڕە و دەسووتێنێ، پیسی و نەخۆشی... ئۆف.. ئۆف.. نەفرین داباریێ.. ئەی دەرمان فرۆشی بەخشندە.. تۆزێکم عەتری "زیبادی" بەرێ تا خەیاڵی خۆمی پێ خۆش بکەم.. ها ئەو پارەیەش بۆ تۆ.

گلۆستر:

ئۆۆو.. لێم گەڕێ ئەو دەستەت ماچ بکەم.

شا لیر:

با یەکەمجار بیسڕمەوە.. بۆنی مەرگی لێ دێ،

گلۆستر:

ئەی پارچەیەک لە سروشتی وێرانە.. ئەم گەردوونە تا ڕادەی نەمان وا لە ناو دەچێ.. تۆ دەمناسیتەوە..؟

شا لیر:

من ئەو چاوانەت چاک دەناسم.. ئەوە چییە لاو و نیو چاوم لێ دادەگری..؟ نەخێر.. هەرچی دەکەی بیکە ئەی کیوپید–ی نابینا.. من دڵداری ناکەم. ئەمە بخوێنەوە.. چۆن هەستانەوە و هەڵگەڕانەوەیەکە.. سەرنجی خەتەکەی بدەو لێی ورد بەرەوە.

گلۆستر:

گەر پیتەکانیشی وەک خۆر بدرەوشێنەوە.. هەر نابینم.

ئێدگار:

(لە لاوە) گەر ئەمەیان بۆ باس کردبام بڕوام نەدەکرد، ئەم حاڵە دڵم دادەپچڕێنێ.

شا لیر:

بیخوێنەوە.

گلۆستر:

بەچاڵی چاوم..

شا لیر

ئۆو.. هۆ. مەبەستت ئەوەیە..؟ سەرێکی بێ چاو.. گیرفانیشی بەتاڵ..؟ دوو چاڵی بێ چاو... باخەڵی خاڵی..! وەلێ دەتوانی ببینیت دونیا بەڕێوە دەڕوات.

گلۆستر:

بەهەست و نەست دەیبینم.

لیر:

ئەوە چییە.. تۆ شێتیت..؟ مرۆڤ بێ چاویش بێ دەتوانێ ببینێ چۆن دەڕوا بەڕێوە ئەم دونیایە. بەگوێچکەکانت سەیری دونیا بکە. سەیری ئەو حاکمە چۆن بەربۆتە گیانی ئەو دزە بەستەزمانە. گوێ بگرە.. با ئەم دووانە جێ بگۆڕنەوە.. ئەم مەتەڵە هەڵبێنە... ئەوسا کامەیان دەبن بەدز و کامەیان حاکم، تۆ دیوتە سەگی جووتیارێک بەسواڵکەرێک بوەڕێ..؟

گلۆستر:

بەڵێ.. گەورەم.

لیر:

کابراش لە ترسی سەگەکە ڕادەکا: لەوەدا دەتوانیت نموونەی دەستەڵاتدارێتی بالاّ ببینیت، سەگیش فەرمانڕەوا بێ ملی بۆ



کەچ دەکرێ، ئەی دار بەدەستی چەپەڵ دەستی خوێناویت هەڵگرە.. بۆچی ئەو سۆزانییە لە جەڵدە دەدەی..؟ تۆ پشتی خۆت ڕووت کە، تۆ خۆت ئاگرت تێ بەربووە ئەو شتەی لەگەڵ بکەی کە لە پێناویدا وا لێی دەدەی، سوخۆر فێڵباز هەڵدەواسێ لە ژێر جلی هەلا هەلادا عەیبی بچووکیش دیارە، وەلێ لە ژێر عەبای فەرووەدار و بەرگی گەورەکان هەموو عەیبێک شاراوەیە، ڕووی گوناه کە بەئاڵتوون سواغ درابێ ڕمی تیژی هەموو بەدادپەروەرییەک دەشکێنێ. وەلێ گوناه لە پەڕۆی کۆندا بپێچەرەوە.. پووشێکی هیچیش کون بەدەری دەکا. کەسێک نییە گوناهبار. هەرگیز.. من دەڵێم، ئەو قسەیە لە من وەرگرە هاوڕێ.. کە من دەستەڵاتم هەبێ دەتوانم دەمی ئەو کەسانە داخەم کە دەیانەوێ تۆمەتم بخەنە پاڵ. دوو چاوی شووشەت بۆ دەکەم.. تۆش وەک هەر سیاسەتبازێکی نامەرد وای دەنوێنی ئەو شتانە ببینیت کە لە ڕاستیدا نایبینیت. ئاه... ئێستا.. ئێستا.. پێلاوەکانم لە پێ داکەنە.. ڕایکێشە... توند. .توند.. ئاوا.

ئێدگار:

(لە لاوە) ئۆو.. چ تێکەڵ و پێکەڵییەکە.. عەقڵ و بێ ئاگایی.. هۆش لە ناو شێتیدا.

لیر:

گەر دەتەوێ بۆ بێ بەختیم بگریت.. هانێ چاوانم.. من چاکت دەناسم.. تۆ گلۆستر-یت ئارامت بێ.. ئێمە بەدەم گریانەوە هاتین. تۆ دەزانیت.. هەرکە یەکەم جار هەناسەمان هەڵمژی..

زریکاندمان و گریاین. ئامۆژگارییەک بۆ تۆ.. ئاگات لە خۆت بێ.

گلۆستر:

ئەفسووس.. ئەفسوس.. چ ڕۆژێکە ئیمڕۆ..!

لیر:

کە لە دایک دەبین دەگرین.. بۆ ئەوە دەگرین کە هاتینە سەر شانۆیەکی گەورەی پڕ لە گێلەپیاو و گەلحۆیان. ئەمەیان قاڵبێکی چاکە. فێڵێکی چاک بوو گەر ئەسپەکانمان بەپارچە لباد ناڵ بکردایە..

ئەوەشیان تاقی دەکەمەوە

گەر ئەوساش بێ خشپە و بەدزییەوە گەیشتمە سەر ڕۆحی زاواکانم

ئەوسا دەکوژم.. دەکوژم.. دەکوژم

(یەکێ لە دەستوپێوەندەکان لەگەڵ کۆمەڵێ سەرباز دێنە ژووری)

کابرا:

ئۆه.. ئا ئەوەتا کابرا... بیگرە گەورەم... کچە زێدە ئازیزەکەت

لیر:

کەسێ نییە فریام کەوێ..؟ ئەوە چییە.. من ئێستا بەندم..؟ من جگە لە گاڵتەجاڕی زەمانە هیچ نیم. لەگەڵما چاک بن، لەبری ئەوە پاداشت وەردەگرن. پزیشکی تیمارکەرم بۆ بێنن.. من ناو مۆخ و مێشکیشم بۆتە برین.



کابرا:

هەموو شتێکتان دەستگیر دەبێ

لیر

کەسم لەگەڵدا نییە..؟ هەر خۆم تەنیام..؟ ئەوەیان وا لە مرۆڤ دەکا ببێ بەپارچەیەک لە فرمێسک کە چاوانی دەبن بەدوو ئاوپڕژێن لە باخچەیەکدا – بۆ کۆکردنەوەی گەرد و خۆڵی پایز – ئازایانە دەمرم.. قۆز.. وەک زاوایەکی پۆشتە و پەرداخ.. ها... کەیفساز دەبم.. وەرە.. وەرە... من پادشام.. پیاوماقووڵان.. ئێوە ئەوە دەزانن..؟

کابرا کە ئێوە خاوەن شکۆن و دیارە ئێمەش ملکەچی فەرمایشتی ئێوەین.

لیر:

کەواتە ژیانی تیایە.. وەرن و بیبەن.. گەر ڕاکەن بۆ خۆتانی دەبەن.. دەی.. دەی... دەی... دەی...

(شا لیر ڕادەکاتە دەرەوە و سەربازەکانیش بەدوایەوە)

کابرا:

دیمەنێکە جەرگی پیاو دەکا بەئاو.. هەتا گەر بەسەر سووکترین زەلامدا بێ

وەی لەو پادشا بەهەیبەتەی کە زمان لە ئاستیدا لاڵە

تەنها کچێکت سروشتی لەو لەعنەتە گەورەیە پاکە کە دوو کچەکەی ترت دایانباراند.

ئێدگار:

سڵاوتان لێ بێ.. گەورەی پایەدار.

کابرا:

سڵاو.. پەلەکە.. نیازت چییە و چیت دەوێ..

ئێدگار:

بیستوومە کە بەم زووانە شەڕێک بقەومێ..؟

کابرا: بێ گومان. بەسەر زمانی هەموو کەسێکەوەیە.. ئەوەی گوێی هەبێ دەیبیستێ.

ئێدگار:

بەڵام ئەگەر زەحمەت نەبێ نازانی ئاخۆ سوپاکەی لێرەوە چەند دوورە..؟

کابرا:

نزیکە و.. بەڕێوەیە.. بەپەلە... پێشەنگی سوپاکە هاکا دەرکەوت.

ئێدگار:

سوپاس گەورەم.. هەر ئەوەندەم مەبەست بوو.

کابرا:

گەرچی شاژن لەبەر هۆیەکی تایبەت وا لێرە، بەڵام سوپاکەی وای بەڕێوە.

ئێدگار:

سوپاس گەورەم.

(کابرا دەچێتە دەرێ)

گلۆستر:

ئەی خوداوەندانی هەمیشە میهرەبان..
با ڕۆحی من لە مستی ئێوە بێ..!



وا نەکەن فریشتەی شەڕ فریوم دا..
بەوەی بمرم بەر لەوەی ئێوە نەیخوازن.

ئێدگار:

باوکە.. ئەمەیان نوێژ و وێردی چاکە.

گلۆستر:

ئەمێستاش.. کوڕی جوامێر.. تۆ کێی..؟

ئێدگار:

پیاوێکی زۆر بەستەزمان کە چەرخی چەپگەرد وای لێ کردبێ زەلیل بووبێ.
ئەوەی من دیومە و چەشتوومە.. لە دەرد و مەینەتی
بەڕادەیەک کە بەڕاستی ببمە جێی بەزەیی
دەستت بێنە.. دەتبەمە شوێنێک تیا بسرەویت.

گلۆستر:

لە دڵەوە دەیڵێم.. کۆڵێ سوپاس
بەرەکەتی ئاسمان بەشت بێ
خێر و خۆشی لەبری بێ

(ئیزواڵد دێتە ژوورێ)

ئیزواڵد:

پاداشتی ئاشکرا.. خۆش بەحاڵم
بۆ سەری بێ چاوانی تۆ.. تۆ یەکەم گەنجینەی کە خێر و بێری بەسەرما بڕژێ. تۆ ئەی خیانەتکاری پیر و نەگبەت بەکورتی دان بەگوناهەکانتدا بێنە.

ئەو شمشێرە لە کالان دەرهاتووە کە دەبێ ملی تۆ بپەڕێنی.

گلۆستر:

دەبا دەستی دۆستانەی تۆ
هێزێکی فرەتری پێ ببەخشێ

ئێزواڵد:

دەشتەکی چەپەڵ..
یارمەتی زەلامێک دەدەی کە دونیا بەخیانەتکاری زانیوە..؟
لاچۆ.. دوورکەوە
با تۆش دووچاری هەمان بێ بەختی نەبیت
کە ئەمی پێوە گرفتارە.. دەستی بەردە.

ئێدگار:

بەری نادەم.. گەورەم.. بێ بەڵگەیەکی چاکتر بەری نادەم

ئێزواڵد:

کۆیلە بەری دە.. ئەگینا مەرگ بەچاوی خۆت دەبینی.

ئێدگار:

پیاوی بەڕێز.. ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ، لێ گەڕێ با هەژارانیش بەڕێی خۆیاندا بڕۆن. گەر کەسێک بیەوێ، خاترانە، ژیانم لێ بستێنێ.. ئەوە ئامادەم دوو هەفتە لە تەمەنم کورت بکەمەوە، لەو پیاوە پیرە نزیک مەبەرەوە، ئاگادارت دەکەم کە بڕۆیت ئەگینا لە تۆی تاقی دەکەمەوە تا بزانم ئەم تێلایەی من بەهێزترە یان ئەو سەرەی تۆ کە دەڵێی کوولەکەیە من لەگەڵتا بێ پێچ و پەنام



ئیزواڵد:

لاچۆ لە بەرچاوم... شتە پیس.

ئێدگار:

هەموو ددانەکانم دەردێنم... کابرا.. وەرە پێشێ.. هەر چۆنێک بێ دەست وەشاندنت

(دەکەونە ململانێ و ئێدگار لە زەوی دەکوتێ و دەستی لێ دەوەشێنێ)

ئیزواڵد:

کۆیلە منت کوشت. ناکەس.. هانێ ئەوە جۆڕکی پارەکەم
گەر دەتەوێ ڕۆژێ ڕزگارت بێ..
لاشەکەم بنێژە
ئەو نامانەش کە لامە بیدەرە ئیدمۆند ئێرل–ی گلۆستر..
داوای کە و بیدۆزەرەوە..
ئەم وا لە نێو ئینگلیزەکان
ئای مەرگی ناوەخت.. ئاخ.. مەرگ
(دەمرێت)

ئێدگار:

چاکت دەناسم.. نۆکەری نامەرد
بەوەفای بۆ بێ شەڕەفی خانمەکەت
تا ئەو ڕادەیەی کە خەراپەکاری پێویستی پێ بێ

گلۆستر:

چی بوو.. مرد..

ئێدگار:

تۆ دانیشە باوکە.. پشوویەک بە
با گیرفانەکانی بگەڕێین..
لەوانەیە نامەکان لە هاوڕێیانەوە بێ، مرد... من تەنها خەفەتی
ئەوەمە کە جگە لە من کەسی تر نەبوو خوێنی بڕێژێ.
با سەیرکەین بەڕوخسەتت ئەی شەمێی نەرمی سەر نامەکان
ئەی دابونەریت.. تۆش گلەیی نەکەیت
ئێمە بۆ ئەوەی بزانین چی لە مێشکی دوژمندا هەیە دەبێ دڵی
شەق کەین
خۆ نامە و کاغەزەکان... ئەوە هەر هیچ
(نامەکە دەخوێنێتەوە)
"ئەو پەیمان و بەڵێنانەی دامان بەیەکدی بیرت نەچنەوە، گەلێ
هەل و مۆڵەتت بۆ دەرەخسێ کە بیکوژیت: گەر نەترسیت و
ویستت هەبێ. کات و شوێنی زۆر و فرەت دەست دەکەوێ،
ئەگەر سەرکەوتووانە بگەڕێیتەوە یانێ هیچمان بەهیچ نەکرد،
ئەوسا من بەدیل دەگیرێم.. پێخەف دەبێ بەجێی بەندییەتیم..
لەو گەرمییە بێزەوەرە ڕزگارم کە.. دەی هەر لەو شوێنە دەست
کە بەکاری خۆت. هاوسەرت وەک ئاواتەخوازم
دۆستی ئێستات.. گۆنریل." وەی لە ویست و ئارەزووی ئافرەت
تا کوێ بڕ دەکا پیلانێک دژ بەمێردە چاکەکەی
براکەشم جێی بگرێتەوە،
هەر لێرە.. لە ناو ئەو لە زیندەبەچاڵت دەکەم..



کە شوێنێکی پیسە و شایستەی خوێنڕێژی وەک تۆ چەپەڵ و
نەگریسە
کە وەختیشی هات ئا بەم نامە شەڕخوازە جەنابی دۆق
سەرسام دەکەم
کە بۆ مەرگی پیلان سازاوە ئەوسا گەلێ خۆشحاڵ دەبێ کە
مەرگی تۆی پێ ڕادەگەیەنم
ئای لەگەڵ ئەم تەڵە و پیلانە.

گلۆستر:

پادشا شێت بووە.. ئەو عەقڵە لەعنەتییەمان چ بەرگەگرە
ئەوەتا هێشتا هەر بەپێوە.. هەست بەهەمووو خەم و کارەساتە
گەورەکان دەکەم..
خۆزیا هۆشم لە دەست دەدا تا خەمەکانم لە هۆش و بیرم
داتەکێن
(زرمەی تەپڵ ژەن لە دوورەوە)
تا ئازارەکانیشم، لە ڕێی هەڵەی خەیاڵەوە خۆیان نەدەناسییەوە

ئێدگار:

دەستت بێنە: وابزانم گوێم لە زرم و گوتی تەپڵ ژەنێکە لە
دوورەوە
وەرە باوکە تا لای هاوڕێیەکم جێت کەمەوە
(دەچنە دەرێ)

## دیمەنی حەوتەم

(دەوارێک لە ئۆردوگایەکی فەرەنسی، کۆردیلیا و کێنت
و پزیشکێک و خزمەتکارێک دێنە ژوورێ)

کۆردیلیا:
ئای کێنت–ی دڵ گەورە.. چۆن بژیم و پاداشتی ئەو هەموو
پیاوەتییەت بدەمەوە..؟
بۆ ئەوەیان تەمەنم کورتە و پارسەنگم نییە.

کێنت:
خانمەکەم.. مرۆ هەقە پاداشتی کاری خۆی... وەک خۆی یا
بەزیادەوە وەربگرێ
ڕاپۆرتەکانی من لە حەقیقەتێکی ئاسایی دەدوێن
نە زێدەڕۆیی تیایە و.. نە کەم و کورتی.. وەکو خۆی

کۆردیلیا:
بەرگی چاکتر لەوە بپۆشە
ئەم جلە شڕانە ڕۆژانی نەهامەتیمان بیر دەخەنەوە
تکایە.. دایان کەنە.

کێنت:
بمبوورە.. خانمەکەم.
گەر پێشوەخت خۆ دەرخەم مەبەستەکەم دەشێوێ
با پاداشتی من ئەوە بێ کە نەمناسیت
تا کاتی خۆی دێ.. من وای بەچاک دەزانم.



کۆردیلیا:
گەورەم... چۆن حەز دەکەی با وابێ
(ڕوو دەکاتە پزیشک)
پادشا چۆنە؟

پزیشک:
خانمەکەم هێشتا نوستووە

کۆردیلیا:
ئۆە.. ئەی خوداوەندە بەخشندەکان
ئەو برینە گەورەیەی کەوتۆتە گیانی بەئەشکەنجەی چاری کەن
تیژی کەنەوە هەست و نەستی سست و ناجۆری
باوکێک کە مناڵ بۆتەوە.

پزیشک:
خاوەن شکۆ ڕێگەم دەدەن
پادشا لە خەو هەڵسێنم؟ دەمێکە نوستووە

کۆردیلیا:
زانیاری خۆت بڕۆ بکە بەقیبلەنوما
بەحوکمی ویستی خۆت بڕۆ بەڕێوە..
جوان جلەکانیتان لەبەر کرد..؟
(شا لیر لەسەر کورسییەک دانیشتووە و خزمەتکارەکان
هەڵیانگرتووە و دەیهێننە ژوورەوە)

پزیشک:
بەڵێ خانمەکەم.. ئەم لە خەوێکی قووڵدا بوو کەجلی تازەمان
کردە بەری

تکایە خانمەکەم لەگەڵمانا بە کە لە خەو هەڵیدەسێنین
چونکێ من گومان لە حاڵی دەکەم.

کۆردیلیا:

چاکە.

(سەدای مۆسیقا)

پزیشک:

فەرموو نزیک بەوە

(ڕوو دەکاتە مۆسیقاژەنەکان)

دەی با سەدای مۆسیقا بەرز بێتەوە

کۆردیلیا:

ئۆە.. باوکی ئازیزم.. دەبا دەرمانی دەردی تۆ لەو لێوانەی منەوە بێ..
دەبا ئەم ماچەی من هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکت لابەرێ
کە هەردوو خوشکەکەم دەرهەق بەمەقامی تۆ کردیان.

کێنت:

چ شازادەیەکی ناسک و میهرەبانیت..!

کۆردیلیا:

گەر باوکیان نەبوویتایە..
ئەو کلووە سپییانەی سەر و ڕیشت بەزەیی هەردووکیانی دەجووڵاند
کەی ئەم دەموچاوە بەرگەی ڕەشەبای سەر شێت دەگرێ..؟



یا گرمەی گەواڵە و شریخەی ترسناکی برووسک..؟
یان کە بەڕاست و چەپدا چەخماخە دەکا
وا تۆقێنەر زەلام سڕ دەکا
ئەی دەربەدەر تۆ دەتتوانی بەم کڵاوە ناسکەوە
چاوەڕێ بیت و بەرگە بگریت..؟
هەتا گەر سەگی دوژمنەکەشم قەپاڵی لێ گیر بکردمایە
لە شەوێکی ئاوا تووشدا دامکرد و
لەتەک ئاگردانەکەمدا جێم بۆ دەکردەوە
ئای باوکی بەستەزمانم..
چۆن توانیت لەگەڵ چەتە چەپەڵەکان لە کوختێکدا بخەوی
لە نێو کادێنی پیس و گەنیو؟ ئەفسووس.. ئەفسووس گەلێ سەیرە کە عەقڵت لە دەست نەدا و ژیانت دەرحاڵ کۆتایی پێ نەهات
ئەوە وەئاگاهات.. قسەی لەگەڵ بکە

پزیشک:

خانمەکەم تۆ قسەی لەگەڵ بکە.. وا شیاوترە

کۆردیلیا:

باوکی پادشام تۆ چۆنیت...؟

لیر:

تۆ زوڵمم لێ دەکەی کە لە گۆڕەکەمدا دەرم دێنی
تۆ ڕۆحێکی لە بەهەشتەوە هاتی..

بەڵام من وام بەسەر عارەبانەی ئاگرەوە
پابەندم
هەتا فرمێسکەکانیشم وەک مسی تواوە هەموو گیانم
دەسووتێنێ.

کۆردیلیا:

گەورەم.. دەمناسیتەوە..؟

لیر:

بەڵێ.. تۆ ڕۆحیت.. بەڵام لە کوێ مردبوویت..؟

کۆردیلیا:

هێشتا دوور و.. وێڵ گەردە.

پزیشک:

هێشتا خەو بەری نەداوە.. تۆزێ لێی گەڕێ

لیر:

لە کوێ بووم...؟ ئێستا لە کوێم..؟ ئاخۆ ڕۆژێکی خۆشە..؟
تەواوێ سەرم لێ تێکچووە.. گەر کەسێکی دیکەم ئاوا بدیایە.
بێ شک لە خەمانا دەمردم.. نازانم چی بڵێم:
ناتوانم سوێند بخۆم ئەمانە دەستی من بن..
با بزانم هەست بەئازاری ئەم درەزییە دەکەم
خۆزگە لە حاڵی خۆم دڵنیا دەبووم

کۆردیلیا:

ئۆە.. باوکە.. سەیرم کە





بۆ موبارەکی دەست بەسەرما بێنە
نا گەورەم.. تۆ نابێ بکەویتە سەرچۆک.

لیر:

تکاتان لێ دەکەم پێم ڕامەبوێرن
من جگە لە پیرێکی کەنەفت و گەلحۆ هیچی تر نیم.
هەشتا ساڵ تەمەن و زیاتریش.. نە کاژێرێ کەمتر و نە کاژێرێ
زیاتر.
گەر بێ پێچوپەنا بدوێم دەڵێم من لەسەر عەقڵی خۆم نیم
لەوەیە تۆ بناسم.. ئەم کابرایەش
بەڵام هەر بەگومانم : ئێستا من دەزانم ئێرە کوێیە..
بەهەموو توانا و ئاوەزی خۆم نازانم ئەم جلانەی بەرم چین و..
کێ لەبەری کردووم
ناشزانم دوێنێ شەو لە کوێ مامەوە
پێم پێمەکەنن.. ئەوەندەی بزانم و ئاوەزم بێ ئەوەیە ئەم خانمە
کۆردیلیا–ی کچم بێ

کۆردیلیا:

بەڵێ.. بەڵێ.. خۆیەتی

لیر:

ئەوە فرمێسک دەڕێژی..؟ ئاوا.. تکات لێ دەکەم مەگری
هەتا گەر ژەهرت پێ بێ بۆ من..
دەیخۆمەوە
من دەزانم تۆ منت خۆش ناوێ..

چونکێ هەردوو خوشکەکەت وەک لە یادم بێ گوناهیان دەربارە
کردم
سەبارەت بەخۆت هەقە لێت ببوورم..بەڵام ئەوان نەخێر
کۆردیلیا:
هەق نییە.. هەق نییە..
لیر:
ئێستا من لە فەرەنسام..؟
کێنت:
لە وڵاتی خۆتدای.. گەورەم.
لیر:
فێڵم لێ مەکە.
پزیشک:
خۆت سەغڵەت مەکە خانمی چاک..
وەک دەبینی هەڵچوون و تووڕەیی جارانی نەماوە..
وەلێ هێشتا جێی مەترسییە
وای لێ بکەی ئەو کاتەی لە دەستی داوە.. بیهێنێتەوە
تکای لێ بکە با بێتە ژوورەوە...
چی تر سەغڵەتی مەکە تاکو پتر ئارام بێتەوە
کۆردیلیا:
تکایە خاوەن شکۆتان دەتوانێ بجووڵێ
لیر:
دەبێ لەگەڵما دڵتان فراوان بێ:



ئێستاش تکام وایە هەموو شتێ لە بیر بکەن...
ببوورن من پیر و کەنەفت.. هۆشم لە دەست داوە
(هەمـــوو دەچنە دەرێ.. بەتەنیـــا کـــێنت و یەکێ لە
دەستوپێوەندەکان جێ دەمێنێ)
کابرا:
قوربان ڕاستەکە دۆق کۆرنۆڵ تیا چووە...؟
کێنت:
بەڵێ.. بێ گومان بەقوربان
کابرا:
ئەی کێ بۆتە سەرداری خەڵکەکە..؟
کێنت:
گوایە دەڵێن.. کوڕە زۆڕڵەکەی گلۆستر.
کابرا:
دەڵێن ئێدگار.. کوڕە تڕۆکراوەکەی ئێستا وا لەگەڵ لۆرد کێنت-
ە لە ئەڵمانیا
کێنت:
هەواڵەکە بەپێچەوانەوەیە.. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە
دەوروبەری خۆمان ورد بینەوە
سوپای مەملەکەت هەروا دێ و نزیک دەبێتەوە
کابرا:
شەڕێکی کوشندە دەقەومێ.. خوێناوی
ماڵئاوا گەورەکەم.
(دەچێتە دەرێ)

کێنت:

دەرەئەنجامی ئەم جەنگەش یا شەڕ یا خێرە وەک من پیلانم بۆ
داناوە و نیازم بووە

(دەچێتە دەرێ)



## پەردەی پێنجەم

### دیمەنی یەکەم

(ئۆردوگایەکی بریتانی نزیک دۆڤەر، ئیدمۆند و ریگن و
ئەفسەر و سەربازان بەدەم تەپڵ ژەنینەوە دێنە ژوورێ)

ئیدمۆند:

(ڕوو دەکاتە یەکێ لە ئەفسەرەکان) برۆ بزانە دۆق لەسەر دوا
نیازی خۆی سوورە
یاخود شتێک وای لێ کردووە ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێ
ئەم ڕاڕایە و زوو ڕا دەگۆڕێ..
سەرزەنشتی خۆی دەکا
وەرە و پێمان ڕاگەیەنە دوا نیازی چییە
(ئەفسەرەکە دەچێتە دەرێ)

ریگن:

بێ شک پەیامنێری خوشکەکەم شتێکی بەسەر هاتووە

ئیدمۆند:

خانمەکەم.. ئەوەیان جێی گومانە.

ریگن:

ئێستاش.. گەورەی خۆشەویست
تۆ دەزانی من نیازم پاک بووە لەگەڵ تۆ
کەواتە ڕاستم پێ بڵێ.. درۆم لەگەڵ مەکە
تۆ خوشکەکەی منت خۆش ناوێ..؟

ئیدمۆند:

خۆشەویستییەکی پاک

ریگن:

بەڵام تۆ شوێن پێی مێردەکەیت هەڵگرت ڕووەو پێخەفەکەی..؟

ئیدمۆند:

ئەم بۆچوونە دەستخەڕۆت دەکا

ریگن:

من دەترسێم تۆ لە باوەشێت گرتبێ سینە بەسینە.. بەهەموو گیانییەوە.

ئیدمۆند:

نا بەشەرەفم خانمەکەم.

ریگن:

من تازە قەت وازی لێ ناهێنم.. جا گەورەم.. ئازیزم وا چاکە گیرۆدەی داوی نەبیت.

ئیدمۆند:

دڵنیا بە.. ئەوە خۆیەتی لەگەڵ دۆق... مێردەکەی

(بەدەم تەپڵ ژەنینەوە.. بەدەم هەرا و زەناوە دێنە ژوورێ.. ئەلبانی و گۆنریل و سەربازەکان)

گۆنریل:

(لە لاوە)

گەلێ پێم چاکتر بوو شەڕەکە بدۆڕێنم لەوەی خوشکم من و ئەو لێک بکا.



ئەلبانی:

سڵاو لە خوشکی خۆشەویستمان

گەورەم.. من وام بیست.. کە پادشاش چووبێتە پاڵ کچەکەی

لەگەڵ کەسانێک کە زەبروزەنگی ئێمە وای کرد دەم بەهاوارەوە بکەنەوە..

قەت ئازار بوێر نەبوومە

لە مەسەلەیەکدا کە ئابڕوومی تیا تکا بێ

بەڵام ئەم کارە پەیوەندی بەهەموومانەوە هەیە

چون فەرەنسا هێرش دێنێتە سەر خاکمان

نەک لەبەرئەوەی هانی پادشا دەدەن

بەڵکو ئەمان هۆی بەجێیان بەدەستەوەیە

چەندەها هۆی وا کە سەنگیان هەیە.

ئیدمۆند:

قسەکەت بەجێیە گەورەم.

ریگن:

جا ئەو پینە و پەڕۆیەی بۆ چییە

گۆنریل:

دژ بەدوژمن یەک دەست بن

ئێرە جێی ناکۆکی و دووبەرەکی خێزانداری نییە..

نا.. وەختی نییە.

ئەلبانی:

کەواتە با پیلانی خۆمان بەجێ بێنین

لەگەڵ جەنگاوەرە کۆنەکان.

ئیدمۆند:

هەر ئێستا دێمە ژێر دەوارەکە.. دێمە لاتان.

ریگن:

خوشکێ.. تۆش دێی لەگەڵمان..؟

گۆنریل:

نەخێر.

ریگن:

تکایە وەرە.. ئەمەیان هەڵوێستە.

گۆنریل:

(لە لاوە) ئۆە.. من مەتەڵەکە دەزانم... دێم لەگەڵتان.

(سەربازانی هەردوولا دەچنە دەرێ)

(ئێدگار دێتە ژوورێ)

ئێدگار:

گەر بەرێزتان تەنها جارێک قسەتان لەگەڵ هەژارێکی وەک من کردووە.

ئەوە گوێم لێ بگرن تەنها قسەیەکم هەیە.

ئەلبانی:

هەر ئێستا منیش دەگەمە لاتان..

تۆ قسە بکە.

(بێجگە لە ئەلبانی و ئێدگار هەر هەموویان دەچنە دەرێ)



ئێدگار:

بەر لەوەی بچیتە نێو ئەو شەڕە.. ئەو نامەیە بکەرەوە.

گەر تۆ سەرکەوتیت.. دەبا سەدای شەیپوور بێ بە ڕووی ئەو کەسەی هێناویەتی،

هەرچەند نەگبەت دیارم بەڵام دەتوانم ببمە پاڵەوان..

بەوەش ناوەڕۆکی ئەو نامەیە دەسەلمێنم..

ئەگەریش دۆڕاندت خەم و مەینەتی دونیات کۆتایی دێ

چی فرۆفێڵیشە بەتاڵ دەبێ. چارەنووسیش تۆی خۆش دەوێ

ئەلبانی:

چاوەڕێ بە تا نامەکە دەخوێنمەوە

ئێدگار:

لەوە قەدەغە کراوم

کە وەختی هات.. هەر تەنها جارچی هاوار کا من سەرلەنوێ دەردەکەومەوە.

(دەچێتە دەرێ)

ئەلبانی:

کەواتە ماڵئاوا... هەر ئێستا کاغەزەکەت دەخوێنمەوە

(ئیدمۆند دێتە ژوورێ)

ئیدمۆند:

سەر هەڵبڕی دوژمن دیارە.. سوپاکەت کۆکەرەوە

ها ئەوەش تەخمینی ئێمە بۆ سوپا و هێزەکانی

بەپێی هەوڵ و گەڕانێکی زۆرمان..
بەڵام ئێستا هاتووم بڵێم تا پێت دەکرێ پەلە بکە

ئەلبانی:

ڕووبەڕووی هەموو کارەساتێک دەوەستین
(دەچێتە دەرێ)

ئیدمۆند:

بۆ هەردوو خوشکەکە سوێندی وەفام خواردووە
هەریەکەیان دوودڵە لەوی دی.. دەترسێن لە یەکدی
وەک ترسی کەسێک مار گەستبێتی
کامەیان ببێ بەدۆست و دڵخوازم...؟
هەردووکیان..؟ یەکێکیان..؟ یان هیچیان..؟
خۆشی نابینم گەر هەردووکیان بمێنن
گەر بێوەژنەکە بەرم گۆنریلی خوشکی ڕق هەڵدەگرێ و.. شێت دەبێ
ئەو مەبەستەی لە مێشکمایە ناچێتە سەر گەر مێردەکەی زیندوو بێ..
کەواتە ئێستا بۆ ئەو جەنگە با کەڵک لە دەستەڵاتی ئەو ببینم
گەر کۆتاییشی هات.. هەر کامەیان ویستی ڕزگاری بێ لێی با بەپەلە لە ناوی بەرێ..
سەبارەت بەبەزەیی و سۆزیش کە نیازیەتی بیڕژێنێ بەسەر شا لیر و کۆردیلیا
کە جەنگ کۆتایی هات و.. هەردوو کەوتنە ژێر چنگمان قەت



بەخشندەیی ئەو نابینن..
چونکێ حاڵی من هی ئەوەیە بەرگری بکەم..
نەک دەمەتەقێ و گفتوگۆ.

**دیمەنی دووەم**

(گۆڕەپانێک لە نێو هەردوو پادگاکەدا، هەرا و زەنایەک لە ناوەوە، بەدەم تەپڵ ژەنین و باق و بریقەوە شا لیر و کۆردیلیا دێنە ژوورێ. سەربازەکانیش لەسەر شانۆن..
پاشان هەر هەموو دەچنە دەرێ)
(ئێدگار و گلۆستر دێنە ژوورێ)

ئێدگار:

وەرە ئێرە باوکە.. سێبەری ئەم درەختە بکە بەشوێنی حەسانەوەت.
دوعا بکە هەق سەرکەوێ
گەر دیسانەوە بگەڕێمەوە لات موژدەی خۆشت بۆ دێنمەوە

گلۆستر:

خوا دەست بەباڵاتەوە بگرێ گەورەم.
(ئێدگار دەچێتە دەرێ)
(نەعرەتە و پاشان پاشەکشێ.. دیسانەوە ئێدگار دێتە ژوورێ)

ئێدگار:

ڕاکە پیرەمێرد.. دەستت بێنە.. با ڕاکەین شا لیر بەزی..
خۆی و کچەکەی دیل کران دەستت بێنە دەی.. دەی.

گلۆستر:

لێرە ناجووڵێم قوربان.. گەر نەگبەتی هات لێرەش دەتگاتێ.

ئێدگار:

ئەوە چییە.. دیسانەوە گەڕایتەوە سەر خەیاڵە ڕەشەکانت؟
خەڵکی دەبێ بەرگەی جێهێشتنی ئەم ماڵە بگرن
هەروەک چۆن بەرگەی ئەوەیان گرت بۆی بێن
هەرچی بێ دەبێ بۆی ئامادە بین.. دەی وەرە

گلۆستر:

ئەوەشیان ڕاستە.

(دەچنە دەرێ)

### دیمەنی سێیەم

(پادگایەکی بریتانی نزیک دۆڤەر. ئیدمۆند بەدەم هەرا و تەپڵ ژەنینەوە سەرکەوتووانە دێتە ژوورێ. بەدوایدا شا لیر و کۆردیلیا-ی کچی کە دیارە هەردووکیان دیلن، لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەفسەر و سەربازان و.. کەسانی تر.)

ئێدمۆند:

با چەند ئەفسەرێک بێن بیانبەن.. چاک چاوەدێر بن تا بەویستی گەورەکانم حوکم دەدرێن

کۆدریلیا:

ئێمە تەنها کەسانێک نین کە بەهۆی پاکترین نیازەوە
گەورەترین نەهامەتیان بەسەردا سەپا بێ
ئەی پادشای بەئازارم من تەنها خەمی تۆمە



سەبارەت بەخۆیشم بە ڕوویەکی گرژتر ڕووبەڕووی چەرخی چەپگەرد دەبمەوە
تۆ بڵێی ئەو کچە نەبینینەوە.. ئەو دوو خوشکە...؟

شا لیر:

نا... نا.. نا.. نا.. وەرە با بەیەکەوە بچینە زیندانەوە
هەردوو بەجووت وەک دوو چۆلەکەی نێو قەفەز بچریکێنین
کاتێکیش داوای بەرەکەت لە من دەکەی.. دێمە سەرچۆک
من داوای بەخشندەییت لێ دەکەم.. ئاوا دەژین
نوێژ دەکەین، گۆرانی دەچڕین، حەکایەتە کۆنەکان دەگێڕینەوە.. پێدەکەنین
بەدەم پەپوولە ڕەنگینەکانەوە دەخەنین.. گوێ لەو چەوساوانە دەگرین
کە لە پادشا و میرەکان دەدوێن.. ئێمەش لەگەڵیان دەدوێین
کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێ، لە دەرەوە و... لە ناوەوە
وای دەنوێنین کە لە شتە پەنهانەکانی دونیا دەگەین
وەک بڵێی چاو و نهێنی درکێنی خودا بین
لە نێو چوار دیواری بەندیخانەدا ڕوو دەکەینە هەموو بەرەو پارتەکان
هەموو چین و لایەنێکی کۆمەڵ
کە لەگەڵ کێشی مانگدا لە هەڵچوون و داچووندایە.

ئیدمۆند:

بیانبەن!

لیر:

کچم کۆردیلیا.. قوربانی ئاوا خوا خۆی بخوردی بەسەردا دەکا..

من تۆم گرتووە..؟ کەسێ بیەوێ لێکمان بکا دەبێ لە ئاسمانەوە پشکۆ بێنێ

تا بە تاوی ئاگر من لە تۆ بکا..

وەک ڕێوییەکان چاوانت وشک کەرەوە..

بەر لەوەی بتوانن بمان گرێنن شمڵی شەڕ..

دێو و درنج بەگۆشت و ئێسکەوە دەیانخۆن

ڕۆژێ دێ بیانبینین لە برسانا وشک ببنەوە

دەی وەرە

(شا لیر و کۆردیلیا لە ژێر چاودێریدا دەچنە دەرێ)

ئیدمۆند:

وەرە ئێرە.. ئەفسەری سەردار... گوێ بگرە

ئەم کاغەزە بگرە و.. با پێشت کەون بۆ بەندیخانە

(کاغەزێکی دەداتێ)

ئەوە پلەیەکیش بەرزم کردیتەوە..

گەر توانیت فەرمانی ئێمە کە لەو کاغەزەدایە جێبەجێی بکەی

ئەوە ڕێ ڕووەو شکۆمەندی و خۆشحاڵی خۆش دەکەی

ئەوەش بزانە کە پیاو ئەوەیە کوڕی ڕۆژ بێ

ئەوەی شمشێر بەدەستیش بێ جوان نییە دڵناسک بێ

ئەرکی گەورەی تۆ هێنان و بردن و پرسیاری ناوێ



یان بڵێ جێبەجێی دەکەم..

یا ئەوەتا بۆ خۆشبەختی ڕێگەیەکی تر بدۆزەرەوە

ئەفسەر:

گەورەم.. ئامادەم

ئیدمۆند:

کەواتە وەرە. هەرکە جێبەجێت کرد خۆت بەبەختەوەر بزانە.

وریا بە وتم : دەرحاڵ.. هەر ئێستا

بزانە فەرمانم بەچی کردووە.. ئەوە بکە.

ئەفسەر:

نە دەتوانم عەرەبانە ڕاکێشم و نە نانی جۆشم بۆ دەخورێ

گەر ئەوەیان کردەی پیاوانە بێ.. ئەوە بزانە من کردوومە

(دەچێتە دەرێ)

(سەدای شەیپوور، ئەلبانی و گۆنریل و ریگن و هەندێ لە ئەفسەران و سەربازان دێنە ژوورێ)

ئەلبانی:

گەورەم.. تۆ ئیمڕۆ ئەوپەڕی ئازایەتیت نواند

بەختیش لەگەڵ تۆدا یار بوو..

دوو دیلیشت هەن کە لە کێشەی ئیمڕۆدا دوژمنی ئێمە بوون

داوای هەردووکیان دەکەم لە تۆ..

تاکو بتوانم بەپێی کردەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم ئەوەی کە سەلامەتی خۆمان دەیخوازێ

ئیدمۆند

گەورەم... من وام بەچاک زانی

کە پادشای پیر و کەنەفت لەگەڵ چەند پاسەوانێکی تایبەت بنێرمە بەندیخانە
کە جگە لە پیرییەکەی... ناو و مەقامیشی سیحرێکی وای تیایە
کە دڵی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ
وا بکا ڕمی سەربازەکان بکاتەوە بەچاوی خۆماندا
ئەو سەربازانەی ئێمە لێیان دەخوڕین
هەر لەبەر هەمان هۆش شازادەم لەگەڵدا نارد
چ دەڵێی بەیانی.. یان دواتر.. ئەوان هەردوو ئامـــادەن بێنە بەردەستت..
لە هەر شوێنێک کە کۆنگرەی تیا دەگیرێ..
بەڵام ئا لەم ساتەدا کە ئێمە خوێن و ئارەقەمان لێ دەتکێ
کە هەر زەلامە و هاوڕێی خۆی ون کردووە
چاکترین کێشەش کە هێشتا گەرمە و خەڵکی پێ دەسووتێ..
لە لایەن هەمووان بەنەفرەت دەکرێ
مەسەلەی کۆردیلیا و باوکیشی شوێنێکی شیاوتری دەوێ

ئەلبانی:

گەر ڕێگەم بدەی گەورەم
من لەم شەڕەدا تۆ وەک ملکەچێک دەبینم
نەک برایەکی خۆم.

ریگن:

ئێمە پێمان خۆشە ئەو هەقەمان هەبێ بەسەرییەوە





وا بزانم دەبوو حسێبێک بۆ ڕای ئێمە بکەیت
بەر لەوەی ئاوا شووڵی لێ هەڵکێشیت
ئەم بوو بەپێشەنگی سوپاکەمان
بوو بەجێگری ناو و مەقامی من
ئا ئەم جێگرتنە هەقی ئەوەی دەداتێ
کە تۆ بەبرای خۆتی بزانیت

گۆنریل:

جا بۆ وا گڕت گرتووە..؟
ئەم پایە و پلەیەکی وای بۆ خۆی داناوە
گەلێ باڵاتر لەو مەقامەی تۆ پێت بەخشیوە

ریگن:

بەپێی ئەو هەقانەی خستوومەتە دەستی
شایستەیە گەر هاوتای هەموو خاوەن مەقامێک بێ

ئەلبانی:

جا هەر ئەوە ماوە ببێ بەمێردت

ریگن:

لەوەیە نوکتەیەک ببێ بەڕاست
دەشێ ئەو سوعبەتە پێشبینی بێ

گۆنریل:

قوڕ بەسەرت.. قوڕ بەسەرت هەر چاوێکیش ئەوەی پێشبینی کردبێ.. خێلە

ریگن:

گۆنریل.. من ناساغم.. ئەگینا وەڵامم دەدایتەوە

بەلێشاوێ لە قسەی قورس.. ژەنراڵ سەربازەکانم بەرە..

دیلەکانم.. هەموو ماڵ و سامانم چییان لێ دەکەی.. بیکە..

منیش لە بەردەستتام خۆم و شووره و قەڵاکانم..

با هەموو دونیا بەشایەت بێ کە تۆ گەورە و بەرپرسیاری منی

گۆنریل:

دەتەوێ ڕابوێری..؟

ئەلبانی:

(ڕوو دەکاتە ریگن) تۆ ناتوانی ڕێی لێ بگری هەقی ئەوەت نییە

ئیدمۆند:

تۆش هەقی ئەوەت نییە.. قوربان

ئەلبانی:

هەقمە و زیاتریش.. خوێنڕێژ

ریگن:

(ڕوو دەکاتە ئیدمۆند) دەبا تەپڵ بکوترێ.. ڕایگەیەنە کە ناو و مەقامی من هی تۆیە

ئەلبانی:

لەسەرخۆ بن.. گوێ لە بانگی عەقڵ بگرن

ئێدمۆند.. بەتۆمەتی خیانەتی گەورەوە دەستت بەسەردا دەگرم

تۆ و ئا ئەو مارە زەردەش.. هەر بەهەمان تۆمەت



(ئیشارەتێک بۆ گۆنریل–ی ژنی دەکا)

(ئینجا ڕوو دەکاتە ریگن)

سەبارەت بەشەکەتی تۆش.. ئەی خوشکی نازدار

لەبەر ژنەکەم دەست بەسەر ئەوەی تۆشدا دەگرم

چونکە ئەویش وا دەستی لەگەڵ ئەم میرە تێکەڵ کردووە

من کە مێردی ئەوم.. زەماوەندی تۆش لەو پیاوە هەڵدەوەشێنمەوە

گەر دەشتەوێ شوو بکەی.. لەگەڵ مندا دڵ بگۆڕەوە

چونکێ ئەوەی خۆم بەکەسێکی تر بەستراوەتەوە.

گۆنریل:

وەی لەم شانۆگەرییە

ئەلبانی:

ئیدمۆند تۆ ئێستا چەکداری. دەبا سەدای شەیپوور بێ

ئەگەر کەسێکیش نەهاتە مەیدانێ تا خیانەتە زۆر و ناجۆرەکانی تۆ بخاتە ڕوو

ئەوە بزانە کە من ئامادەم بۆت بێمە مەیدانێ

(دەستکێشەکانی فڕێ دەدا)

بەر لەوەی تامی زەوادێک بکەم نیشانە لە دڵت دەگرم

تۆ لە هەموو شتێکدا لەوە کەمتر نیت کە من لە بەرچاوی ئەو خەڵکە ڕامگەیاند

ریگن:

(لە لاوە)

گەر وا نەبوویتایە گومانم لە ژەهرەکە دەکرد

ئیدمۆند:

ئەوەش وەڵامی من

(دەستکێشەکان فڕێ دەدات)

ئەو کەسەی بەمن دەڵێ: خیانەتکار نامەردە و درۆ دەکا

دەی بانگ ڕادێرن و با سەدای شەیپوور بێ

هەر کەسێکیش غیرەت دەکا با بێتە پێشێ

ئامادەم بەجەرگانە بەرگری لە ڕاستی و شەرەفی ناوی خۆ بکەم..

کوشندەترین بەرگری دژی ئەم و... تۆ و.. هەموو کەسێک

(جارچی دێتە ژوورێ)

ئەلبانی:

هۆ جارچی

ئیدمۆند:

جارچی.. هۆ جارچی

ئەلبانی:

دەی پشت بەئازایەتی خۆت ببەستە

ئازایەتی خۆت و بەس

چونکێ سەربازەکانی تۆش هاتوونەتە ژێر سایەی من

تەنها بەفەرمانی منیش بەڕێوە دەڕۆن.

ریگن:

تا دێ ئازارەکەم زیاتر دەبێ



ئەلبانی:

حاڵی شرە.. ببەنە ژێر خێوەتەکەی من

(ریگن دەبەنە دەرەوە)

(پاشان جارچی دێتە ژووری)

جارچی وەرە پێشی.. با سەدای شەیپوور بێ

ئا ئەوەش بەدەنگێکی بەرز بخوێنەوە.

(سەدای شەیپوور)

جارچی:

(کاغەزەکە دەخوێنێتەوە) "ئەگەر پیاوێکی بەپایە و پلە لە نێو ڕیزی سوپادا هەیە و دەیەوێ بەڕووی ئیدمۆند-دا بوەستێ کە ئێستا بەئێرل-ی گلۆستر ناسراوە، وا بە ڕوویدا هەڵشاخێ کە خاوەنی چەندین خیانەت بێ، کە سێ جار گوێی لە سەدای شەیپوور بێ با بێتە پێشێ و دەرکەوێ. ئیدمۆند ئازا و چاونەترسە لە بەرگریکردن لە خۆی

ئیدمۆند:

با سەدای شەیپوور بێ.

(سەدای شەیپووری یەکەم)

جارچی:

دیسانەوە

(شەیپووری دووەم)

جارچی:

دیسانەوە.

(شەیپووری سێیەم)

(سەدای شەیپوور لە ناوەوە)

(لەگەڵ سەدای شەیپووری سێیەم ئێدگار دێتە ژوورێ، چەکدارە و شەیپوور بەدەستێک پێشی کەوتووە.)

ئەلبانی:

لێی بپرسە و بزانە بەچ نیازێکەوە هاتووە
بۆ لەگەڵ سەدای شەیپوور دەرکەوت...؟

جارچی:

تۆ کێیت..؟ ناوت... پایە و پلەت... بۆ ئەم بانگەشە وەڵامت چییە..؟

ئێدگار:

ئەوە بزانە کە ناوی من بزر بووە
کرم تێی داوە و کەڵبەی خیانەت هەلا هەلای کردووە
بەڵام پلە و مەقامی من بەرزە
وەک بەرزی مەقامی ئەو دوژمنکارە
کە هاتووم ڕووبەڕووی ببمەوە.

ئەلبانی:

ئەو دوژمنکارە کێیە..؟

ئێدگار:

کێیە ئەو کەسەی پێی دەڵێن ئیدمۆند.. ئێرل–ی گلۆستر..؟

ئیدمۆند:

منم.. دەتەوێ چی پێ بڵێی..؟



ئێدگار:

شمشێرەکەت لە کالان دەرکە..
ئەگەر قسەکەم لە دڵی جوامێرێک کار دەکا
ئەوە بەدەست و مستی خۆت بەرگری لە خۆت بکە شمشێری
من ئەوەتا.. سەیری کە.. ئەوە شەڕەفی منە
شەڕەفی مەقام.. سوێندم، سوارچاکیم... ئەوەتا ڕایدەگەیەنم
دەوەستم بە ڕووی تۆدا، پایە و پلەت، گەنجی و جوانیت مەقامی بەرزت،
شمشێری هەمیشە نانەویت بەختی هەردەم لە برەوت، چاونەترسی و دڵی بەجەرگت..
وێڕای ئەو هەموو شتە من بە ڕووتدا دەوەستم.. ڕایدەگەیەنم کە خیانەتکاریت
درۆت لەگەڵ خوای خۆت و برا و باوکی خۆتا کرد
دژ بەو شازادە پایە بەرزە پیلانت گێڕا
تۆ لە تەوقی سەرتەوە تا ئەو خۆڵەی بنی پێت خیانەتکارێکی پیس و چەپەڵیت
گەر بڵێیت نا.. بەم شمشێرە.. بەم دەست و بازووە بەڕۆحێکی نەترسەوە ئامادەم لە دڵتا ئەو حەقیقەتە بڕوێنم..
ئەو دڵەی کە ئێستا دەیدوێنم
دەیسەلمێنم کە تۆ درۆ دەکەی.. دەیسەلمێنم

ئیدمۆند:

عەقڵ وا دەخوازێ لە ناوت بپرسم

بەڵام بە ڕووکەشتا هەیبەت و جورئەتێکی جەنگاوەرانە دەبینم
لە زمانیشتا هەناسەی خاوەن ئەسڵ و فەسڵێک
بەپێی ڕێوڕەسمی سوارچاکی هەقی ئەوەم بەدەستە ورد بم و
بۆ سەلامەتی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە دواخەم
سووک سەیری دەکەم و بێزم لێی دەبێتەوە
ئەو هەموو خیانەتە ڕەت دەکەمەوە و بەسەر و کۆکڵی خۆتی
دادەدەمەوە
بەو درۆ ناشرینانەی خۆت دڵت پڕ دەکەمەوە
ئەم شمشێرەم کە تیژ دەبڕێ... بێ ورووشان یەکسەری و ڕاست
ڕێی خۆی دەکاتەوە
بۆ ئەو شوێنەی کە تا ئەبەد جێگیر دەبێ
شەیپوورەکان با سەداتان بەرز بێ
(سەدای شەیپوور. هەردووکیان دەکەونە یەکدی و دەجەنگن.
ئیدمۆند دەکەوێتە سەر زەوی)

ئەلبانی:
نەیکوژیت.. ئازادی کە.

گۆنریل:
ئێدمۆند... ئەوەیان پیلانە
بەپێی یاسای شەڕ و ململانێ
نابوایە وەڵامی دوژمنکارێک بدەیتەوە
کە نایناسیت. تۆ نەبەزیویت
بەڵکو فریوت خوارد و فێڵیان لێ کردی.



ئەلبانی:
دەمت داخە.. خانم
ئەگینا بەم پارچە کاغەزە دایدەخەم
ساتێ بوەستە گەورەم
ئەی سووکتر لە هەموو سووکێک
هانێ گوناهەکانی خۆت بخوێنەوە
(پارچە کاغەزێکی دەداتێ)
خانم نەیدڕێنیت.. وا بزانم ناوەڕۆکەکەی دەزانیت

گۆنریل:
وای دانێ کە دەزانم، یاساکان هی منن.. نەک هی تۆ
کێ دەتوانێ بەوە تۆمەتم بخاتە پاڵ.

ئەلبانی:
ئا دڕندە.. ئەم کاغەزە دەناسیتەوە..؟

گۆنریل:
لەوە پرسیارم لێ مەکە کە دەیزانم
(دەچێتە دەرێ)

ئەلبانی :
بەدوای کەوە.. گەیشتۆتە تینی و ڕووخاوە
برۆ ئاگات لێی بێ
(ئەفسەرێک بەدوایدا دەچێتە دەرێ)

ئیدمۆند:
هەرچی تۆمەتێکتان خستۆتە پاڵم کردوومە

لەوەش زیاتر.. زەمانە هەمووی دەردەخات
بەسەرچوو.. وەک خۆم کە تیاچووم
بەڵام تۆ کێی کە ئەم چارەنووسە ڕەشەت بۆ سازاندم؟
ئەگەر تۆ کابرایەکی خانەدان بیت ئەوە بزانە لێت دەبوورم

ئێدگار:

با لەگەڵ یەکدی جوامێر بین
ئیدمۆند.. مەقامی من لە هی تۆ کەمتر نییە
ئەگەریش زیاتر بێ.. زیادەی گوناهەکانی تۆیە دەرهەق بەمن
من ناوم ئێدگار-ە.. کوڕی باوکی تۆم
خـــوداوەندەکـــان دادپەروەرن.. لە شـــیـــرینیی تاوانەکـــانمان
کەرەستەی ئەشکەنجەمان بۆ دەسازێنن
لەو کارە پیس و نەگریسەی تۆ دەرهەق بەو کردت
هەردوو چاوانی لە دەست دا.

ئیدمۆند:

تۆ ڕاست دەکەی
چەرخی زەمانە سووڕێکی تەواو خولایەوە
ئەوەتا منیش لێرەم

ئەلبانی:

هەستم کرد هەر بەڕۆیشتنەکەت دیاری دا کە تۆ شازادەی..
دەبێ بتگرمە باوەش دەبا خەم دڵم لەتوپەت کا
ئەگەر ڕۆژێ ڕقم لە تۆ.. یا باوکت بووبێتەوە



ئێدگار:

دەزانم.. میری.. خاوەن مەقام

ئەلبانی:

لە کوێ خۆت شاردبۆوە..؟ چۆن بەئازارەکانی باوکت زانی..؟

ئێدگار:

گەورەم.. بەلالانەوە و دڵنەوایی گوێ لەم حەکایەتە کورتە بگرە..
کە لێ دەبمەوە خۆزیا دڵم ببێ بەدوو کەرتەوە
ئەو هاوارە خوێناوییەی پێی دەوتم "خۆت ڕزگارکە."
زۆر نزیک لە گوێما دەزرنگایەوە "وەی کە ژیانمان لا شـیـرینە، گـەلـێ لامـان خـۆشـتـرە لە هـەمـوو سـەعـاتێکدا بمرین لەوەی یەکجار و تا ئەبەدج بمرین."
فێرت کردم بەرگێکی شێتانە بپۆشم.. شێوەیەکی وا بنوێنم کە هەتا سەگەکانیش بێزم لێ بکەنەوە،
هـەر لەو بـەرگـــەدا بووم کـــە باوکم دی بەخـــۆوە بەدوو چاڵی خوێناوی چاوانی کە تازە هەردوو گەوهەری بینایی ڕژابوون
دەستیم گرت و بووم بەڕێ پیشاندەری
سواڵم بۆ کرد و لەو نائومێدییە قوتارم کرد
ئای لەو هەڵەیە.. قەت نەمهێشت بزانێ من کێم
تا نیـو سـەعـات لەمـەوبەریش.. کە خـۆم پڕ چەک کـرد بەئومێدی سـەرکەوتن..
گەرچی دڵنیاش نەبووم داوام لێ کرد کە دوعای خێرم بۆ بکا..
لە نووکەوە ئەو سەفەرە سەختەی خۆمم بۆ گێڕایەوە

وەلێ دڵە بریندارەکەی.. ئەفسوس گەلێ لاوازتر بوو بەرگەی
ئەو میحنەتە بگرێ
ململانێی نێوان دوو هەست و سۆز.. تا ئەوپەڕی هەستی خەم
و سۆزی خۆشیی تێک شکا..
گەرچی زەردە لەسەر لێوانی بوو.

ئیدمۆند:

ئەو قسانەی تۆ کاریان لە جەرگم کرد
هەر عاقیبەتی خێر بێ.. قسەکەت تەواو کە
لەوە دەچێ قسەی زۆرت پێ بێ

ئەلبانی:

گەر مەینەتی و بەڵای لەوە گەورەترت پێیە تووخوا مەیگێڕەرەوە
ئەوەندەی نەماوە بتوێمەوە بەوەی کە لە تۆ بیستم

ئێدگار:

ئەوەی وتم سەبارەت بەخۆشەویستی بوو نەک خەم و مەینەت
بەڵام مەینەتییەکی تر هەیە گەر لێی بدوێم و درێژەی پێ بدەم
ئەوە هەموو سنوورێک دەبەزێنی
کاتێ من لە گەرمەی شین و هاواری خۆم بووم
پیاوێک هات.. بینیمی لەوپەڕی نالەباری دام
ئەو ڕەچەڵەکەشی بەنەفرەت کرد کە لێوەی هاتووم
وەلێ کە زانی ئەو کەسە کێیە کە ئەم هەموو ئازارەی چەشتووە
هەردوو باسکی بەتینی لە گەردنم ئالاند.. نالاندی
ناڵینێک کە ئاسمانی لەگەڵ شەق بێ



خۆی هاویشتە ئامێزی باوکم
کوشندەترین چیرۆکی خۆی و شا لیر–ی گێڕایەوە
کە هیچ کەس نەیبیستووە.. کە دەیگێڕایەوە وا گڕی گرتبوو کە
ژێو بەندی حەیاتی پچڕان
ئەوسا دوو جاران سەدای شەیپوور هاتە بەرگوێ
لەوێدا و لە نێو ئەو گێژەنە بەجێم هێشت

ئەلبانی:

بەڵام ئەو کابرایە کێ بوو..؟

ئێدگار:

کێنت بوو گەورەم.. کێنت–ی تڕۆکراو
ئەوێک کە خۆی لە خەڵکی گۆڕی بوو
کەوتبووە دوای ئەو پاشایەی کە دوژمنی بوو
کەچی ئەم خزمەتێکی وای کردبوو کە هیچ کۆیلەیەک پێی ڕازی
نەدەبوو
(یەکێ لە یاوەرەکان دێتە ژوورێ و چەقۆیەکی خوێناوی
بەدەستەوەیە)

یاوەر:

هاوارە.. فریام کەون.. فریام کەون

ئێدگار:

ئەم هات و هاوارەت لە چییە.. فریای چیت بکەوین..؟

ئەلبانی:

قسە بکە کابرا.

ئێدگار:

ئەم چەقۆ خوێناوییە مانای چی..؟

یاوەر:

هێشتا گەرمە و هالاَوی لێ هەڵدەستێ

لە دڵی ئەو.. هاتۆتە دەرێ.. ئاخ.. هەر ئێستا مرد.

ئەلبانی:

کێ مردووە..؟ قسە بکە کابرا.

یاوەر:

خێزانەکەت قوربان.. خێزانەکەت

هەر ئەویش خوشکەکەی خۆی دەرمانخوارد کرد دانی بەم تاوانەدا نا.

ئیدمۆند:

بەڵێنم بەهەردووکیان دابوو کە بیانهێنم. ئەوەتا ئێستا هەرسێکمان بەیەکەوە زەماوەند ساز دەکەین.

ئێدگار:

ئەوەتا کێنت–ی یش هات.

(کێنت دێتە ژوورێ)

ئەلبانی:

هەردوو لاشەکە بێنە ژوورێ.. ئەگەر ماون ئەگەر مردوون ئەو

حوکمەی ئاسمان لەرزمان لێ دێنێ

بەلاَم بێ ئەوەی بەزەییمان بجووڵێنێ

(ڕوو دەکاتە کێنت)



ئۆه.. ئەوە خۆیەتی..؟ کاتی مەرایی و ئەو ڕێوڕەسمەمان نییە کە دابونەریت دەیخوازێ.

کێنت:

من بۆ ئەوە هاتووم تا شەوباشێک لە پادشا و سەروەری خۆ بکەم

ئەم لێرەیە یان نا..؟

ئەلبانی:

وای لەو مەسەلە مەزنەی لە بیرمان کرد

قسە بکە ئیدمۆند.. کوانێ پادشا..؟ کوا کۆردیلیا..؟

کێنت.. تۆ ئەم دیمەنە دەبینیت..؟

(لاشەی گۆنریل و ریگن وەژوور دەخەن)

کێنت:

وای داخەکەم.. هەزار ئەفسووس.. ئەمەیان بۆ..؟

ئیدمۆند:

کەواتە ئیدمۆند خۆشەویست بووە: ئەمیان ئەوی دیکەیانی دەرمانخوارد کردووە پاشان چووە خۆی کوشتووە

ئەلبانی:

دەقاودەق.. ڕووی هەردووکیان داپۆشن

ئیدمۆند:

من هەناسەی ژیان دەدەم، دەمەوێ چاکە بکەم

هەرچەندە دژ بەتەبیعەتی خۆیشم بێ

بەپەلە هێزێک بنێرنە قەلاَکە.. وەختەکە کورت کەنەوە

لەبەرئەوەی بڕیارم دا کۆتایی بەژیانی شا لیر و کۆردیلیا–ی کچی بێنم

دەی زوو.. بەپەلە پیاو بنێرن.

ئەلبانی:

دەی ڕاکەن.. ڕاکەن.. ڕاکەن.

ئێدگار:

گەورەم.. مەبەستت کێیە..؟ فەرمان بەکێ دەکەی..؟

هەر کەسێکت مەبەستە ڕوخسەتێکی بەرێ.. تا ڕێگەی بدرێ.

ئیدمۆند:

دەم خۆش.. چاکت وت.. شمشێرەکەی من بەرە.. فەرمانی چوونە ناو قەلاشی بۆ دەربکە.

ئەلبانی:

دەی پەلەکە.. فریاکەوە.

(ئەفسەرێک شمشێرەکەی ئیدمۆند–ی پێیە و دەچێتە دەرێ)

ئیدمۆند:

لە من و لە خێزانەکەی تۆوە فەرمانی ئەوەی پێیە کە لە بەندیخانەدا کۆردیلیا لە سێدارە بدا

تۆمەتەکەش بخاتە ئەستۆی خۆی

گوایە کۆردیلیا لە نائومێدی خۆی کوشتووە

ئەلبانی:

خوادەوندەکان دەست بەباڵییەوە بگرن

ئا تۆزێ لەم زەلامە دووری بخەنەوە





(ئیدمۆند هەڵدەگرن و دەیبەنە دەرەوە)

(شا لیر دێتە ژوورەوە و بەهەردوو دەست کۆردیلیا–ی هەڵگرتووە. ئەفسەرێک بەدوایەوە)

شا لیر:

بگرین.. بناڵن.. شینێک بگێڕن

ئاه.. پیاوانی دڵ بەردین گەر زمان و چاوی ئێوەم دەبوو..

دەمزانی چییان پێ دەکەم

وام دەکرد ئاسمان بلەرزێ..

تازە ڕۆیشت.. تا ئەبەد

من دەزانم مرۆڤ کەی زیندووە و کەی مردووە

وەک خاک و خۆڵ ساردوسڕە.. ئا ئاوێنەیەکم بدەنێ

گەر هەناسەی ئاوێنەکەی تەماوی کرد..

یا بەردێکی تەڵخ کرد ئەوە دیارە زیندووە.

کێنت:

ئەوە بوو دوا چارەنووسمان

ئەو کۆتاییەی چاوەڕێ بووین.

ئێدگار:

یا وێنە و ڕەنگی ئەو ترسە بوو..؟

ئەلبانی:

(ڕوو لە ئاسمان دەکا) دەی داتەپە و هەموو شتێک بڕمێنە.

لیر:

ئا ئەو پەڕەمووچە دەجووڵێ.. زیندووە

گەرچی بێتو زیندوو بێ

چ خەم و مەینەتی کە چەشتوومە لە یادم دەچێ و.. برینەکانم ساڕێژ دەبن.

کێنت:

(دەکەوێتە سەر چۆک) ئۆو.. گەورەم.. ئەی پادشای بە مرووەت

شا لیر:

تکایە لێم دوور کەوە.

ئێدگار:

ئەوە کێنت–ی جوامێرە.. هاوڕێکەی خۆت.

شا لیر:

دەک داڕزێن هەمووتان.. خیانەتکار و پیاوکوژان

وا نەبوایە لەوە بوو ڕزگاری بکەم.. وەلێ ئێستا.. لە دەستم چوو تا ئەبەد

کۆردیلیا.. کۆردیلیا.. پەلەت نەبێ و ئا تۆزێ دوا کەوە

ها.. ئەوە دەڵێی چی..؟ هەمیشە دەنگی ناسک

نەرم و نیان، هێدی و هێواش.. ئای کە ئەم خووە بۆ ئافرەت جوانە

ئەو کۆیلەیەشم کوشت کە تۆی هەڵواسی.

ئەفسەر:

گەورەکانم ڕاست دەکا.. کوشتی

شا لیر:

ئەی نەمکوشت.. برادەر..؟



کاتی خۆی ئا بەم شمشێرە تیژ و زۆر بەکارە وام دەکرد لە جێوە بلەرزن..

ئێستاکێ پیر و کەنەفتم ئەو خەمانەش جەرگم دەکۆڵن..

تۆ کێی.. چاوەکانم چاک نابینن.. بێ دوودڵی دانی پیا دەنێم.

کێنت:

گەر خوداوەندی زەمانە شانازی بەدوو کەسەوە بکا

دوو کەس کە ئەم خۆشی ویستن و ڕقیشی لێیان بووبێتەوە

لەم دووە.. ئێمە بەتەنها یەکێکیانمان لێوە دیارە.

شا لیر:

ئەمەیان دیمەنێکی دڵتەزێنە، ئەرێ تۆ کێنت نیت..؟

کێنت:

خۆیەتی.. خزمەتکاری خۆت کێنت.. ئەی کوا کایۆس–ی خزمەتکارت..؟

شا لیر:

کابرایەکی بەڕەوشت بوو.. بڕوام پێ بکە دەستی خۆی دەوەشێنێ.. زووش، بەڵام ڕەنگە مردبێ و بۆگەنیشی کردبێ

کێنت:

نەخێر گەورەم.. ئەو پیاوەی تۆ باسی دەکەی منم.

لیر:

هەر ئێستا خۆم حاڵی دەبم.

کێنت:

لە وەتەی گۆڕاویت و حاڵت شێواوە من بەدوای هەنگاوە

غەمگینەکانتەوەم

شا لیر:

کەواتە خۆش هاتی.

کێنت:

هەر خۆم تەنیا.. هەموو شتێ لەبەر دیدەم تاریکە..

دوور لە خۆشی.. کوشندەیە هەردوو کچە گەورەکانت خۆیان کوشت

نائومێدانە خۆیان لەناو برد.

شا لیر:

ڕاستە.. منیش هەر وای بۆ دەچم.

ئەلبانی:

خۆیشی نازانی دەڵێ چی. بێهوودەیە..

بێهوودە خۆمانی پێشکەش دەکەین.

ئێدگار:

هیچ کەڵکی نییە.

(پەیامنێرێک دێتە ژوورێ)

پەیامنێر:

گەورەم ئێدمۆندیش مرد..

ئەلبانی:

ئەوەیان مەسەلەیەکی هیچە لێرە: گەورەکانم.. برادەرانی خانەدان... لە نیازمان بگەن: بۆ ئەم هەرەسە مەزنە چیمان لە دەست بێ بۆ دڵنەوایی و خەم ڕەواندنەوە.. دەیکەین



سەبارەت بەخۆشمان ، مادامەکێ خاوەن شکۆی پیرمان هێشتا زیندووە

چی دەستەڵاتی هەمانە دەیخەینە ژێر دەستی خۆی

(ڕوو دەکاتە ئێدگار و کێنت)

ئێوەش هەردوو هەقی خۆتان وەردەگرن

جگە لەو مەقام و پلە و پایەی کە دەرئەنجامی کردەی چاکی خۆتانە

با برادەران بەری خێری خۆیان بدوورنەوە

دوژمنانیش بەری شەڕیان

ئای.. سەیری کەن.. سەیری.

شا لیر:

کچە بەستەزمان و شێتەکەی منیان خنکاند

نا..نا.. چی تر ناژی.. ئاخر بۆ.. سەگ و ئەسپ و مشک بژین

کەچی ئەم هەقی هەناسەیەکی دیکەی نەبێ..؟

ئیتر تەواو.. تەواو.. چی تر نایەیتەوە

هەرگیز.. هەرگیز... هەرگیز... هەرگیز

تکات لێ دەکەم، خنکام.. ئەم قۆپچانەم بۆ بکەرەوە

سوپاس گەورەم.. ئا ئەوە دەبینی..؟ دە تۆ سەیری بکە..

سەیری لێوەکانی

سەیری ئەوێ.. ئەوێ.

(دەمرێت)

ئێدگار:

گەورەم.. گەورەم.. بوورایەوە.

کێنت:

ئەی دڵ شەق بەرە.. لەتوپەت بە

ئێدگار:

... گەورەم.. چاوانت هەڵبڕە.

کێنت:

ڕۆحی ئازار مەدەن.. لێ گەڕێن
با بفڕێ.. ئەم ڕقی لەو کەسە دەبێتەوە
کە دەیەوێ لاشەی بخاتە ناو مەنگەنە
هەموو پارچەیەکی بخاتە ژێر بەرداشێکەوە
لە نێو ئاشی ئەم دونیا بێ بەزەییە.

ئێدگار:

بەڕاستی.. ڕۆی لە دەستمان.

کێنت:

سەیر لەوەدایە کە تائێستا بەرگەی ئەو هەموو مەینەتییەی
گرتووە ئەم بەزۆر چنگی لە ژیان گرتبوو

ئەلبانی:

هەڵیانگرن لێرە.. ئەرکی ئیمڕۆمان خەمێکی گەلێ گەورەیە.
(ڕوو دەکاتە کێنت و ئێدگار)
ئەی هاوڕێیانی گیانی بەگیانم
هەردووکتان بەجووتە ئەم وڵاتە بەڕێوە بەرن
برینی مەملەکەتەکە ساڕێژ کەن



کێنت:

گەورەم.. من سەفەرێکم بەدەستەوەیە
دەبێ زوو دەستی پێ بکەم
پادشاکەم فەرمانم پێ دەکا و.. ناتوانم بڵێم نا

ئێدگار:

دەبێ ملکەچی سەنگی ئەم زەمەنە غەمگینە بین
ئەوەی هەستی پێ دەکەین بیڵێین... نەک ئەوەی کە دەبێ بیڵێین
لە هەمووومان پیرتر زیاتری چەشت..
ئێمەی جحێڵ ئەوە نابینین کە ئەم بینی
نا.. قەتیش بەقەد ئەو ناژین
(بەدەم مارشی پرسەوە دەچنە دەرێ)